وارڤین
گۆڤاریکی ژنانەیە دەزگای(وارڤین) 15 ڕۆژ جارێک دەری دەکات
ساڵی یەکەم/ ژمارەی دووهەم/ ٦٨ لاپەڕە/ ١٥٠٠ دینار/ یەکشەممە ٢ ئۆگۆست ٢٠٠٩


دەشنێ لە وارڤیندا


براو ژنەکەی کوشت


ئۆباما و حیجاب

ژنە کارگێڕێکی کانادیدکراوی مەڵبەندی ٣ی هەولێر بۆ پەرلەمان:

بە گرتەیەکی سێکسی ڕێی لێ دەگیردرێت

" ئەگەر یەکێتی هەڵویستی نەبێت ناوی بەرپرسەکان ئاشکرا دەکەم"

"سەرمایەی ژنان لە لایەن پیاوەوە بەکاردەهێنرێت"

کەرکووک لە بازنەکانی هەڵبژاردن و پێشنیازەکانی دیمستوورا دا

www.netewe.com

warvin.press@yahoo.com

GSM MOBILE SYSTEM

TELECOM

KOREK

WE MINIMIZE THE WORLD



www.korektel.com

وارگین

ناونیشان:
هەولێر
شاری خەونەکان

خاوەن ئیمتیاز: لەنجە عەبدوڵڵا Lanjaebdulla@yahoo.com
سەرپەرشتیاری رۆژنامەوانی: عەبدولڕەحمان عەلی Ebdulrehmaneli@yahoo.com
سەرنووسەر: تامان شاکر tamanrozh@Mail.com
جێگری سەرنووسەر: تەنیا کوردی tanya_kurdy@yahoo.com
بەڕێوەبەری نووسین: بەهرە حەمەڕەش behre2009@yahoo.com
راوێژکاری یاسایی: فەوزیە فەقێ ڕەشید
راوێژکاری دەروونی: د. توانا عەبدولڕەحمان

فایلەکان
کۆمەڵایەتی: تاڤگە عەلی tavga2004@yahoo.com
یاسایی: نەجمەددین حەمەسەعید Yasa_file@yahoo.com
تەندروستی: شیلان یاسین
کولتوور: نارین محەمەد
وەرزش: ئەرسەلان عەبدوڵڵا arsalan sport@gmail.com

نوسینگەکان
کەرکووک: سەماح سەمەد
دهۆک: هەڵز عەلی
IT: نوێکار نەجمەددین

بەڕێوەبەری ڕێکلام و دارایی
ڕێباز عەبدوڵڵا
07504624506



سیاسەت 14

سیستەمی دەوڵەتی عێراق کشتووکاڵیە و لەوسیستەمەشدا کەمتر گرنگی بە ژنان دەدرێت



کۆمەڵایەتی 28

ژنانی دهۆك هێشتا گیرۆدەی دابوونەریتن



وەرزش 38

(فرمێسك وریا) خاتوونە گەورەکەی شەترەنجی عێراق و عەرەب



کار 44

ژنانی بێرسفێ بـــە شاڵ و شەپك دەژین



تەندروستی 48

ژنانی سکپڕ لەبەردەم تووشبوون بە نەخۆشییە دەروونییەکاندان



یاسا 56

بـــازرگـــانـــی کـــۆیـــلـــەی سپـــــی ئـــەوروپـــا و جیهانی هەژاند



کولتوور 64

لۆست، ئەو درامایەی جیهان لەگەڵی ژیا

دوای هەڵوەشانەوەی سیستەمی پاشایەتی لە ئێراندا لە ساڵی ١٩٨٠، (عێبادی) و ژنانی دیکە لە پۆستی دادوەری دوورخراوونەتەوە و دواتر ئەو ژنە لە دادگایەک کە پێشتر کاری تێدا کردبوو، وەکوو سەرۆکی دادگاکە دەستبەکاربوو.
بەگوتەی (شیرین)، لەبەر ئەوەی کە ئارەزووی نەکردووە چیتر درێژە بەو پۆستە بدات، لە سەر داوای خۆی خانەنشین کراوە...

18

بەپێی ئامارە سەرەتاییەکانی کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراق، لیستی کوردستانی ٥٧, ٣٤ ٪ کورسی، لیستی گۆڕان ٢٣, ٧٥٪ کورسی و لیستی خزمەتگوزاری و چاکسازیی ١٢, ٨٠ کورسییان بەدەست هێناوە. بەپێی زانیاری سەرچاوەیەکی ئاگادار بۆ "وارگین"...

22

"حەوت جار لە لایەن خۆشەویستەکەی خوازبێنی کراوە، بەڵام باوکی بەو هاوسەرگیریە ڕازی نەبووە، بۆیە لەگەڵ خۆشەویستەکەیدا ڕۆیشتووە". ئەمە بەسەرهاتی غەریبەیە، سەرەڕای مەترسی کوشتن و ئەو ژیانە دژوارەی هەڵیبژاردووە...

32

جلی بووکێنی، جلێکی جوان و تایبەتە. ڕۆژی بووکێنی یەکێکە لە گرنگترین ڕووداوەکانی ژیانی هەر تاکێک. ئەم ڕۆژە بۆ کوڕ و کچ زۆر گرنگە. لە مێژوودا کچان بەردەوام هەوڵیانداوە...

60

www.nedewe.com

ڕێکخراوی ژنان لە غیابی هەڵوێستدا

یەکێک لە بەرهەمەکانی دوای راپەڕین لەکوردستاندا، لەدایکبوونی چەندین ڕێکخراوی بەناو داکۆکیکار لە بوارەکانی ژنان و ئافرەتان بوون، ئەمەش وایکرد ئەم ڕێکخراوانە بە پاڵپشتی ئەو حیزبە سیاسییانەی بۆ مەبەستی ڕێکخستن و کۆکردنەوەی ئەندامە حیزبییەکانیان دامەزراون، ببنە دەم راست و ڕاوێژکاری ژنانی بەشخور او بێدەسەڵاتی کوردستان.

لێرە ئەوەی جێگای پرسیارە، ئایا ئەم ڕێکخراوانە تا چەند توانیویانە لە گۆڕینی عەقڵیەتی ژنی کورد، کاریگەریان هەبێت ؟ ئایا ئەم ڕێکخراوانە لەو کێشەو گرفتانەی لە کۆمەڵگەی باوکسالاریدا بوونیان هەیە، تا چەند تێگەیشتوون، چونکە بەبێ ئەو تێگەیشتنە زۆر ئەستەمە بتوانن لەسەر گۆڕینی واقعی کۆمەڵایەتی ئەم کۆمەڵگەیەدا کاریگەرییان هەبێت.

بە بۆچوونی من تاکو ئێستا ڕێکخراوی ژنان، ڕێکخراوی "ئیفلیج و بێدەسەڵاتن"، ئەگەر چی لە ڕابردوودا پاشکۆی عەقڵی پیاوانی خێڵ و عەشیرەت بوون، ئێستا پاشکۆی عەقڵی پیاوانی حیزب و دەسەڵاتن، هەر ئەمانەش بوون بەرژەوەندی ژنانی کوردیان بردووەتە ئاستی بەرژەوەندی حیزب و دەسەڵاتە سیاسییەکانەوە. ئەمەش وایکردوە کێشەکانی ژنان بەردەوام لە زیادبوون دابێت.

بەداخەوە ڕێکخراوەکانی ژنان، لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا هێندە دوورەپەڕیزو بێهەڵوێست بوونە، تەنانەت بۆ جارێکیش نەیانتوانیوە هێندە کاریگەربن کە بتوانن کۆمەڵە ژنێکی ئەم وڵاتە بهێننە سەر شەقامەکان و وەک ناڕەزاییەک لە هەمبەر ئەو یاسا ڕەقەڵاتووانەی کە بەدرێژاییی مێژوو لە ژێر پەردەی کلتوور



لەنجە عەبدوڵڵا

بەداخەوە ڕێکخراوەکانی ژنان، لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا هێندە دوورەپەڕیزو بێهەڵوێست بوونە، تەنانەت بۆ جارێکیش نەیانتوانیوە هێندە کاریگەربن کە بتوانن کۆمەڵە ژنێکی ئەم وڵاتە بهێننە سەر شەقامەکان

پرسیارێکم لادروست دەبێت، ئەویش یان ئەوەتا ڕێکخراوەکانی ژنان، گۆڤارو ڕۆژنامەکان ناخوێننەوە، یان ڕەنگە ئەگەر بەرپرسەکانیان هەڵوێستیان هەبێت، کورسییەکانیان لەق ببێت و ئیتر لە جیاتی مۆنیکا بە پیادە هاتووچۆ بکەن

و عەقاییدییە ئاینیەکانەوە لەبەردەم ئازادی و بەدەستهێنانی مافەکانی ژناندا بەربەست بوونە، هەڵوێست وەربگرن.

وەک بینیمان ئەم ڕێکخراوانە لە پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەمجارەدا باشترین و کاریگەرترین ڕۆڵیان لە کۆکردنەوەی زۆرترین ڕێژەی ژنان، لە گووتاری سەرکردەسیاسییەکاندا هەبوو: ڕاستە ئینتیمابوون بۆ هەر حیزب و لایەنێک مافێکی شەرعی هەر هاوواڵتییەکەو یەکێکە لە بنەماکانی دیموکراسییەت لەم وڵاتەدا، بەڵام ئەوەی کە جێگەی سەرنجە، غیابی ئەم هەموو لایەنگر و ئەندامانەی ژنانە لە دەربڕینی هەڵوێستەکانیان بەرامبەر ڕێژەی کوشتن و ئەشکەنجەدانی ژنان و سووکایەتیکردن بەو ئافرەتانەی کە لەبواره جیاجیاکانی وەکو میدیاو سیاسەتدا کاردەکەن.

باشترین بەڵگەش بۆ ئەو مەبەستە، وەک دەیبینین ماوەیەکە چەند کەسانێکی نەفس نزم و نەخۆش بەناوی حزب و ململانێی سیاسیەوە چەندین جار لە ڕێگا کلیپ و سیدی سێکسیەوە بە مەبەستی لادانیان و شکاندنی کەسایەتیان لە ناو کۆمەڵگاو خێزانەکانیاندا، سووکایەتیان بە چەند ئافرەتێکی ئازاو خاوەن هەڵوێست کردووە، بەڵام بەداخەوە تاکو ئێستا هیچ هەڵوێستێکی ئەم ڕێکخراوانەمان تەنانەت لە چوارچێوەی گوتارێک، یان ڕوونکردنەوەیەکدا نەبینی.

بۆیە لە کۆتاییدا پرسیارێکم لادروست دەبێت، ئەویش یان ئەوەتا ڕێکخراوەکانی ژنان، گۆڤارو ڕۆژنامەکان ناخوێننەوە، یان ڕەنگە ئەگەر بەرپرسەکانیان هەڵوێستیان هەبێت، کورسییەکانیان لەق ببێت و ئیتر لە جیاتی مۆنیکا بە پیادە هاتووچۆ بکەن؟!

www.netewe.com

ساڵێک و سێ مانگ سزای زیندان بۆ لەیلا زانا



پەرلەمانتاری پێشووی ئامەد (دباربەکر)ی پارتی دەپ، لەیلا زانا بە تۆمەتی پروپاگەندا بۆ پارتی کرێکارانی کوردستان پەکەکە سزای ساڵێک و سێ مانگ زیندانی بەسەردا سەپێنرا.

بەپێی زانیارییەکان، دادگای تاوانە قورسەکانی ئامەد، لەبەر ئەو قسانەی کە لەیلا زانا پێشتر لە لەندەنی پایتەختی بەریتانیا کردبووی ئەو سزایە بۆ بڕیوەتەوە. پارێزەرەکانی زانا بەناوەکانی جەبار لەیگارا، مەرال دانیش و خەیرەددین گوزەل، ئامادەی دانیشتنی دادگا کە بوون. پێشتر دادگا بەپێی ماددەی ٧ بەندی٢ لە یاسای سزاکان، سزای ساڵێک و شەش مانگی بۆ بڕیبووەوە، بەڵام پاش پێداچوونەوە، بڕیاریدا سزای ساڵێک و سێ مانگ زیندانی بۆ ببڕێتەوە.

لەیلا زانا لە زانکۆی سۆواسی لەندەن گوتبووی، دڵ و مێشک بۆ مرۆڤەکان چ رۆڵێکیان هەیە، عەبدوڵڵا ئۆجەلان و پەکەکەش بۆ کورد وەهان.

سەفین دزەیی: مومکین نییە ببینە بەشێک لە تورکیا



بەرپرسی نووسینگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان سەفین دزەیی لە هەڤپەیڤینێک لەگەڵ رۆژنامەی حوریەتی تورکیدا رایگەیاند کە بە هیچ شێوەیەک هەرێمی کوردستان نابێتە بەشێک لە تورکیا.

ماوەیەکە لە راگەیاندنەکانی تورکیادا، باس لە مۆدێلێکی کۆندفیدراڵ دەکرێت، کە هەرێمی کوردستان (ویلایەتی موسڵ) و تورکیا پێکەوە گرێ بدات، دزەیی لەوبارەیەوە گوتی:" مومکین نییە ببینە بەشێک لە تورکیا و سنوورە سیاسییەکان هەبوونی خۆیان دەپارێزن، بەڵام پێویستە سنوورە ئابووری، کولتووری و سایکۆلۆژییەکان لاببرێن و وەک وڵاتانی یەکێتی ئەورووپا بگەینە ئاستێک کە هەست بە سنوورە سیاسییەکان نەکەین".

ئەمەریکا کورد و عەرەب لە یەکتر نزیک دەکاتەوە

هەفتەی رابردوو رۆبەرت گەیتس، بەمەبەستی لێک نزیککردنەوەی سەرکردایەتی سیاسی هەولێر و بەغدا، سەردانی هەرێمی کوردستانی کرد. وەزیری بەرگری ئەمەریکا لە کابینەی ئۆبامادا رۆبەرت گەیتس، لەمیانەی سەردانەکەیدا دووپاتیکردەوە کە کورد هاوپەیمانی ئەمەریکایە. بەپێی لێدوانی ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، ئاڵا تاڵەبانی، سەردانەکەی گەیتس، بۆ چارەسەرکردنی دۆسیە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا بووە. هاوکات گەیتس، لەو سەردانەیدا باسی لە رێککەوتنی نێوان ئەمریکا و عێراق لەگەڵ بەرپرسەباڵاکانی هەرێمی کوردستان و بەغدا، کردووە.

پەرلەمانتارێک پێشنیاز دەکات کورد لە بەغدا یەک لیستی هەبێت

عادل بەرواری، ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، بەپێویستی دەزانێت کە پارتە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی بەغدا بەیەکگرتوویی و بەیەک لیستەوە بەشداری بکەن.

(بەرواری) بۆ پاراستنی بەرژەوەندی گەلی کورد ئەو بەشداریە بە گرنگ دەزانێت و داوا لە هەموو قەوارە سیاسییەکان دەکات کە بەیەکەوە رێککەوتن بکەن، تا کورد لە بۆ هەڵبژاردنی بەغدا یەک لیستی یەکگرتووی هەبێت.

عادل بەرواری، پرۆسەی هەڵبژاردنی کوردستانی، بە دیموکراتیک و شەفاف وەسفکرد و لەو رێگەیەشەوە داوا لە قەوارە سیاسییەکان دەکات کە لەگەڵ بارزانی و تالەبانی، گفتوگۆ بکەن.

کرماشان: ژنێک بە هۆی هەژاری خۆی دەکوژێت

وارڤین- ئیرنا: رۆژی پێنج شەممەی رابردوو ژنێکی تەمەن ١٨ ساڵان بەناوی (م. ک.) لە شاری هەرسینی سەر بە پارێزگای کرماشان لە رۆژهەڵاتی کوردستان خۆی کوشتووە.

بەپێی ئەو زانیارییانەی کە لە زاری دراوسێکانیەوە راگەیەندراون، تەنیا هۆکاری خۆکوشتنی ئەو ژنە کەم تەمەنە هەژاری و دەستکورتی بووە. (م.ک) بە خواردنی دەرمان کۆتایی بە ژیانی خۆی هێناوە. جێی ئامازەیە کە لە سەرانسەری پارێزگای کرماشان شارەکانی هەرسین و سەرپێڵی زەهاو بەرزترین ڕێژەی خۆکوژییان تێدایە.



گەندەڵی: ئۆتۆمبیلی حکوومی وەزیری ئەڵمانی لە ئیسپانیا چی دەکرد؟

لەشاری "ئالیجانت"ی ئیسپانیا، ئۆتۆمبیلی وەزیرێکی حکوومەتی ئەڵمانیا دزرا و ئەوەش کێشەیەکی گەورەی لێکەوتەوە. بەرهەڵستکارانی حکوومەتی ئەڵمانی رەخنەیان لە وەزیری تەندروستی گرتووە و بە لەناوبردنی پارەی گەل تۆمەتباریان کردووە.

وەزیری ئەڵمانی" ئولا سشێمیدت" کە لە کەنارەی سپی شاری ئالیجانت لە پشوودا بوو، ئۆتۆمبیلەکەی لێ دزرا کە مارکی مێرسێدێس بێنزی تایبەت بوو، بەڵام وەک ئاژانسی داپ بڵاویکردووەتەوە، لەبەر ئەوەی ئۆتۆمبیلەکە سەرنجی دزەکەی رانەکێشاوە پاش چەند رۆژ، هێنابوویەوە شوێنی خۆی. شرۆڤەکارانی سیاسەتی ئەڵمانیا وای بۆ دەچوون، ئەو گەندەڵییە کار لە هەڵبژاردنە فیدراڵییەکان کە لە٢٧ ئەیلولدا بەڕێوە دەچێت، بکات و کاریگەری نەرێنی لەسەر هاوبەندی حکوومەتی راوێژکاری ئەڵمانیا ئەنگێلا مێرکل دابنێت.

بەپێی شرۆڤەکاران دزرانی ئۆتۆمبیلی وەزیری ئەڵمانی کێشەیەکی گەورە نییە، چونکە ئۆتۆمبیل دێن و دەچن، بەڵام ئەگەر کورسییەکی وەزارەت لەدەست چوو قەت ناگەڕێتەوە.

عەبدوڵڵا گول و هەڵبژاردنەکانی کوردستان

سەرۆککۆماری تورکیا عەبدوڵڵا گول لە لێدوانێکدا باسی هەڵبژاردنەکانی کوردستانی کرد و گوتی کە ئەو هیوادارە ئەو هەڵبژاردنانەی لە هەرێمی کوردستان ئەنجامدراون، لەگەڵ خۆیاندا ئاشتی و ئارامی بۆ هەرێمەکە بێنن.

گول لە میانەی قسەکانیدا دەست نیشانی کرد کە هەرێمی کوردستان بەشێکە لە عێراق و دووپاتێکردەوە کە چارەسەرکردنی کێشەی وڵاتانی دراوسێ بۆ تورکیا باشە. ئەم قسانەی گول بە پێچەوانەی هەندێک لە راگەیاندنەکانی تورکیایە کە پرۆسەی هەڵبژاردنی هەرێمی کوردستانیان بە نادیموکراتیک لە قەڵەم دابوو.

لە پارێزگای وان لافاو هەڵسا

شەوی پێنج شەممەی رابردوو لە ناوچەی قەرقەلی وان لە باکووری کوردستان لە ئەنجامی بارینی بارانێکی بە لێزمەدا لافاو هەستا و زیانی ماددی بە دانیشتوانی ناوچەکە گەیاند. بەپێی زانیارییەکانی ئاژانسی دیجلە لافاوەکە لە شەقامی جمهوریيەت و پیشەسازی و کۆڵانی ئیستاسیۆندا زیانی بەچەندین ماڵ گەیاندووە. لەوبارەیەوە شارەوانی ناچەی قەرقەلی بە دیجلەی راگەیاندووە کە لافاوەکە زیانی گیانی نەبووە، بەڵام لەباری ماددییەوە زیانێکی زۆری بە هاوڵاتیان گەیاندووە.

فەلەستین: مەحموود عەباس لەگەڵ جورج میشێل کۆ دەبێتەوە

سەرۆکی دەسەڵاتی فەلەستین مەحموود عەباس، لەگەڵ نوێنەری تایبەتی سەرۆک کۆماری ئەمەریکا بۆ کاروباری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کۆ بووەوە. میشێل رۆژی دووشەممە لەکاتی گەڕانەوە لە میسر چووە رامەڵڵا لە کەنارەی رۆژئاوای رووباری ئوردن و لەگەڵ مەحموود عەباس وتووێژی کرد. ئەم دیپلۆماتە ئەمەریکیە هەوڵدەدات کە دووبارە پرۆسەی چەقبەستووی وتووێژی ئاشتی نێوان عەرەب و ئیسرائیل، وەگەڕ بخاتەوە و لەم چوارچێوەیەشدا لەگەڵ سەرۆک کۆماری ئیسرائیل وتووێژی کردووە.

www.netewer.com

گەورەدزەکان دەبنە گەورە راوێژکاری ئەمنی پۆلیس

پۆلیسی هەرێمی هاتفۆردشایەری بەریتانیا ١٢ کەس لەو تاوانبارانەی کە هەزاران تاوانی دزییان ئەنجامداوە وەک گەورە راوێژکاری ئەمنی دامەزراندووە. بەپێی هەواڵێکی رۆژنامەی ئیندیپێندێنتی بەریتانی پۆلیسی ئەو وڵاتە بۆ بەرەنگاربوونەوەی دزەکان بڕیاریدا کە بۆ دۆزینەوەی دزەکان، راوێژ بە ١٢ دزی دەستگیر کراو بکات و لە بەرامبەر ئەوەشدا حوکمەکانیان سووک بکات.

پۆلیسی بەریتانیا بڕیاریدا کە باشترین هۆکاری بۆ بەرەوڕووبوونەوە و دۆزینەوەی تاوانکاران بەکارهێنانی تاوانبارە دەستگیراوەکانە و لە بەرامبەریشدا هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی حکوومەت ئەو کارە بە بڕیارێکی هەڵە ناودێر دەکەن.

بەپێی زانیارییەکانی ئیندیپێندێنت مەرجی پۆلیس بۆ دزەکان ئەوە بووە کە دەبێت دانیان بە سەرجەم تاوانەکانیاندا نابێت و هەروەها پاشان لە خولی راهێناندا بەشداربیان کردبێت.

چوارەمین فیستیڤاڵی فیلمی کوردی لە مانچستەر بەڕێوە دەچێت

ناوەندی داهێنانی فیلمی کوردی لە شاری مانچستەر بۆ بەرەوپێشبردنی پیشەسازی فیلمی کوردی و لێکنزیککردنەوەی تواناکان و بەهێزکردنی پێگەی فیلمی کوردی لە جیهانی فیلمدا، چوارەمین فێستیڤاڵی فیلمی کوردی ساز دەکات. لەم فێستیڤاڵەدا فیلمە بەهێزەکانی سینەمای کوردی وەک (سرتە لەگەڵ با)ی دەرهێنەر شەهرام عەلی، و (ساتێک بۆ مەستی ئەسپەکان) و (گۆرانییەکانی وڵاتی دایکیم)ی دەرهێنەر بەهمەن قوبادی، فیلمی (ژانی گەل) و (شیوەنی بەفری)ی جەمیل رۆستەمی و(بۆنی سێو)ی رێبین عەساف و (وڵاتی ئەفسانە)ی رەحیم زەبێحی و (هەرمان)ی حوسێن حەسەن، لەگەڵ کۆمەڵێک کورتە فیلمدا، نمایش دەکرێن. چوارەمین فیستیڤاڵی فیلمی کوردی لە مانچستەر لە رۆژانی١٤-٢٠٠٩/٨/١٦ لە کۆرنەرهاوس سینەما، ئۆکسفۆرد رۆد لە تەنیشت ئۆکسفۆرد، رۆد ستەیشن، بەرامبەر بە پاڵایس هۆتێل بەڕێوە دەچێت.

ژنانی ئامەد پۆلیسیان سەرکۆنە کرد

ئەندامانی مەجلیسی ژنانی شاری ئامەدی باکووری کوردستان چوارشەممەی رابردوو خۆپیشاندانێکی ناڕەزایەتییان لە بەرامبەر پۆلیسی شارەکەیان بەڕێوەبرد و داوایان لە بەرپرسانی تورکیا کرد، ئەو پۆلیسەی دەستدرێژی کردووەتە سەر ئەندامێکیان، دادگایی بکات و بە سزای بگەیەنێت. لە رۆژی٢٥.ی حوزەیراندا چوار پۆلیسی مەدەنی کە دووانیان جلوبەرگی ژنانەیان لەبەر کردبوو هەڵیانکوتابووە سەر ماڵی ئەندامێکی بزاڤی ژیانی ئامەد پاش پشکنینی ماڵەکەی، دەستدرێژیان کردبووە سەری.



موجاهیدەکان دەچنەوە ئێران!

سەرۆکی" ئەنجوومەنی نەتەوەیی موقاوەمەی ئێران" مریەم ڕەجەوی، دەڵێت کە بەپێی چەند مەرجێک دانیشتوانی کەمپی ئەشرەف، ئامادەن بۆ ئێران بگەڕێنەوە. بەپێی بەیاننامەیەکی مریەم ڕەجەوی، ئەگەر حکوومەتی ئێران لە" نامەیەکی فەرمی"دا بەڵێن بە نەتەوەیەکگرتووەکان، خاچی سووری نێودەوڵەتی و حکوومەتی ئەمەریکا و عێراق بدات کە ئەندامانی موجاهیدین پاش گەڕانەوە بۆ ئێران" دەستگیر و ئەشکەنجە یان لە سێدارە نادرێن و ئازادییان دەبێت"، دانیشتوانی کەمپی ئەشرەف ئامادەن بۆ ئێران بگەڕێنەوە.

www.nete.com

لیستی خزمەتگوزاری و چاکسازی ئەنجامە بەراییەکان رەت دەکاتەوە

دوای راگەیاندنی ئەنجامە بەراییەکانی هەڵبژاردنەکان لەلایەن کۆمیسیۆنی باڵاوە، لیستی خزمەتگوزاریو چاکسازی (چوار حیزبەکە) ئەو ئەنجامانە رەت دەکەنەوە، تا ئەو کاتەی سکاڵاکانیان لەلایەن کۆمیسیۆنەوە یەکلایی دەکرێتەوە. بەشیر محەمەد، نوێنەری لیستی خزمەتگوزاریو چاکسازی لە کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لەهەرێم، لەلێدوانێکدا بەهاوڵاتی گوتووە:"ئێمە ئەو دەرئەنجامە بەراییانەی راگەیەندراوە، رەتدەکەینەوە، چونکە پێشێلکاری زۆر لە لایەن لیستەکەی پارتیو یەکێتییەوە بەرانبەر بەلیستەکەمان ئەنجام دراوە".

گوتیشی:" نزیکەی ٦٠٠ سکاڵامان لای کۆمیسیۆن تۆمار کردووە، تا بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە لەو سکاڵایانە نەکرێت، ئەو دەرئەنجامانە بەوردی قەناعەتمان پێناکەنو قبوڵی ناکەین".

یەکێتی ئەورووپا هەڵبژاردنی کوردستانی بە سەرکەوتوو لە قەڵەم دا

یەکێتی ئەورووپا، بەبۆنەی سەرکەوتنی پرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمان و سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بەڕەسمی پیرۆزبایی لە خەڵکی هەرێمی کوردستان کرد.

سەرۆکایەتی یەکێتی ئەورووپا لە بەیاننامەیەکدا، ڕوونیکردۆتەوە، کە یەکێتیەکەیان چاودێری تایبەت و پسپۆڕانیخۆیان ڕەوانەی هەڵبژاردنەکە کردووە و بەشێوەیەکی چڕوپڕ سەردانی بنکەکانی دەنگدانیان کردووە و چاودێری چۆنیەتی بەڕێوەچوونی پرۆسەکەیان کردووە. لەبەیاننامەکەدا هاتووە کە هەڵسەنگاندنە سەرەتاییەکان دەریانخستووە کە هەڵبژاردنەکە لە کەشێکی ئارام و پڕ لە ململانێی نێوان لیستەکاندا بەڕێوەچووە، ئەو ڕێژە زۆرەی بەشداربووان لە دەنگدانەکەش کە ٪٧٨,٥ی تێپەڕاند، پابەندبوونی خەڵکی کوردستان بە خواستی سیاسیانەوە و دیموکراتیانەی ئەو هەرێمە پیشان دەدات.

گەورەترین دزی لەبەغدا ئەنجامدرا

ڕۆژی ٣ شەممە گەورەترین دزی لەبانکێکی ناو بەغدا ئەنجامدرا، کە گروپێک چەکداری نەناسراو بڕی ٦ ملیۆن دۆلاریان دزیو هەشت پۆلیسی پاسەوانی بانکەکەشیان کوشت، ئەم دزییەش بە گەورەترین دزی دادەنرێت لەدوای ڕوخانی ڕژێمی پێشوەوە.

ژمارەیەک چەکداری نەناسراو ڕۆژی ٧/٢٨ هەڵیانکوتاوەتە سەر لقێکی بانکی رافیدین لەناوەڕاستی شاری بەغداو ٦ ملیۆن دۆلاری بانکەکەیان دزیوەو هەشت پاسەوانی بانکەکەشیان کوشتووە.

لەدوای ڕوخانی ڕژێمی پێشوەوە چەندین دزی گەورە ئەنجامدراوە، لە حوزەیرانی ٢٠٠٥دا کۆمەڵێک دز چونە سەر بانکێک لەرومادی و بڕی ٥،١٣ ملیۆن دۆلاریان دزی.

عارف تەیفوور: دەبێت یاسایەکی تایبەت بۆ کەرکووک دابنرێت

جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق (عارف تەیفوور)، لە بارەی کێشەکانی تایبەت بە یاسای هەڵبژاردن بە گشتی و هەڵبژاردن لە کەرکووک بە تایبەتی، لە لێدوانێکی تایبەت بە ڕۆژنامەی "هەولێر"دا، ڕایگەیاند کە پەرلەمانی عێراق، تا ئێستا نەگەییشتووەتە هیچ ئەنجامێکی ئەوتۆ، لە سەرەتای مانگی هەشتیشەوە تا پانزەی هەمان مانگ، دەبێ یاسای هەڵبژاردنی کۆن هەموار بکرێت، یان یاسایەکی تایبەت دابندرێت. (تەیفوور) سەبارەت بە بیرۆکەی دابەشکردنی کەرکووک بۆ چوار بەش، ئاشکرای کرد کە ئەم بیرۆکەی دابەشکردنە سەراپا، ڕەت دەکرێتەوە و بە تووندی دژی دەوەستینەوە.

کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کۆسپ لەبەردەم مادەی ١٤٠ دا دروست دەکات

دکتۆر (مەحمود عوسمان) سیاسەتمەدارو پەرلەمانتاری عیراق بەئاژانسی هەواڵی ناوخۆی ڕاگەیاند، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ژێربەژێرو بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ کۆسپ دەخاتە بەردەم لیژنەی جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠)، چونکە سەرجەم ڕاپۆرتو ڕاسپاردەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بەکێشەی کەرکوکو ناوچە جێناکۆکەکانی دیکە، ئاماژە بەوە دەدەن کە جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠) کارێکی ئەستەمەو پێویستە کورد چاوی پێدا بخشێنێتەوە.

فروانکردنی شەقامێك چەندین باخچە دەخاتە مەترسی وشکبوونەوە

زاری کرمانجی

لە گەڕەکی وەردە لە سەنتەری قەزای چۆمان، لە لایەن شارەوانی چۆمان شەقامەکە فروان دەکرێت، بەڵام بەهۆی تێکچوونی جۆگەی ئاودێری، مەترسی لە وشکبوونی باخەکانیان دەکرێت .

مەحموود برایم، بە نوێنەرایەتی ٢٥ هاوواڵتیی ئەو گەڕەکە، بە زاری کرمانجی گوتووە: "سوپاسی حکوومەت دەکەین کە ئەو شەقامەی بۆ فراوان کردین، راستیەکەی دەبووایە لەگەڵ فراوان بوونی ئەو جۆگایەش کۆنکریت کرابایە، کە درێژییەکی تەنها ٢٠٠م دەبێت، چونکە ئێستا زۆربەی باخچەکانمان مەترسی وشکبوونیان لێدەکرێت. ئێمە بەم جۆگەیە توانیمانە گەڕەکەکەی خۆمان بە سەوزاییەکی باش دابپۆشین، بۆیە داوامان لە لایەنی

عوسمان شوانی: هەرێم دەتوانێت ئەمساڵ سەرژمێریی گشتی ئەنجام بدات

کوردستانی نوێ

حکومەتی هەرێمی کوردستان پێدادەگرێت لەسەر وادەی سەرژمێری گشتی لەکوردستان و عیراق کە بڕیارە ١٠/٢٤ ئەنجام بدرێت.

عوسمان شوانی، وەزیری پلاندانانی هەرێم لەلێدوانێکی تایبەتدا بۆ کوردستانی نوێ ئەم هەواڵەی پشتڕاستکردەوەو ئامادەیی تەواوی وەزارەتەکەی بۆ ئەو سەرژمێرییە دەربڕی و وتی: د.مەهدی، سەرۆکی دەزگای ناوەندی ئامار لەعیراق و نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان کە چاودێرو هاریکاری سەرژمێرە لەڕێکخراوەی بەشی سەرژمێری UNFPA هاتن قەناعەت بە حکومەتی هەرێمی کوردستان بێنن بۆ دواخستنی سەرژمێری گشتی، بەڵام حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەمەی ڕەتکردەوەو ئامادەیی تەواوی لەسەرجەم بوارەکان کردووە.

لە ئەنکەرە باس لە چارەنووسی کەمپی مەخمور کرا!

جەماوەر نیوز

بەگوێرەی سەرچاوەکانی هەواڵ لە کۆبوونەوەی هاوبەشی نێوان تورکیاو عێراق و ئەمەریکا، کە هەفتەی ڕابردوو لە ئەنکەرەی پایتەختی تورکیا دەستی پێکرد، باس لە هەوڵەکانی دژایەتی پەکەکە کراوە.

لەو کۆبوونەوەیەدا کە بەشیر ئاتالای وەزیری ناوخۆی تورکیا سەرۆکایەتی دەکات، شیروان وائیلی وەزیری ئاسایشی نیشتمانی عێراق سەرۆکایەتی شاندی عێراقی دەکات و نەجیب عوسمان وەک نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان تێیدا بەشدارە و ژنەڕاڵ ستڤن هامر، یاریدەدەری فەرماندەی هێزەکانی ئەمریکا لەعێراق سەرۆکایەتی شاندی ئەمریکا دەکات.

ئەحمەد تورک: حکوومەت پرۆژەی چارەسەری نییە

Azadiya Welat

هاوسەرۆکی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتیک ئەحمەد تورک ڕایگەیاند کە حکوومەت مەبەستی خۆی باش دەربڕیوە، بەڵام بەداخەوە تا ئێستا هیچ پرۆژەیەکی بۆ چارەسەری پێ نییە. تورک داوای لەهەموو لایەنەکانی ناو پرۆسەی سیاسی تورکیا کرد کە لە گەڕان بەدوای چارەسەریدا دوانەکەون و بۆ چارەسەریش پرۆژەی د.ت.پ و عەبدوڵڵا ئۆجەلان لەبەر چاو بگرن. تورک جەختی لەوە کردەوە کە پێویستە داخوازی ٢٠ پەرلەمانتاری کورد کە نوێنەرایەتی٢٠ ملیۆن کورد دەکات لەبەرچاو بگیردرێت، چونکە ئەوان جگە لە چارەسەری پرسی کورد و دیموکراسی هیچی دیکەیان ناوێت.

مالیکی پیرۆزبایی لە بارزانی کرد

peyamner

"نوری مالکی" سەرۆکوەزیرانی عێراقی فیدراڵ، بە بۆنەی دووبارە هەڵبژاردنەوەی، وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان و ئەنجامدانی پرۆسەی هەڵبژاردنی هەرێمی کوردستان بە سەرکەوتوویی، پیرۆزبایی لە "مەسعود بارزانی" سەرۆکی هەرێمی کوردستان کرد.

لەم بارەیەوە، دکتۆر "فوئاد حوسێن" سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان لە لێدوانێکدا ڕایگەیاند؛ "نوری مالکی" سەرۆکوەزیرانی عێراقی فیدراڵ، لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا، بە بۆنەی دووبارەی هەڵبژاردنەوەی وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان، پیرۆزبایی لە مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کردووە.

www.peteye.com



Photo هێمن

www.netewe.com

عەزیمە بابۆڵی:

خۆزگە بیانکوشتبام، بەڵام بە مەسەلەی ئەخلاق شەڕیان لەگەڵ نەکردبام

کارگێڕێکی مەڵبەندی ٣: نابێ رووداوەکە پەردەپۆش بکرێت

هەولێر

ژنە کارگێڕێکی مەڵبەندی ٣ی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەهەولێر، ژمارەیەک لەبەرپرسانی مەڵبەندەکەی بەوە تۆمەتبار دەکات کە بەهۆی ململانێی کوتلەگەرییەوە ناوبانگیان زڕاندووە. ناویان خستووەتە سەر گرتەیەکی سێکسی و بەنێو هەموو کۆمیتەو دەزگاکانی دیکەی یەکێتیدا لەهەولێر بڵاویان کردووەتەوە، کەچی دواتر دەرکەوتووە ئەو ژنەی لەو گرتە سێکسییەدا دەردەکەوێت، ئەو نییەو ژنێکی ترە. ئەو لەگەڵ ئەوەی سەرکردایەتی یەکێتی ئاگادار کردووەتەوە کە تاوانباران سزابدەن، هەڕەشەی ئەوەش دەکات کە ناوی ئەوانەی دەستیان لەو کارەدا هەیە، ئاشکرا دەکات.

کێشەی عەزیمە، ئەوەیە کە ناوی خراوەتە سەر ئەو گرتە ڤیدیۆییەی تیایدا ژن و پیاوێک دەردەکەون کە خەریکی سێکسن. ئێستا ئەو گرتەیە بەنێو ڕێکخستنەکانی یەکێتیدا دەستاودەستی پێدەکرێ و عەزیمەش دەڵێت:" ئەو کارە بەئەنقەست بۆ شکاندنی من و ناوزڕاندنی من و بنەماڵەکەم کراوە. بەپێی قسەی عەزیمە، دوای بەدواداچوون دەرکەوتووە ئەو ژنەی لەو گرتەیەدا دەردەکەوێت ناوی (ب)ەیەو بە (ب. ئێرانی) ناسراوە، کە مانگ بەر لە ئێستا لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیرکراوە.

لەگەڵ بانگەوازی بەردەوامی حکوومەت و حیزبە سیاسییەکان و دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان بۆ بەشداریی زیاتری ژنان لەکایە جیاجیاکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی هەرێمی کوردستاندا، بەڵام چەندین کێشەی وەک ئەوەی عەزیمە، بەرەوڕووی ژنانی چالاک دەبێتەوە و هێشتا لەمپەری ڕاستەقینەیەو زۆرجاریش ژنان بەهۆی ئەو ناوزڕاندنەوە باجی گەورە دەدەن.

عەزیمە دەڵێت:" ئەو کلیپە لە مەڵبەندەوە بڵاوکرایەوە، دوای ئەوەی زانییان ڕەنگە مەترسی هەبێت لەوەی ئەو کەسانەی دەستیان لە دروستکردنیدا هەبووە ئاشکرابن، کلیپەکەیان بەسەر کۆمیتەکانی دەوروبەر و مەڵبەندەکان و داموودەزگاکانی یەکێتیدا دابەشکرد".

لەبارەی ئەو کەسانەش کە دەستیان لە دروستکردنی کلیپەکەدا هەبووە، دەڵێت:" ئەوانەی بڵاویان کردووەتەوە، لە ئاستی بەرپرسیارێتیدان". بەڵام بەکر مستەفا بەرپرسی مەڵبەندی ٣ی یەکێتی لە هەولێر، دەڵێت:" ئەو کارەی لەدژی عەزیمە کراوە لە دەرەوەی مەڵبەند بووە".

عەزیمە باس لەوە دەکات کە بە بەڵگەوە دەزانێت ئەو کەسانە لەناو مەڵبەندن و دەشزانێت کێن ئەوانەی بڵاویان کردووەتەوە. بەڵام بەکر مستەفا ڕەتیدەکاتەوە ئەو کێشەیە پەیوەندی بەمەڵبەندەوە هەبێت. بەهۆی ئەوەش کە بەرپرسانی یەکێتی بەڵێنیان داوە لەنێو خۆیاندا کێشەکە چارەسەر بکەن، عەزیمە تائێستا سکاڵای تۆمار نەکردووە.

بەگوتەی عەزیمە، لە مەڵبەند لیژنەیەک بۆ لێکۆڵینەوە پێکهێنراوە و ئەو لیژنەیە لەسەر ئەو مەسەلەیە، یەکە یەکە ئەو کەسانە بانگ دەکەن کە جێگەی گومانن. ئەو دەڵێت:" زۆرم داوا لێکردن ناوەکانیانم بدەنێ، بەڵام نەیاندامێ و گوتیان پێمان باش نییە لە ڕاگەیاندن بڵاوبێتەوە و لە دادگاش سکاڵا بکرێت. دەترسێن کێشەی دیکەی لێبکەوێتەوە".



کارگێڕێکی مەڵبەندی ٣ی یەکێتی نیشتمانی کوردستان عەزیمە بابۆڵی

www.nerve.com







عەزیمە، ئەوە دەخاتەڕوو کە هەندێ لەو کەسانەی دەستیان لە بڵاوکردنەوەی ئەو کلیپەدا هەبووە لە هاوڕێ نزیکەکانی ئەون، دەڵێت:" من هێندەی بەوە نیگەرانم کە کلیپێکی وایان لەسەر من دروستکردووە و بڵاویان کردووەتەوە، دوو هێندە نیگەرانم بەوەی کە هاوڕێ نزیکەکانی خۆم ئەو کلیپەیان بڵاوکردووەتەوە. چەندین ساڵە ئەوانە لەگەڵ من کاردەکەن و من باش دەناسن".

ئەندامی پەرلەمانی کوردستان خەمان زرار، لەگەڵ ئەوەیدا ئەو کردەوەیە مەحکووم دەکات، بە "وارقینی" ڕاگەیاند کە بڵاوکردنەوەی ئەو جۆرە کلیپانە ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێت کە لە وڵاتی ئێمەدا تا ئێستاش پرسی ئەخلاق وەک چەکێک لەدژی ژنان بەکار دەهێنرێت. خەمان زرار دەڵێت:" من وەک کادیرێکی یەکێتی، پێمناخۆش بوو کە کادیرێکی هاوڕەگەزی من شتێکی وەهای بۆ هەڵبەستریێت، لەکاتێکدا ئێمە، خۆمان بە حزبێکی مەدەنی و عەلمانی و دیموکراتخواز دادەنێین".

بەقسەی خەمان، حیزب لەو پرسە بێبەرییە، بەڵام ئەوە ڕەت ناکاتەوە کە ڕەنگە چەند کەسێکی نەفسنزم لە ناو حیزب، یان لەدەرەوە دەستیان لەو کارەدا هەبووبێت. خەمان، هەروەها هیوادارە کە ئەو کەسانە لەڕێگای لیژنەیەکەوە بدۆزرێنەوە و بە زووترین کات ڕادەستی دادگا بکرێن.

سەعدی عەلی کارگێڕی مەڵبەندی٣ کلیپەکەی نەبینووە، بەڵام دەڵێت ئەوەی ئەو کلیپەی بینیووە، دەزانێ ئەو ژنەی بەکارهێناوە عەزیمە نییە، لیژنەیەکیان داناوە و ڕوونکردنەوەش لە مەڵبەند دەرچووە، لەئەنجامی لێکۆڵینەوەکە

> خەمان زرار دەڵێت:" من وەک کادیرێکی یەکێتی، پێمناخۆش بوو کە کادیرێکی هاوڕەگەزی من شتێکی وەهای بۆ هەڵبەستریێت، لەکاتێکدا ئێمە، خۆمان بە حزبێکی مەدەنی و عەلمانی و دیموکراتخواز دادەنێین"

دەرکەوتووە کە ئەوە ژنێکی دیکەیە و عەزیمە نییە، بەڵام بەکر مستەفا ڕەتیکردەوە کە لەنێو مەڵبەند لیژنە بۆ ئەو مەبەستە پێک هێنرابێت. سەبارەت بە لیژنەکەش خەمان، گوتی، ئەو لیژنەیە بەس بۆ ئەوە دروستکراوە کە دەستنیشانی ئەو ئافرەتەی لە کلیپەکەدایە بکات کە عەزیمەیە، یان نا. خەمان، گوتی:" دەبێت ئەو پرسە ڕادەستی لیژنەیەکی تایبەت بکرێت و تەنیا کەسێکیش کە ئەو مافەی هەیە، عەزیمە، خۆیەتی".

کلیپەکە پەیوەندی بە هەڵبژاردنەوە هەبووە

بەکر مستەفا، دەڵێت:" زۆرم پێناخۆشە کە ئەو کارە بەرامبەر عەزیمە کراوە، چونکە ژنێکی چالاکە و ئەوانەی ئەو کارەیان کردووە، دوژمنی یەکێتین و دەیانەوێت ئێمە لەکەدار بکەن".

لەبارەی ئەوەی کە ئاخۆ چ مەبەستێکی لەپشتە، گوتی:"ڕەنگە لەبەر هەڵبژاردن بووبێت، چونکە ئەو ژنە پاڵێوراوی پەرلەمان بوو".

عەزیمە، هەڕەشە دەکات و دەڵێت:" ئەگەر یەکێتی هەڵوێستی نەبێت، ناوی هەموو ئەوانە بڵاودەکەمەوە کە دەستیان لەو کارەدا هەبووە". ئەو دەڵێت:" ئەوەندەی ئەندامانی یەکێتی لە مەڵبەندی ٣ـی هەولێر، سەرقاڵی بڵاوکردنەوەی گرتە سێکسییەکە بوونە، ئەوەندە سەرقاڵی هەڵبژاردن نەبوون.

عەزیمە، باس لەوە دەکات کە ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی، سەعدی ئەحمەد پیرە، لەسەر داوای ئەو نامەیەکی بۆ مام جەلال نووسیوە، دەڵێت:"منیش نامەیەکم بۆ نارد و وەک کادیرێکی ئەم حیزبە کە تا ئێستا بەبێ هیچ بەرامبەرێک کارم بۆ کردووە و وەک خوشکی شەهیدێک کە ئەو داکۆکی لەمافی ژنان دەکات، ئاگادارم کردووەتەوە کە چۆن ناویان زڕاندووم، تکام لێکرد هەڵوێستی هەبێت، بەڵام تا ئێستا لە هەڵوێستی بەرپرسیان ئاگادار نەکراومەتەوە".

www.rojnews.com

هەروەها دەڵێت:" برادەرانی مەڵبەندی ٣ ئەو کارەیان زۆریان پێناخۆش بوو، زۆربەیان هاتنە لام و دڵیان دامەوە و گوتیان حەزناکەین راگەیاندن بەم کارە بزانێت. ئەوەبوو لە ٢٠٠٩/٧/٤ ڕوونکردنەوەیان بۆ سەرجەم دامودەزگاکان و کۆمیتەکانی یەکێتی لە دەوروبەری هەولێر نارد".

عەزیمە هەروەها گوتی:" ئەو کەسانەی ئەوەیان بڵاوکردووەتەوە خۆزگە بیانکوشتبام، بەڵام بە مەسەلەی ئەخلاق شەرمان لەگەڵ نەکردبام، چونکە لەکۆمەڵگای ئێمەدا تاکە چەکێک بۆ شکاندنی ژن شەرەف و ئەخلاقە".

عەشیرەتەکەم بێدەنگ نابێت

عەزیمە، دەڵێت:" ڕاستە من کارگێڕی مەڵبەندم، بەڵام من ژنێکم بنەماڵەکەمان عەشایەرە، ئەگەر خۆشم بێدەنگ بم، عەشیرەتەکەم لەو مەسەلەیە بێدەنگ نابێت، چونکە ناوی ئەوانیش زڕاوە و کە تا ئێستاش بێدەنگن لەبەرئەوەیە، چاوەڕێی هەڵوێستی یەکێتین".

لەدوای بڵاوبوونەوەی کلیپەکە عەزیمە، بۆ بەدرۆ خستنەوەی، نامەیەکی ئاراستەی سەرجەم هەڤاڵانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان کردووە. وەک عەزیمە گوتی، بۆ سزادانی تاوانباران، بەنیازە پەنا بۆ مام جەلال و سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکوومەت و هەردوو جێگرەکەی مام جەلال و مەکتەبی ڕێکخستن و ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی ببات. عەزیمە دەڵێت:" ئەگەر یەکێتی هەڵوێستی ڕوون نەبێت، هانا بۆ دادگاش دەبەم، دەبێت ئەوانەی پەیوەندییان بەو کارەوە هەیە لە هەر پۆستێک بن، دەستگیربکرێن. هانا بۆ ڕێکخراوەکانی ژنان و کۆمەڵگەی مەدەنیش دەبەم و داوا دەکەم بۆ پاڵپشتیکردنم کەمپینێک دروست بکرێت". بەڕای عەزیمە، ئەوانەی گرتەکەیان بڵاوکردووەتەوە هیچ جیاوازییەکیان لەگەڵ ئەو کەسانەدا نییە کە ناوی ئەویان لەسەر نووسیوە. سامالّ عەبدوڵڵا، کارگێڕی مەڵبەندی ٣ی یەکێتی، ئەو کارە بەشتێکی ناشیرین دەزانێت و داوا دەکات لێکۆڵینەوە لەو مەسەلەیە بکرێت و سزای ئەو کەسانە بدرێ کە ئەو کارەیان کردووە.

لەبارەی ئەوەش کە ئایا لیژنە لە مەڵبەند دروستکراوە بۆ ئەو مەسەلەیە، گوتی:" بەڵێ من ئاگادارم کە لە مەڵبەند لیژنە دانراوە، بەڵام بەهۆی هەڵبژاردن نازانم کاری لیژنەکە گەیشتووەتە کوێ". ئەو کارگێڕە دەڵێت:" من لەگەڵ ئەوەدا نیم ئەو ڕووداوە پەردەپۆش کرێت، من بەهەموو توانای خۆم پشتگیریم کردووە".

عەزیمە پێش هەڵبژاردن، بەکۆی دەنگی ئەنجوومەنی کارگێڕی و بەرپرسی مەڵبەند و جێگرەکانی، بۆ ئەندامی پەرلەمانی کوردستان کاندید کراوە، کەچی دواتر ناوی لەنێو کاندیدەکانی یەکێتیدا نەماوە، بۆیە ئەویش دەست لە کارکێشانەوەی خۆی لە پۆستی کارگێڕی مەڵبەند پێشکەش کردووە، بەڵام تا ئێستا داواکەی قبوڵ نەکراوە.



پرۆفایل:

عەزیمە بابۆڵی:

١٩٩١/٤/٢٠، پەیوەندی بە یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە کردووە.

لە ١٩٩٣ پەیوەندی بە کۆمیتەی ڕێکخستنی خوێندکارانەوە کردووە.

تا ١٩٩٤ لە پەیمانگەی کادیرانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان خوێندکار بووە.

تا ١٩٩٦ وەک لێپرسراوی کەرت، لە کۆمیتەی پەیوەندی خوێندکاراندا کاری کردووە.

جێگری کارگێڕی کۆمیتە بووە.

لە شاری کۆیە بەرپرسی ڕاگەیاندن بووە.

دواتر بەهۆی تەکەتوولات و ململانێی حیزبییەوە، پلەی جێگری کارگێڕی لێسەندراوەتەوە.

ئێستا کارگێڕی مەڵبەندی ٣ی ڕێکخستنی یەکێتییە لەهەولێر.

زەواجی کردووە و کوڕێکی تەمەن ١١ ساڵانی هەیە.

www.rotewe.com



نەرمین عوسمان

" نابێت ژن وەک چەپکەگوڵێک دابنرێت"

داهاتووی ژنانی کوردستان لە دەسەڵاتی بڕیاردانا

"هەندێ ژن لە سەر بنچینەی پەیوەندی بە بەرپرسێکەوە کاندید دەکرێن"



پەرلەمانی کوردستان

هەولێر

"کۆمەڵگەی کوردی، عەقڵێکی پیاوسالارییە، تا ئێستا ژن ناخوێنێتەوە، پێویستە یاسای پارتە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان، پێداچوونەوەی لە پەرلەماندا بۆ بکرێت، تا رێژەی ژن لەو یاسایەدا جێگیر بکرێت. ئەمە بۆچوونی پەرلەمانتارێکی لیستی کوردستانییە، هاوکات وەزیری ژینگەی حکوومەتی عێراق، ئەوە دەخاتەڕوو کە حیزبە کوردستانیەکان، لەگەڵ ئەوەی گرنگی بە ژن دەدەن، هێشتا لە ناخەوە بڕوایان بە پرسی ژن نییە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ستراتیژیەتێکی درێژخایەن و بوودجەیەکی باش بۆ بواری ژن تەرخان نەکراوە، تا ژن ئەرک و مافی خۆی پێ بدرێت".

کارتی گوشار

ژنان، لە گۆڕەپانی سیاسی هەرێمی کوردستاندا دەیانەوێت موماڕەسەی ئەرک و مافی خۆیان لە بوارەکانی سیاسەت و ئابووری و یەکە ئیدارەکاندا بکەن، بەڵام کاتێ لە کابینەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و پارتە سیاسییەکانی هەرێمەکە دەڕوانیت، بۆت ڕوون دەبێتەوە کە تاکوو ئێستا ژمارەیەکی کەمی ژنان، لە پێکهاتە ئیداریەکانیاندا بەرچاو دەکەون. دەبێت ژن، کامە کارتی گوشار بەکاربهێنێت، تا ئەوانیش لە پێکهاتە سیاسی و ئیداریەکاندا فەرامۆش نەکرێن. بۆ ئەو مەبەستەش ئەندامی پەرلەمانی کوردستان خەمان زرار، لە لێدوانێکدا بۆ وارڤین، تیشک دەخاتە سەر ئەو خاڵەی کە پێویستە پەرلەمانی داهاتوو گوشار بخاتە سەر حکوومەت، تا بەو هۆیەوە بتوانرێت رێژەی ژنان، لە پۆستەکانی حکوومەتدا بەرز بکرێتەوە.

داهاتووی ژن لە یاسای پارتە سیاسییەکاندا

یاسای پارتە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان، مۆڵەت بە کارنامەی هەر حیزبێک لە هەرێم دەدات، کە هێڵە ستراتیژییەکانی هەرێم نەبەزێنێت، بەڵام لەو یاسایەدا، تا ئێستا رێژەی ئافرەت جێگیر نەکراوە. لەو بارەیەوە، خەمان زرار بەپێویستی دەزانێت کە لە رێگەی پەرلەمانەوە ئەو یاسایە گۆڕانی تێدابکرێت و لانیکەم بتوانرێت رێژەی ئافرەت لە نێو پارتە سیاسییەکاندا لە ٣٠٪



بۆ جێگیرکردنی ڕێژەی ژنان پێویستە پێداچوونەوە بە یاسای پارتە سیاسییەکاندا بکرێت

شێروان حەیدەری

کەمتر نەبێت. سەرۆکی لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی کوردستان، شێروان حەیدەری لەبارەی یاسای پارتە سیاسییەکانەوە ئەوەی خستە ڕوو کە بۆ جێگیرکردنی ڕێژەی ژنان لەو یاسایەدا، پێویستە پێداچوونەوەبکرێت و لیستی کوردستانی لەئێستاوە کار بۆ ئەو مەبەستە دەکات.

پێگەی ژن لە ناوەندەکانی حیزبدا

لەبارەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان کە پەڕەوی سیستەمی سۆشیال دیموکرات دەکات و بەڵام زۆرجار ژنان گلەیی ئەوە دەکەن کە بۆچی ڕێژەی ئافرەت لە پێکهاتەی سەرکردایەتی ئەو حیزبەدا کەمە؟ خەمان زرار، دەڵێت:" یەکێتی لەو بەرنامەیدایە، کە لە کۆنگرەی داهاتوودا گۆڕانێکی بەرچاو لە ڕێژەی ئافرەتدا بکات و هەر لە سەرەتاشەوە لە کۆمیتە و مەڵبەندەکاندا ڕێژەیەکی باش جێگیر کراوە".

وەک ئەو پەرلەمانتارە باسی لێوە کرد کە کۆمەڵگەی کوردی عەقڵێکی پیاوسالارانەی هەیەو تا ئێستا ژن ناخوێنێتەوە، بۆیە پێویستە یاسای پارتە سیاسییەکان پێداچوونەوەی لە پەرلەماندا بۆ بکرێت، تا ڕێژەی ژن لەو یاسایەدا جێگیر بکرێت.

غیابی ژنانی کورد لە بەغداد

کابینەی ئێستای حکوومەتی عێراقی فیدراڵ، بەهۆی تێکەڵاوی بۆچوونی مەزهەبی و تایفی ڕێژەیەکی کەمی ژنی هەیە و لە پۆستەباڵاکانی دیکەی ئەو کابینەیەشدا ژنی کورد نابینرێن؟ وەزیری ژینگەی حکوومەتی عێراق (نەرمین عوسمان) بۆ وارڤین، غیابی ژن لە عێراقدا بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە سیستەمی دەوڵەتی عێراق کشتووکاڵیە و لەوسیستەمەشدا کەمتر گرنگی بە ژنان دەدرێت، لە کاتێکدا هاوپەیمانی کوردستان دوو وەزیری ژنی لە کابینەی ئێستای حکوومەتی عێراقی فیدراڵدا هەیە و بە هەموو لیستەکانی دیکە، تەنیا دوو وەزیریان هەیە.

لەبارەی ئەوەی کە بۆچی پارتە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان ژنان بەڕێژەیەکی بەرچاو بۆ پۆستە باڵاکانی عێراق هەڵنابژێرن، (نەرمین عوسمان) ئەو هۆکارە بۆداب و نەریتی کۆمەڵگە دەگەڕێنێتەوە، حیزبەکانیش بە هەڵقوڵاوی کۆمەڵگە لەقەڵەم دەدات. ئەو گوتی:" ئەگەر ئافرەتێک بۆ هەر پۆستێک لەلایەن پارتە کوردییەکانەوە کاندید بکرێت، منەتی پیاوی بەسەر دەکرێت و پێی دەگوترێت ئێمە تۆمان کاندید کردووە".

وەک نەرمین عوسمان، باسی لێوە کرد، پێویستە لە داهاتوودا پارتە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان ژنان بۆ پۆستی لیژنەی پاکڕۆیی پەرلەمان و هەڵبژاردن و دامەزراوەکانی دیکەی عێراق کاندید بکەن.

"حیزبە کوردستانییەکان لەناخەوە بڕوایان بە ژن نییە"

وەزیری ژینگەی عێراق، ئەوە دەخاتە ڕوو کە حیزبە کوردستانیەکان، بۆ بەشداری پێکردنی ژن، لە پۆستەکانی سیاسی و ئابووریدا کەمترخەمن و لەناخیاندا باوەریان بە ژن نییە. بەڕای نەرمین عوسمان، ئەمەیش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە حیزبە کوردستانییەکان،ستراتیژیەتێکی گەورە و درێژخایەن و بوودجەیەکی باشیان بۆ بواری ژنان تەرخان نەکردووە، تا ژن ئەرک و مافی خۆی پێ بدرێت. بەڵام شێروان حەیدەری، باس لە پێداچوونەوەی یاسای پارتە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان لە بواری بودجە دەکات کە بەو هۆیەوە بەپێی کورسی هەرپارتێک دەتوانرێت بوودجەی بۆ دابنرێت و لەو ڕێگەیەشەوە دەتوانرێت ڕێژەی جێگیرکردنی ئافرەتیشی تێیدا بکرێتەوە.

"ژن بۆ ڕێکلام کردنە"

تامان شاکر، وەک چالاکڤانێکی بواری ژنان دەڵێت کە دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان عەلمانی نییە و دین لەبەردەم هاتنە پێشەوەی ژن لە بواری سیاسەت و ئابووریدا ڕێگرە. تامان، دەڵێت:" ئەو حیزبانەی کە ژنەکانیشیان دێننە پێشەوە، تەنیا بۆ ڕێکلامکردنە، نەوەک لە سەر ئاستی تواناکانییەوە بێت، تا بەوهۆیەوە بە جیهانی دەرەوە بڵێن، ئێمەش ژنمان لە سیستەمی سیاسی و ئابووریدا هەیە".

" نابێت ژن وەک چەپکەگوڵ دابنرێت"

کورد عومەر، قایمقامی کۆیە بۆ وارڤین ڕایگەیاند، کە ئەو وەک خۆی باوەڕی بە سیستەمی کۆتا نییە، بەڵکوو لەگەڵ ئەوەدایە کە ئافرەت بە توانای خۆیەوە بێتە پێشەوە، بەڵام وەک باسی لێوە کرد کە عەقڵیەتی کۆمەڵگەی کوردی باوکسالاریە و هێشتا باوەڕی وای نییە، کە ئافرەت لەسەر حیسابی توانای خۆیەوە لە گۆڕەپانی سیاسیدا بەشداری پێ بکرێت.

کورد، بۆچوونی وایە کە ژمارەی ئافرەت لە ناوەندی سیاسی و دەسەڵاتدا گرنگ نییە، بەڵکو گرنگ ئەوەیە کە ئافرەت وەک چەپکەگوڵێک بۆ ڕازاندنەوە دانەنێن، بەڵکوو دەبێت ئافرەت بە دەنگی خۆی بێتە پێشەوە.

وەک باسیشی کرد کە هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار (پارتی و یەکێتی) ئێستا کار بۆئەوە دەکەن، ڕێژەی ئافرەت لە نێو خۆیان و حکوومەت و دەسەڵاتی بڕیاردادنا زیاد بکەن.

ژن لە نێوان پێوەندی شەخسی و لێهاتوویدا

ئەندامی مەکتەبی ناوەندی ڕێکخراوە پیشەییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، ناسکە عەبدوڵڵا ڕەسوڵ، بۆ وارڤین، ئەوەدەخاتە ڕوو کە ئەوانەی ژن، بۆ پۆستە باڵاکان پێشنیار دەکەن، پیاوانن، بەڵام زۆر جار هەیە ئەو پێشنیازە دەکەوێتە سەر میزاجی کەسی بەرپرس و مەرج نییە لەسەر تواناو لێهاتوویی ئافرەتەکە بێت. ناسکە ئاماژەیدا کە زۆر جاریش پێشنیازکردنی ژنان، لەسەر بنچینەی پەیوەندی شەخسی نێوان ئافرەت و بەرپرسەکەیە.

www.netewe.com

کەرکووک لە بازنەکانی هەڵبژاردن و پێشنیازەکانی دیمستوورا دا

پەرلەمانتارێکی بەغدا بۆ وارڤین، نهێنی سەرۆکوەزیرانی عێراق، لە بارەی کەرکووک ئاشکرا دەکات، کاتێ سەردانی ئەمریکای کردووە و چی بە ئۆباما گوتووە، هاوکات تیشک دەخاتە سەر پاساوەکانی بەرەی تورکمانی، عەرەبەکان و مالیکی، دڵنیایی ئەوەش دەدات کە لە هەڵبژاردنی داهاتووی کەرکووکدا، کورد لە سەرووی ٦٠٪ی دەنگەکانەوە دەبێت.

داهاتووی کورد لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی بەغداد

بەپێی قسەی هەندێک لە چاودێرانی سیاسی، ئەگەر هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق، لە ئاستی دانیشتووانی پارێزگاکاندا، بە هەمانشێوەی ساڵی ٢٠٠٥، بێت، ئەوا کورد جارێکی دیکە دەنگەکانی، لە پارێزگاکانی دیکەی عێراق، واتە (دەرەوەی هەرێمی کوردستانی ئێستا)، لە دەست دەچێت، بەڵام بەگوتەی ئەندامی پەرلەمانی عێراق، دکتۆر رەئووف عوسمان، ئێستا لیستی هاوپەیمانی کوردستان، پێداگرە لەوەی دەبێ هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق، کە بڕیارە لە کۆتایی مانگی١٢.ی ئەمساڵ ئەنجام بدرێت، بەشێوەی یەک بازنەی هەڵبژاردنەوە بێت، تا جارێکی دیکە کورد وەک ساڵی ٢٠٠٥، کە١٠ کورسی بەو هۆیەوە بەفیڕۆ چوو، ئەمجارە وای بۆ دەرنەچێت.

پەرلەمانی عێراق، لە هەوڵی پەسەندکردنی یەکێک لە یاساکانی دیاریکردنی شێوازی هەڵبژاردنی پەرلەمانداید و داهاتووی کەرکووکیش راستەوخۆ بەو یاسایەوە وابەستەیە. چاودێرانی سیاسی چارەنەکردنی کێشەی کەرکووک، بە "بومەلەرزەی شەڕی ناوخۆیی عێراق" دەچوێنن و سەرکردایەتی سیاسی کوردیش داوای جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ دەکات. هەرچەندە سەرۆکی ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا، (ئۆباما) تا ئێستا بە ڕوونی پەیامی بۆ چارەی کێشەی کەرکووک نییە، بەڵام لەهەفتەی ڕابردوو ئەمەریکا، زەنگی مەترسی بۆ کورد لێدا، بەوەی نابێت داوای کەرکووک بکەن، لەوەڵامیشدا سەرۆکی هەرێمی کوردستان (مەسعوود بارزانی)



دیمستۆرا، لە دوا پێشنیازەکانیدا

داوای کرد کە کەرکووک وەک هەرێمێکی نیمچە سەربەخۆ بێت و لە لایەن ئیدارەی بەغدا و هەولێر بە هاوبەشی سەرپەرشتی بکرێت، بەڵام ئەو پێشنیازە عێراقییەکان و کوردستانییەکانی ڕازی نەکرد.

دەڵێت:" سازش لەسەر کەرکووک ناکەین".

یەک بازنەی هەڵبژاردن

دکتۆر رەئووف عوسمان، ئەوە دەخاتە ڕوو کە لیستی هاوپەیمانی کوردستان و لیستی ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی لە کوتلەی ئیتلافی شیعیدا کە زۆرترین کورسی پەرلەمانی عێراق پێک دەهێنن، لەگەڵ ئەوەدان هەڵبژاردنی ئەمجارەی پەرلەمانی عێراق، بەشێوەی یەک بازنەیی بێت، واتە سەرجەم دانیشتووانی عێراق بە هەرێمی کوردستانەوە لەیەک بازنەدا دەنگ بدەن، بەڵام لیستەکانی دیکەی نێو پەرلەمانی عێراق، دەیانەوێت هەڵبژاردنی پەرلەمان، بە شێوازی یەک بازنەیی نەبێت و وەک ساڵی ٢٠٠٥ لە چەند بازنەیەکەوە بێت.

کەرکووک لە پێشنیازەکانی دیمستۆرا دا

بەپێی چاودێرانی سیاسی، نێردەی نەتەوەیەکگرتووەکان، ستیڤان دیمستۆرا بۆ چارەی کێشەی کەرکووک نەیتوانی لە پێشنیازەکانیدا سەرکەوتوبێت، لەوبارەیەوە دکتۆر رەئووف دەڵێت:" دیمستۆرا لەبری ئەوەی چارە بۆ کەرکووک بدۆزێتەوە، شیکردنەوەی بۆ کەرکووک کردووە".

دیمستۆرا، لە دوا پێشنیازەکانیدا داوای کرد کە کەرکووک وەک هەرێمێکی نیمچە سەربەخۆ بێت و لە لایەن ئیدارەی بەغدا و هەولێر بە هاوبەشی سەرپەرشتی بکرێت، بەڵام ئەو پێشنیازە عێراقییەکان و کوردستانییەکانی ڕازی نەکرد. جێگری سەرۆکی پەرلەمانی بەغدا عارف تەیفوور، کەرکووک لە چوارچێوەی هەرێمی کوردستان، دا دەنێت و پێشنیازەکەی بەرەی تورکمانی کە داوای ئۆتۆنۆمی بۆ کەرکووک دەکەن، ڕەت دەکاتەوە.

کەرکووک لە بازنەکانی هەڵبژاردندا

عەرەب و تورکمانەکان، داوا دەکەن کەرکووک، بکرێتە ٤ بازنەی هەڵبژاردنەوە، بۆ هەر بازنەیەکیش ڕێژەی ٣٢٪ بۆ کورد و عەرەب و تورکمان و ڕێژەی ٤ ٪یش بۆ کلدو ئاشوورییەکان جێگیر بکرێت. وەک دکتۆر (ڕەئووف عوسمانیش)، ئاماژەیدا، لیستی هاوپەیمانی کوردستان ئەو پێشنیازەی ڕەت کردووەتەوە. ئەو دەڵێت: " ئەگەر بەو شێوەیە بێت، بۆچی هەڵبژاردن لە کەرکووک بکرێت. لەساڵی ٢٠٠٥ کورد لە کەرکووک توانی ٦٥٪ دەنگەکان بەدەست بهێنێت و ئەگەر ئەمجارەش هەڵبژاردن لەو شارەدا بکرێتەوە، دڵنیام ڕێژەی دەنگەکانی کورد لەسەرووی٦٠ ٪ـوە دەبێت، بۆیە جێبەجێکردنی پێشنیازی ٤ بازنەیی بۆ کەرکووک، ستەم لە کورد دەکات".

عەرەبەکان، وای بۆدەچن کە کورد لە دوای پرۆسەی ئازادی عێراق، کوردی زۆری هێناوەتە

www.netewe.com

ئەو شارە و هەندێجار ژمارەکە بە زیاتر لە ٩٠٠هەزار کەس دادەنێن، بەڵام دکتۆر ڕەئووف عوسمان بۆچوونی وایە کە ئەو کوردانەی هاتوون خەڵکی شاری کەرکووکن و بەپێی تۆمارەکانی پێشووی کەرکووک، ئەو کەسانە ناویان هەیە و ڕاگوێزراوەکانن.

پاساوی عەرب و تورکمانەکان

دکتۆر ڕەئووف، هۆکاری پاساوی عەرەب و بەرەی تورکمانی، لەبارەی کەرکووک کە دەیانەوێت کێشە بنێنەوە، بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە ئەجێندای دەرکی ڕێنماییان دەکات، ئەگینا ئەوانیش باش دەزانن، کە کەرکووک شارێکی کوردستانییە. بەرەی تورکمانی و عەرەبەکان، نایانەوێت سەرژمێری لە کەرکووک ئەنجام بدرێت، چونکە ئەوان دەزانن کوردەکان، زۆرینەی دانیشتووانی ئەو شارە پێک دەهێنن.

کەرکووک لە ڕوانگەی ئەمەریکا و نەتەوەیەکگرتووەکانەوە

ڕەئووف عوسمان، ڕوونیکردەوە کە لیستی هاوپەیمانی کوردستان، قبوڵی نییە هیچ یاسایەک

سەرۆك وەزیرانی عێراق، بە پاساوی ئەوەی کە کێشەی کەرکووك بۆ سەردەمی پێشووتری ئەو دەگەڕێتەوە و ئێستا تیرۆریستەکان لە عێراقدا هەن، خۆی لە پرسەکە دەدزێتەوە

بەسەر کەرکووکدا بسەپێندرێت و ئەوەشی خستە ڕوو، کورد لە پەرلەمانی عێراقدا هێزێکی کاریگەر و گەورەیە و هیچ شتێک قبوڵناکات، کە بەسەر کەرکووکدا بسەپێندرێت. ئەمەریکا لەلای سەرکردایەتی سیاسی کورد لێدوانی بەئاراستەی بەرژەوەندییەکانی کورد دایە و لەلای عەرەبەکانیش بە ئاراستەی ئەوان لێدوان دەدەن، لە دواهەمین ڕاپۆرتی نەتەوەیەکگرتووەکان و ئەمەریکادا، باس لەوە دەکرێت کە کورد داوای کوردستانییەتی کەرکووک و ئەنجامدانی ڕاپرسی و سەرژمێری نەکەن.

د. ڕەئووف، ئاشکرایکرد، کە سەرۆکوەزیرانی عێراق، نوری مالیکی سەردانی ئەمەریکای کردووە و بە سەرۆکی ئەمەریکا ئۆباماشی گووتوە کە ئەنجامدانی ڕاپرسی لە کەرکووک شەڕی ناوخۆیی لێدەکەوێتەوە و لەو ڕێگەیەوە مالیکی دەیەوێت گوشاری ئەمەریکا بۆ سەر کورد زیاد بکات.

وەک ئەو پەرلەمانتارەی بەغدا ئاماژەیدا، داخوازی کورد لە چوارچێوەی دەستووری عێراقدایە و ئەو دەستورەش ١٦ ملیۆن هاوواڵاتی دەنگی بۆ داوە.

پاساوەکانی مالیکی

ڕەئووف عوسمان، باس لەوە دەکات کە سەرۆکوەزیرانی عێراق، بە پاساوی ئەوەی کە کێشەی کەرکووک بۆ سەردەمی پێشووتری ئەو دەگەڕێتەوە و ئێستا تیرۆریستەکان لە عێراقدا هەن، خۆی لە پرسەکە دەدزێتەوە، بەڵام کێشەکان ئێستا چارەسەرییان بۆ دۆزراوەتەوە و (مالیکی) ئەگەر بیەوێت پێوەندی بەهێز لە نێوان هەرێم و بەغدا هەبێت، دەبێت داوای جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ بکات.



www.netewe.com

شیرین عێبادی، یەکەم ژنی دادوەر لە ئێراندا

دوای هەڵوەشانەوەی سیستەمی پاشایەتی لە ئێراندا لە ساڵی ١٩٨٠، (عێبادی) و ژنانی دیکە لە پۆستی دادوەری دوورخراوونەتەوە و دواتر ئەو ژنە لە دادگایەک کە پێشتر کاری تێدا کردبوو، وەکوو سەرۆکی دادگاکە دەستبەکاربوو.

بەگوتەی (شیرین)، لەبەر ئەوەی کە ئارەزووی نەکردووە چیتر درێژە بەو پۆستە بدات، لە سەر داوای خۆی خانەنشین کراوە.

لەو کاتەی کە (شیرین عێبادی) خانەشین بوو، دەستی بە نووسینی چەندین کتێب و گوتار کردو مۆڵەتی دانانی نووسینگەی پارێزەریی وەرگرت و نووسینگەی دامەزراند.

لەو ماوەیەدا کە وەک پارێزەرێک کاری کرد، گەلێک دۆسیەی گرنگی نەتەوەکانی ئێرانی وەرگرت، لەوانەش دۆسیەی کوشتنی زەهرا کازمی وێنەگری بە ڕەچەڵەک ئێرانی دانیشتووی کەنەدا بوو، کە بەوردی کاری تێدا کرد.

لە ساڵی ٢٠٠٣ـدا ناوەندی خەڵاتی نۆبل لە نەرویج، خەڵاتی ئاشتی نۆبڵی بە شیرین عێبادی بەخشی. ناوەندەکە لەبارەی ئەو ژنە چالاکڤانەوە پەیامێکی بڵاوکردووەتەوە کە تێیدا هاتووە، لەبەر خەباتی شیرین بۆ مافی مرۆڤ و بڵاوکردنەوەی دیموکراسی و بەرگری لەمافی ژنان و منداڵان، ئەو خەڵاتەی پێ بەخشراوە.

شیرین عێبادی، وەکوو پارێزەرێکی دادپەروەر و نووسەر و چالاک لە مافی مرۆڤ، لە ئیران و دەرەوەی وڵاتدا، هەردەم بە ئاشکرا پەیامی خۆی دەربڕیوە. ئەو ساڵەی شیرین خەڵاتی نۆبلی وەرگرت هەریەک لە (پاپ ژانپۆلی دووهەم) سەرۆکی کاتۆلیکەکانی جیهان و (واسلاو هاڤل) سەرۆک کۆماری پێشووی چیک، بۆ وەرگرتنی ئەو خەڵاتە پالێورابوون.

شیرین، چەند خەڵاتی دیکەی وەک (لژیۆن دونور) کە خەڵاتێکی فەرەنسیە، وەرگرتووە. لەو ساڵانەی دواییدا شیرین، چەندینجار رووبەڕووی هەڕەشەی کوشتن بووەتەوە. لە چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ کەنالی(زوود دویچە تسایتۆنگ) گوتوویەتی کە کاتێک وەک پارێزەر و مافی مرۆڤ چالاک بووە، ناوی کەوتووەتە نێو لیستی ڕەشی ڕژێمی ئێرانەوە. شیرین ئێستا لە زانکۆیەکی تاران وانە دەڵێتەوە و دوو منداڵیشی هەیە.



ژیاننامە

شیرین عێبادی، لە ساڵی ١٩٤٦ لە شاری هەمەدانی ئێران، لە دایکبووە و باوکی (محەممەد عەلی عێبادی) یەکێک لە پێشەنگەکانی یاسای بازرگانی ئێران بووە.

شیرین عێبادی، یەکەمین ژنی چالاکی ئێرانییە کە پۆستی دادوەری وەرگرتووە و چوار ساڵ لەو پۆستەدا ماوەتەوە.





www.netewe.com

پاش مردن فۆتۆگرافەکان قسە دەکەن

بێنەزیر بۆتۆ، سەرۆکوەزیری پێشوو و سەرۆکی پارتی گەلی پاکستان پاش نیوەڕۆی پێنجشەممەی ٢٧ـی دیسەمبەر، لەشاری روالپێندیدا لە ئەنجامی هێرشێکی خۆکوژیدا کوژرا.



بێنەزیر بۆتۆ ساڵی ١٩٧٢ لەشاری (سیملا)، لەگەڵ وەزیری کاروباری دەرەوەی هیندستان، کاتێک باوکی (زولفەقار عەلی بۆتۆ) لەگەڵ (ئیندیرا گاندی) سەرۆکوەزیری هیندستان وتووێژی کرد.



بێنەزیر بۆتۆ لە یەکەمین قۆناغی سەرۆک وەزیری خۆیدا لەساڵی ١٩٨٨ تا ١٩٩٠ کاتی چاوپێکەوتنی لەگەڵ سەرۆکوەزیری بەریتانیا (مارگریت تاچێر).



بێنەزیر بۆتۆ، لە پەنای باوکی (زولفەقار عەلی بۆتۆ)ساڵی ١٩٧٢ لە کاتی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ (ئیندیرا گاندی). بۆتۆ، پاش گەڕانەوە لە تاراوگە لە ساڵی ١٩٨٨.



بێنەزیر بۆتۆ لەساڵی ١٩٥٣، لە ئەیالەتی (سند) لە داییک بووە. فۆتۆی بۆتۆ و هاوپۆلێکی پاش دەرچوونیان لەزانکۆی (هاروارد) ـی ئەمەریکا. بۆتۆ، خوێندنی خۆی لەساڵی ١٩٧٧ لە زانکۆی (ئۆکسفۆرد) لە بەشی مافە نێودەوڵەتییەکان درێژە پێدا.



بێنەزیر بۆتۆ، لە ساڵی ١٩٩١ کاتێک رکابەری هەڵبژاردنەکان لەگەڵ (نەواز شەریف)ـی رکابەری لە پارتی (موسلێم لیگ). بۆتۆ، ساڵی ١٩٩٠ بە تۆمەتی گەندەڵی دارایی لەسەرکار لادرا، بەڵام هەرگیز ئەو تاوانەی لەسەر ساغ نەبووەوە.



بۆتۆ لەکاتی سەرۆکوەزیریدا. ساڵی ١٩٨٨. پەرلەمانی پاکستان



بێنەزیر بۆتۆ، لە ئۆکتۆبری ساڵی ٢٠٠٧ لەکاتی گەڕانەوەی بۆ پاکستان.



بۆتۆ، ماوەیەکی کورت پاش گەڕانەوەی بۆ پاکستان لە رۆژی١٨ی مانگی ئۆکتۆبەردا لە هێرشێکی خۆکوژی کە لە شاری کەراچی روویدا و لەئەنجامدا ١٠٠ کەس کوژران، رزگاری بوو.



چرکەساتە کۆتاییەکانی ژیانی بێنەزیر بۆتۆ، لە ٢٧ـی دیسەمبەری ساڵی ٢٠٠٧ـدا لەشاری روالپێندی، پاش کۆبوونەوەیەکی حیزبی. بۆتۆ چرکەیەکی کورت پاش ئەو کۆبوونەوەیە لە ئەنجامی هێرشێکی خۆکوژیدا گیانی سپارد.

ئا: سیما مستەفا

* ناونیشانی ئەم بابەتە ناوی رۆمانێکی رۆماننووسی کورد (محەممەد ئوزون)ە.

www.hetewe.com

موسوڵ



ژنێکی میسرییە، لە ئەمەریکا گەورە بووە. یەکەمین ژنی موسوڵمانە هاتووچۆی کۆشکی سپی دەکات. لەم ڕۆژانەدا سەرنجی میدیاکان و ڕای گشتیی ئەمەریکای بۆلای خۆی ڕاکێشاوە. چاوەڕوان دەکرێت بەو ئەزموونەی لەبارەی ئایین و موسوڵمانەکان هەیەتی، یارمەتی سەرۆکی ئەمەریکا بدات تا بتوانێت بە گونجاوترین شێواز لەگەڵ موسوڵمانان هەڵسووکەوت بکات.

دالیاموجاهید، لەتەمەنی پێنج ساڵیەوە لە ئەمریکا ژیاوە. تەنیا ڕاوێژکاری سەرپۆش بەسەری ئۆبامایە و یەکێکە لە گەورە بەڕێوەبەرانی دامەزراوەی ڕاپرسی" گالۆپ". بەڕێوەبەری بەشی موسوڵمانانی دامەزراوەکەیە. لە نووسینی کتێبی"کێ بە نوێنەرایەتی جیهانی ئیسلام قسە دەکات" بەشدارە و ئێستا ئۆباما، خەریکی خوێندنەوەی ئەم کتێبەیە. دالیا، هەوڵدەدات لەم کتێبەیدا، ڕای موسوڵمانان سەبارەت بە ڕۆژئاوا و ئەمەریکا، بۆ ڕۆژئاواییەکان بگوازێتەوە. هەروەها ئەم کتێبە هەوڵێکە بۆ سڕینەوەی ئەو وێنە تووندڕەو و ناشارستانییەی موسوڵمانان، کە ڕۆژئاواییەکان دوای ڕووداوی ١١ـی سێپتەمبەری ٢٠٠١ لایان دروست بووە.

ئەمەیش دەقی هەڤپەیڤینێکە کە سایتی: The Amaricangov.com لەگەڵی ئەنجامداوە.

چۆن لە پلەی بەڕێوەبەری بازرگانییەوە بوویتە بەڕێوەبەری لێکۆڵینەوەکانی گالۆپ؟

لە تەمەنی ١٧ ساڵیەوە دەستم بە خوێندنەوە و لێکۆڵینەوە لەسەر ئیسلام کردووە. قوتابی زانکۆبووم و لە فرۆشگای پێدواویستییە تەندروستی و ئارایشتییەکاندا کارم دەکرد. بەبێ ئەوەی کارکردنم ببێتە ڕێگر لەبەردەم خوێندنەکەمدا، ڕای موشتەرییەکانم لەبارەی بەرهەمەکانەوە دەپرسی و ئامارم لێ دروست دەکرد. دوای ماوەیەک بوومە بەڕێوەبەری بەشی بەڕێوەبەرایەتی بازرگانی ئەو کۆمپانیایەی کارم تێدا دەکرد. لەو ڕێگایەوە ناوەندی (گالۆپ)م ناسی و دەستم بە کار کرد لە گەڵیان. گالۆپ دامەزراوەیەکی نائیسلامییە. ئەوکاتەی لەگەڵیان دەستم بەکارکردن کرد، بەشی لێکۆڵینەوە ئیسلامیەکان لە گالۆپدا نەبوو. منیش تەنیا ڕاوێژکاری موسوڵمانی ئەو ناوەندە بووم. کاتێک ناوەندی گالۆپ لێکۆڵینەوەکانی لە ئاستی جیهاندا پەرەپێدا، پێشنیازێکم بۆ کردنەوەی بەشێک بۆ موسوڵمانان کرد، دەستبەجێ پێشنیازەکەم وەرگیراو بوومە بەڕپرسی بەشی موسوڵمانان. هاوکارەکانیشم موسوڵمان نین. ئێستا ئەو ناوەندە لێکۆڵینەوەی جۆراوجۆر لەسەر موسوڵمانان ئەنجام دەدات.

*چۆن بوو وەک یەکەمین ڕاوێژکاری موسوڵمان و بەسەرپۆشی ئۆباما هەڵبژێردرای؟

-بەهۆی پێشکەوتن و چالاکیەکانم لە ناوەندی گالۆپ، بەڕاوێژکاری ئۆباما، هەڵبژێردرام.

سەرۆک ئۆباما و ئیدارەی ئەمەریکا دەیانەوێت، ئامار و زانیاری زیاتر لەبارەی موسوڵمانەوە بزانن.

* بەهۆی سەرپۆش بەستن ڕووبەڕووی ڕەخنە بوویتەوە؟

-بەهۆی سەرپۆشەوە هیچ کێشەیەکم لەگەڵ دەوڵەتی ئەمەریکادا نییە. بەڵام هەندێک لە نەژاد پەرستانی دەرەوەی حکوومەت، پێیان ناخۆشە موسوڵمانێک، لە پۆستێکی گرنگدایە. بۆیە هەوڵدەدەن لە قورساییم کەم بکەنەوەو بەدناوم بکەن. ئەوان ناتوانن، چونکە هیچ بەڵگەیەکیان بەدەستەوە نییە.

جگە لەتۆ کەسانی دیکە بۆ ئەم پۆستە دەستنیشان کرابوون؟*

-نازانم، بەڵام ٢٥ کەس لە لیژنەی ڕاوێژکاری ئایینەکان هەڵبژێردران و لە هەڵبژێردرانیان ئاگادار کرانەوە، کە ئەوانیش یان قبووڵیان دەکرد یان ڕەتیان دەکردەوە.

بەڕپرسیارێتی تایبەتی تۆ لە تیمی ڕاوێژکاریی ئۆبامادا چییە؟

-ئامانجی کاری ئەو تیمە، چارەسەرکردنی کێشەکانی کۆمەڵگەیە. بەڕپرسیارێتی تیمەکەش لە چەند بابەتێکدا کۆ دەبێتەوە، کەمکردنەوەی لەباربردنی کۆرپەلە و هاریکاریکردنی خەڵکە لەچارەسەرکردنی کێشە ئابووریەکاندا، هەروەها دیالۆگ لە نێوان ئایینەکاندا. من وەک خۆم لەسەر ئەم بابەتە کار دەکەم.

*جیاوازی دیالۆگ و هاریکاری لە نێوان ئایینەکاندا چییە؟

-دەبێ یەکەمجار وتووێژ هەبێت و دەرئەنجامەکەی هاریکارییە. من پێموایە ئەم هاریکارییە لە پێکەوەژیان باشترە.

* ئایا هەڵبژاردنی تۆ هەنگاوێکە بۆ" کرانەوەی ڕۆژئاوا" بە ئاراستەی جیهانی ئیسلامدا؟

-هەڵبژاردنی من هەنگاوێکی نوێیە. بۆ ناسینی موسوڵمانەکان لەلایەن ئەمەریکییەکانەوە، بەو واتایەی کە دەیانەوێت لەجیهانێکی باشتردا لەگەڵ موسوڵمانەکان هاریکار بن.

* تۆ لە نووسینی کتێبی" کێ بە نوێنەرایەتی جیهانی ئیسلام قسە دەکات" دا بەشداربووی. دەمانەوێت زانیاری زیاترمان لەوبارەیەوە

بەهۆی پێشکەوتن و چالاکیەکانم لە ناوەندی گالۆپ، بەڕاوێژکاری ئۆباما، هەڵبژێردرام.
سەرۆک ئۆباما و ئیدارەی ئەمەریکا دەیانەوێت، ئامار و زانیاری زیاتر لەبارەی موسوڵمانەوە بزانن.

www.negeye.com

یەکەم راوێژکاری موحەجەبەی ئۆباما:

ـمانانی جیهان دیموکراسی ئەمەریکایان لا پەسەندە

بدەیتێ؟

-لەجیاتی ئەوەی توندڕەوەکان وێنەی ئیسلام پیشکەشی جیهان بکەن، لەم کتێبەدا دەرفەتمان بە زۆرینەی موسوڵمان داوە تا ڕای خۆیان لەبارەی ئیسلام و شێوازی ببرکردنەوەیان دەربڕن، هەروەها لەبارەی دیموکراسی و نارازیبونیان لە کردەوەکانی ئەمەریکا. لەم کتێبەدا ڕای زۆرینەی موسوڵمانان وەرگیراوە. ئامارمان لە ٤٤ وڵات وەرگرت و ڕاکانمان نووسین. کاتێک کە ئۆباما سەردانی تورکیای کرد،" جۆن ئیسپێستۆیوو" ئەو پرۆفیسۆرەیە کە من ئەم کێتبەم لەگەڵدا نووسی، کۆپییەکی لە کتێبەکە بە ئۆباما دا، پاشان سەرۆک گوتی:" دەبێ ئەم کتێبە بخوێندرێتەوە".

*لە ڕۆژئاوا چۆن لەگەڵ سیمای شێوێندراوی ئیسلامدا هەڵسووکەوت دەکەیت؟

-بۆ چاککردنەوەی ئەو وێنە شێواوەی ئیسلام، پێویستە بە بەکارهێنانی ئاکاری ئیسلامی ڕێز لە خەڵکی بگیرێت، هەروەهامرۆڤ دەبێت لەگەڵ خەڵکیدا وەک تاکێک هەڵسووکەوت بکات.

*موسوڵمانەکانی دانیشتووی ئەمەریکا چۆن دەڕوانن هەڵسووکەوتی دەوڵەت لەگەڵ خۆیاندا؟

-موسوڵمانەکان لە سەرانسەری جیهاندا دەڵێن دیموکراسی ئەمریکامان لا پەسەندە، بەڵام موسوڵمانەکانی ناو ئەمەریکا هەست دەکەن کە هەڵسووکەوتی دەوڵەت لەگەڵیاندا بە بەراوورد لەگەڵ هاووڵاتیانی ناو ئەمریکا جیاکاری تێدایە.

*سەردانەواندنی ئۆباما لە کاتی سڵاوکردن لە مەلیک عەبدوللا چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟

-هەندێک لە ئەمەریکیەکان بەو کارەی ئۆباما نارازی بوون، بەڵام سەردانەواندنی ئۆباما جگە لە نیشانەی ڕێزلێنانێکی قوول بۆ مەلیک عەبدوللا هیچی تر نەبوو.

*دەگوترێت ئۆباما بەنیازە لە کۆشکی سپی هەندێک لە هاووڵاتیانی موسوڵمانی ئەمەریکی دامەزرێنێت؟

-بەڵێ، ئەو قسەیە ڕاستە و پێمواییە کە ئەم کارە لە هەنگاوی یەکەمدا لە بەرژەوەندی ئەمەریکادایە. کاریگەری ئەرێنی لەسەر پەیوەندی ئەمەریکا لەگەڵ وڵاتانی ئیسلامی دادەنێت.

*پرۆژەکانی ئێستای تۆ لە ناوەندی گالۆپدا چیبە؟

-ناوەندی گالۆپ لەگەڵ دامەزراوەی بەریتانی پێکەوە ژیانی ناسراو بە" پرۆژە" لەسەر ڕاستییەکانی موسوڵمانەکان و ڕۆژئاوا کار دەکات. ئامانجی ئەو پرۆژە هاوبەشە، گەیاندنی زانیاری گشتیە لەبارەی بۆچوونی خەڵکانی موسوڵمانی ئاسایی و ڕۆژئاوایی. هەروەها چۆنیەتی بیرکردنەوەیان و گەیاندنی بۆچوونەکان بە بەرپرسانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەورووپا و ئەمەریکا. ماوەی٣ ساڵە لەم پرۆژەیەدا کار دەکەین. پرۆژەیەکی زۆر گرنگە. هەبوونی هەماهەنگی دەرفەتی خەڵکەدات کە باشتر یەکتر بناسن و بتوانن پێکەوە کار بکەن.

* تۆ خێزانداریت و دوو منداڵت هەیە، ئایا وەک پێویست کاتت بۆ خێزان و منداڵەکانت هەیە؟

-کاتم بۆ خێزانەکەم تەرخان کردووە، هیواردارم بتوانم کاتێکی زیاتریشیان بۆ تەرخان بکەم. چونکە دایک چەند سەرقاڵی کار بێت پێویستە خێزان و منداڵەکانی لەبیر نەکات. پەروەردەکردنی منداڵ بۆ دایک، لە هەموو شتێکی دیکە گرنگترە.



www.ietewe.com



Photo هێمن

بارزانی و لیستی کوردستانی براوە بوون

گۆڕان و چاکسازی بە ٣٧ کورسییەوە ئۆپۆزسیۆن دەبن

بەپێی ئامارە سەرەتاییەکانی کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراق، لیستی کوردستانی ٥٧,٣٤ ٪ کورسی، لیستی گۆڕان ٢٣,٧٥٪ کورسی و لیستی خزمەتگوزاری و چاکسازیی ١٢,٨٠ کورسییان بەدەست هێناوە. بەپێی زانیاری سەرچاوەیەکی ئاگادار بۆ "وارڤین" هەریەک لە لیستی گۆڕان و لیستی خزمەتگوزاری و چاکسازی، لە کابینەی نوێی حکوومەتدا بەشداری ناکەن.

سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ٤ رکابەرەکەی بۆ هەڵبژاردنی ئەمجارەی پەرلەمانی کوردستان، بەڕێژەیەکی بەرچاو توانی ٦٩,٥٧٪ـی دەنگەکان مسۆگەر بکات. ئەمە لەکاتێکدایە کە بەپێی زانیاری چەند سەرچاوەیەک، هەندێ لە ئەندامانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەنگیان بە بارزانی، نەدا .

ئەنجامی هەڵبژاردن

لیستی کوردستانی، پێکهاتووە لە هەردوو پارتی سەرەکی کوردستان، پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان، بەپێی ئامارە نافەرمییەکان، لەو هەڵبژاردنەدا، لیستی کوردستانی ٥٧کورسی بەدەست هێناوە. لیستی گۆڕان کە (نەوشێروان مستەفا) سەرۆکایەتی دەکات، لەو هەڵبژاردنەدا ٢٤ کورسی بەدەست هێناوە. لیستی چاکسازی، کە پێکدێت لە یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان، سۆشیالیستی کوردستان و زەحمەتکێشانی سەربەخۆی کوردستان، ١٣ کورسی بەدەست هێناوە. هەریەک لە لیستی ژمارە ٥٥ و لیستی بزووتنەوەی ئیسلامی ٢ کورسیان بەدەست هێناوە.

سەرۆکی کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراق (فەرەج حیدەری)، پێیوایە کە هەڵبژاردنەکان بەشێوەیەکی زۆرپاک و شەفاف بەڕێوەچووە. وەک باسی لێوە کرد کە رێژەی بەشداربووانی دەنگدەران ٧٨،٥٪بووە و ئاستی بەشداریکردنی دەنگدەران لە پارێزگای هەولێر ٧٩٪، سلێمانی ٧٤،٥٪، دهۆک ٨٥٪ و بەغدا ١٥٪ بوو.

بەپێی قسەی وەزیری ناوخۆی هەرێمی کوردستان، (کەریم سنجاری) هیچ کێشەیەکی ئەمنی لەو هەڵبژاردنەدا رووینەداوە. لەیلا عەلی، نوێنەری لیستی کوردستانی لە بنکەی کۆماری هەڵبژاردن لە هەولێردا پێیوایە دەنگدەران هیچ سانسۆرێکیان بەسەرەوە نییە و بە ئازادی دەنگیان بەقەوارە سیاسییەکان دا.

(نزارخەتاب) لە لیستی خزمەتگوزاری و چاکسازی، لە بنکەی هەڵبژاردنی بارزانی نەمر، لە هەولێر، پێوایە کە رێژەی ئافرەت لە بنکەی ئەودا بە بەراورد لەگەڵ پیاواندا کەمبووە. پارێزەر (دەشتی ئیبراهیم) نوێنەری رێکخراوی پاو، فریاکەوتنی میللی بۆچوونی وابوو کە ئەم هەڵبژاردنە بە شێوەیەکی ئازدانە بەرێوەچووە و هیچ ساختەکارییەکی لەکاتی هەڵبژاردندا نەبینیووە و خەڵکیش ئاستی رۆشنبیری بەرزبووەتەوە.

پێکهێنانی کابینە

لیستی کوردستانی بەوپێیەی ٥٧ ٪ـی دەنگەکانی هێناوە، ١١ کورسییەکەی سیستەمی کۆتایش رەنگە هاوپەیمانی لەگەڵ ئەو لیستەدا بکەن و کابینەی نوێیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێک بهێنن. بەپێی زانیاری سەرچاوەیەکی ئاگادار بۆ "وارڤین" لیستی گۆڕان و چاکسازی، وەک ئۆپۆزسیۆن لە دەرەوەی کابینەی داهاتووی هەرێمی کوردستان، دەمێننەوە.

رۆژی ٧/٢٣ هەڵبژاردنی (تایبەت) بۆهێزەکانی ناوخۆ و پێشمەرگە و کارمەندانی ئێشکگری تەندروستی ونەخۆشخانەکان وبەندکراوانی هەرێم، بەرێوەچوو. بەگوتەی (فەرەج حەیدەری)، رێژەی بەشداربووانی دەنگدانی تایبەت، ٨٥٪بووە. لە روانگەی چاودێرانی ناوخۆ و بیانییەوە ئەم رێژەیە، بەرزترین ئاستی بەشداریکردنی هەڵبژاردن بووە. جێی ئاماژەیە، رۆژی ٧/٢٥ دەنگدانی گشتیی لە هەرێمی کوردستان دەستیپێکرد و لە هەرسێ پارێزگای هەرێمی کوردستان، ٢٣٦٨١٨٩ دەنگدەر، مافی دەنگدانیان هەبوو. لە پارێزگای هەولێردا، ٨٤٧٣٣٣ دەنگدەر، سلێمانی ١٠٢٠٥٤٤ دەنگدەر، دهۆک ٥٠٠٣١٢ دەنگدەر، هاوکات ١١٨٤و ٥٣١٠ وێستگە بۆ دەنگدان ئامادە کرابوون.



هیوا بەرزنجی

www.netewe.com



سفیتلانا، خانمی یەکەمی رووسیا، بەبۆنەی رۆژی هاوسەرگیری خۆی لەگەڵ سەرۆکی وڵاتەکەی (دمیتری میدفیدیف)، لە شارێکی کۆنی رووسیا ئاهەنگ دەگێڕێت و ئەو ئاهەنگە ناوی لێ نێرا ئاهەنگی چاکەو وەفاداری، بۆ خۆشەویستەکان.



خۆپیشاندانی ئافرەتانی میسر، لە بەردەم کونسولخانەی ئەلمانیا، لە میسردا،خۆپیشاندەران، سەرکۆنەی ئەو رووداوە دەکەن، کە ژنێکی میسری لە ئەلمانیادا بەناوی (شیربینی) کوژراوە و دروشمی خۆپیشاندانەکە داواکردن بۆ ئاشتییە.



ئەو کەسانەی ئەو یارییە دەکەن، رۆژنامەنووسان و راگەیاندن کارانن و یاریەکە بە بوکی دەریا ناسراووە و لە هۆڵەندا دەکرێت.









www.notawe.com

کۆمەڵایەتی



Photo هێمن

پرسی ئافرەت کوشتن لە کۆمەڵگەدا



سەرفراز نەقشبەندی

جگە لە دەستنیشانکردنی هۆکارە کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژی و ئابووریەکان کە دەبنە هۆی ئەوەی ئەمجۆرە ڕووداوانە لە کۆمەڵگەکاندا ڕوو بدەن، دەبێ پەروەردەکارانیش سەرلەنوێ پڕۆگرامەکانی خوێندن بخەنە ژێر تیشکی لێکۆڵینەوە

هەرکە تاوانێک بەرانبەر بە ئافرەت ئەنجام بدرێت هەموو لایەک هات و هاوار دەکەن و دەنگ بەرز دەکەنەوە بێ ئەوەی ئەو هات و هاوارە ئاکامێکی لێ بکەوێتەوەو تا دێت پرسەکە درێژە دەکێشێت و چەندین بێتاوان و بەستەزمان تێدا دەچن و دەبنە قوربانی

پرسی ئافرەت کوشتن لە عێراقدا بە گشتیی و لە هەرێمی کوردستاندا بە تایبەتی، پرسێکە هەڵوەستەیەکی پێویستە، لەبەر ئەوەی بە ڕووداوێکی ڕاگوزاری و سەرپێیی ناژمێردرێت، بگرە کێشە و پرسێکی ترسناکە و نابێت کەس لێی بێدەنگ بێت وبێدەنگبوون لەو پرسە بەرپرسیاریەتی مێژوویی دەخاتە ئەستۆی هەموومانەوە.

ئەم کێشەیە، ئەگەرچی لە چاپەمەنییەکاندا لێرە و لەوێ باس دەکرێت، بەڵام تەنیا ڕووداوەکان باس دەکرێن و بە ناوەرۆکی پرسەکەدا ڕۆناچنە خوارەوە و، ئەو ڕێکخراوانەی ئافرەتان لە هەرێمی کوردستاندا هەن بەشێوەیەکی زانستیانە و پرۆگرام بۆ دانراو باسیان نەکردووە. حکوومەتی هەرێمیش ئەگەرچی یاسایەکی دەرکردووە و کوشتنی ئافرەتی بە هەموو شێوەیەک قەدەغە کردووە و سزای توندی بۆ ئەو کەسانە دیاری کردووە کە بە هەر هۆیەک بووە ئافرەت دەکوژن و تاوانی نامرۆڤانە بەرانبەر بە نیوەی کۆمەڵ دەکەن، بەڵام هەرچەندە بە تەواوەتی کێشەکەی چارەسەر نەکردووەو کارێکی ئەوتۆی نەکردووە لەو کێشەیە کەم بکرێتەوە و هەنگاوێکی پراکتیکانەی ئەوتۆی بۆ نەهاوێشتووە.

هەرکە تاوانێک بەرانبەر بە ئافرەت ئەنجام بدرێت هەموو لایەک هات و هاوار دەکەن و دەنگ بەرز دەکەنەوە بێ ئەوەی ئەو هات و هاوارە ئاکامێکی لێ بکەوێتەوەو تا دێت پرسەکە درێژە دەکێشێت و چەندین بێتاوان و بەستەزمان تێدا دەچن و دەبنە قوربانی.

ئەوەی لەچاپەمەنی و گۆڤارو ڕۆژنامەکانیشدا باس دەکرێت و زۆر جار بە قوربانییەکاندا هەڵدەدرێت وچامەو پەخشانیان لەبارەوە دەنووسرێت، تەنیا دەربڕینی سۆزی سەرپێیی و خستنەڕووی ڕووداوەکانە نەک هەنگاوی پراکتیکی بۆ چارەسەرکردن. ئەمەیش وادەکات ڕاگەیاندن ڕۆڵی خۆی لە خستنەڕووی ئەم پرسەدا بەباشی نەبینێت و بەدوای هەنگاوە پراکتیکییەکاندا نەگەڕێت و لەو ئاستەدا بخولێتەوە کە هیچ چارەسەرێکی ئەوتۆی پێ نەبێت.

جگە لەوەش ڕاگەیاندن نەیتوانیوە هەموو تواناکانی خۆی لە سەرکردەییکردنی کۆمەڵدا وەگەڕ بخات و کارێکی وا بکات ببێتە پێشەنگی کۆمەڵ و دەست بخاتە سەر هۆکارە ڕاستەقینەکان و زانستیانە چارەسەریان بۆ دەستنیشان بکات و توخنی شتە بڤەکان بکەوێتەوە و فاکتەرەکانی ڕیسوا بکات.

لەم ڕوانگەوە پێویستە ڕاگەیاندن وزەی بێسنووری خۆی بەکار بخات و شیکردنەوەی زانستیانە، لەبارەی ئەم جۆرە تاوانانەوە ئەنجام بدات، کە لە کۆمەڵگەدا بەرانبەر ئافرەت دەکرێن و شارەزایان بێن، لە هۆکارەکانی ئەو تاوانانە بکۆڵنەوە و یاساناسانیش لە ڕووی یاساییەوە لێیان بکۆڵنەوە و کەلێنە یاساییەکان بە داڕشتنی برگەی نوێ لە یاساکاندا پڕ بکەنەوە.

جگە لە دەستنیشانکردنی هۆکارە کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژی و ئابووریەکان، کە دەبنە هۆی ئەوەی ئەمجۆرە ڕووداوانە لە کۆمەڵگەکاندا ڕوو بدەن، دەبێ پەروەردەکارانیش سەرلەنوێ پڕۆگرامەکانی خوێندن بخەنە ژێر تیشکی لێکۆڵینەوە و لێپرسینەوە و بزانن کەموکورتییەکە لە کوێدایە، یاسایش لە سزاو بڕیارەکانی خۆیدا بەرانبەر بە تاوانکاران ڕێڕەوی یاسایی خۆی وەربگرێت.

بۆیە لە بواری ئەم پرسەدا ڕاگەیاندن ئەرکێکی گەورەی لەسەر شانە و پێویستە لێکۆڵینەوە و بابەتی بەهێزی ئەوتۆ لەبارەی ئەم پرسەوە بە نموونەوە بڵاوبکاتەوە، و کارێکی وا بکات ڕوانینی خەڵک بەرانبەر، بە نەریتە کۆن و بەسەرچووەکان بگۆڕێت و هۆکاری پەسەند و زانستیانە بخاتە بەردەم تاکەکانی کۆمەڵ بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی زانستیانە لەم پرسە گرنگە بڕوانن و نەفرەت لە بۆچوون و ڕای سەدە تاریکەکان بکەن. هەروەها سەردەمیانە بیربکەنەوە و هەنگاوی زانستیانە بهاوێژن و ڕێنەدەن ئەو بیرە پووچ و ناسەردەمیانە سەرلەنوێ لە سەدەی بیست و یەکەم جارێکی دیکە کۆمەڵگەکەمان بەرەو هەڵدێری دواکەوتوویی و نەزانین ببات و نیوەی کۆمەڵ لەبەردەم ئەگەری کوشتن و ترس و لەرزدا بهێڵێتەوە.

www.netewe.com

پسپۆرێکی بواری نەخۆشییە دەروونییەکان:

" ژنانی بە مێرد زیاتر روبەڕووی تـــوندووتـــیژی دەروونـ



بەڕێوەبەری نەهێشتنی توندووتیژی دژ بە ژنان لەدهۆک، (نەقیب سامی جەلال) رایگەیاند، کە لە٨ مانگی کۆتایی ساڵ ٢٠٠٨دا لە پارێزگای دهۆک ٤٢٩ ژن روبەڕووی توندوتیژی بوونەتەوە و ١٢ کەسیان کوژراون. لەلایەکی دیکەوە پارێزەرێک ئەو پرسە بۆ کاریگەری نەرێنی رەوشی ئابووری لەسەر خێزان دەگەڕێنێتەوە و دەڵێت کە هێشتا کاریگەری نەرێنی گەمارۆی ئابووری ١٩٩١ نەتەوەیەکگرتووەکان و رژێمی ڕووخاوی بەعس لەسەر خێزانی کورد ماوە.

بەپێی ئامارە جیهانییەکان، لەنێوان ساڵانی ١٩٩٥-٢٠٠٠ دا نزیکەی ٢ ملیۆن ژن، سنووری وڵاتەکانی خۆیان بڕیوە و پاشان زۆربەشیان لە وڵاتانی دیکە، روبەڕووی توندوتیژی جەستەیی و فرۆشتن بوونەتەوە. لە کیشوەری ئەفریقیا، لەنێوان ٢٠٠٠-٢٠٠٣ دا یەک ملیۆن کچ سوننەت کراوە، هەرلەوبارەیەوە رێکخراوی جیهانی ژنان رایگەیاندووە کە لەماوەی ٥ ساڵدا ٢٠ ملیۆن کچ سوننەت دەکرێن. رێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتیش لەساڵی ٢٠٠٤دا ئاشکرای کردووە کە ساڵانە لەنێوان ٣ ژندا یەکێکیان روبەڕووی توندوتیژی دەبێتەوە.

بەڕێوەبەری نەهێشتنی توندووتیژی لەدژی ئافرەتانی پارێزگای دهۆک (نەقیب سامی جەلال) بە وارقینی راگەیاند، کە لە١/٥/٢٠٠٨ تا ٣١/١٢/

> " لە کوردستاندا ئەو ژنانەی مێردیان کـــردووە زیـاتـر لە کچان بـەرەوڕووی توندوتیژی دەروونـــی دەبـنـــەوە، بـۆیـە خـەمـۆکی زیـاتـر لـە لای ژنـان پەیدا دەبێت و تووشی ترس و دڵـــەڕاوکـێ و قسـەکـردنی کەم دەبن و هەروەها بڕوایان بەخۆیان نامێنێت"

٢٠٠٨، بەگشتیی لە سەرانسەری پارێزگای دهۆک ٤٢٩ ژن روبەوڕووی توندووتیژی بوونەتەوە کە ١٢ یان کوژراون و ٢٤ کەسیش خۆیان کوشتووە. هەروەها لەماوەی ئەو ٨ مانگەدا ٣٤٦ ژن سکاڵایان تۆمار کردووە. بەپێی زانیارییەکانی (نەقیب سامی) ٤٩ ژن سووتاون و ٨یش بەرەوڕووی دەستدرێژی سێکسی بوونەتەوە.

بەپێی ئەو ئامارەی لەلایەن بەرێوەبەرایەتی نەهێشتنی توندوتیژی دژ بە ژنان بڵاوبۆتەوە، کە تێیدا ئامارەکانی هەرسێ پارێزگای دهۆک و سلێمانی و هەولێر لەخۆدەگرێت، لەچوارمانگی یەکەمی ساڵی٢٠٠٩دا لە پارێزگای دهۆک. ٤حاڵەتی کوشتن و ١٢٢سکاڵاو ٢٠حاڵەتی توندوتیژی سێکسی تۆمارکراوە.

پارێزەر (عائیشە عەبدوللا)، هۆکاری سەرەکی توندوتێژی بۆ پرسی ئابووری و کاریگەریی لەسەر شیرازەی خێزان دەگەڕێنێتەوە و دەڵێت:" وڵاتە زلهێزەکان، توندوتیژی لەدژی وڵاتە لاوازەکان بەکاردێنن بۆ نموونە ئەو گەمارۆ ئابووریەی کە



(نەقیب سامی جەلال)

www.netawe.com

ـی دەبنەوە"

ئەمەریکا لەساڵی١٩٩١دا لەسەر عێراقی دانا، کاریگەری لەسەر رژێم کرد و رژێمیش گوشارەکانی بۆ سەر پارێزگاکان و لەوێشەوە لەبەر جێبەجێنەکردنی یاسا بۆ سەر خێزان و خێزانیش بۆ سەر تاکەکان، ژنان رووبەرووی گەورەترین تۆندوتیژی بوونەتەوە".

لەلایەکی دیکەوە (د.یوسف عەلی یاسین) پسپۆڕی نەخۆشییە دەروونییەکان، لەوبارەیەوە بە وارڤینی راگەیاند:" دوو جۆر تۆندووتیژی هەیە کە بریتین لە: "تۆندوتیژی جەستەیی و دەروونی: تۆندووتیژی جەستەیی، ئەوەیە کە راستەوخۆ لێدانی ژنان دەگرێتەوە و تۆندوتیژی دەروونیش ئەوەیە کە کاتێک پیاو وشک بێت و بە رەقی لەگەڵ ژندا قسە بکات، تا دەگاتە شۆێنێک کە ژن مافی قسەکردن و بڕیاردانی نامێنێت".

ئەو پسپۆڕەی نەخۆشییە دەروونییەکان، بەپێی ئەو کەیسانەی کە سەردانیان کردووە دەڵێت:" لە کوردستاندا ئەو ژنانەی مێردیان کردووە زیاتر لە کچان بەرەوڕووی تۆندوتیژی دەروونی دەبنەوە، بۆیە خەمۆکی زیاتر لە لای ژنان پەیدا دەبێت و تووشی ترس و دڵەڕاوکێ و قسەکردنی کەم دەبن و هەروەها بڕوایان بەخۆیان نامێنێت". (د. یوسف عەلی) دەڵێت کە هەرچەندە ئامارێکی زوونی لەبەردەست نییە، بەڵام پێیوایە کە ٨٠٪ی ئەو ژنانەی لە کوردستاندا رووبەرووی تۆندوتیژی دەبنەوە، لە جۆری تۆندووتیژی دەروونییە.

ر.ع، تەمەن ٢٥، ماوەی٢ ساڵە مێردی کردووە، ئامازە بەوە دەدات کە مێردەکەی لەژێر کاریگەری خەسووی دایە و هەرکاتێک کە دەچێتەوە ماڵی باوکی، پاش گەڕانەوەی مێردەکەی لێیدەدات . ر.ع، لەوبارەیەوە گوتی:" جارێک خەسووم پێیگوتم دەبێ گۆرەوی شووبراکەم بشۆم منیش نەمشوشت، بۆیە لەو رۆژەوە بوو بە دوژمنم و مێردەکەمی لێ هاندام، تا تێر و پڕم لێ بدات، مێردەکەم لەژێر کاریگەری دایکی دایە".

تۆێژەری کۆمەڵایەتی عەبدولجەبار عەبدولڕەحمان، باس لەوە دەکات کە ژن لە قۆناغی ئێستای بەجیهانیبووندا هەوڵی ئازادکردنی خۆی لە دابوونەریتەکان دەدات و بەو پێیەش کۆمەڵگەی ئێمەیش ناتوانێت ئەو سەربەخۆییەی بۆ دابین بکات، بۆیە ژنی کورد بە تەنیا لەگەڵ بنەماڵە شەڕ ناکات، بەڵکو لەگەڵ کۆمەڵگەش کێبڕکی دەکات و ئەوانەش هۆکارگەلێکن کە ژنی کورد بەرەوڕووی تۆندووتیژی دەکەنەوە، ئەوەش وەها دەکات کە ژنی کورد دووجار بچەوسێتەوە، جارێک لەلایەن پیاوان و جارێکی دیکەش لەلایەن کۆمەڵگەوە.



(د. یوسف عەلی)

لەلایەکی دیکەوە داخواز عەبدولستار، لە راگەیاندنی ئەنجوومەنی ئافرەتان- لقی دهۆک، پێیوایە کە ئەگەر ژن شووی کردبێت، بنەماڵەی مێردەکەی بە مووڵکی خۆیانی دەزانن، ئەو گوتی کە مێرد لەبەر دایک و خوشک و دابوونەریتە کۆمەڵایەتییەکان ناتوانێت وەک پێویست بەرگری لە هاوژینەکەی بکات، بۆیە زۆرجار بە ناچاری و لەبەر رازیکردنی دایک و بنەماڵەکەی تۆندووتیژی لەدژی ژنەکەی بەکار دێنێت. داخواز دەڵێت:" گوشارە کۆمەڵایەتییەکان ئەوەندە کاریگەرن کە ژن ناچار بە هەڵبژاردنی بێدەنگی و چاوپۆشی لە مافەکانی دەکەن و ئەگەریش پێداگر بێت بڕیار لەسەر جیابوونەوەی دەدەن".



هەڵز عەلی

*لە رێکەوتی ٢٠٠٩/٧/١٥ ئافرەتێک لە گەڕەکی تەعجیل سووتاوە بەناوی(ک،ر،ع) پیشە ژنی ماڵەوە بە گوتەی خۆی ڕووداوەکە قەزاو قەدەر بووە و بەهۆی تەقینەوەی پەرەمێز ڕوویداوەو سکاڵای دژی کەس تۆمار نەکردوە.

*لە رێکەوتی ٢٠٠٩/٧/١٥ ئافرەتێک بەناوی (ه.خ.م) تەمەن ٢٠ ساڵ، کە ژنی ماڵەوەیە بە سووتاوی هێنراوەتە نەخۆشخانەی فریاکەوتن و بە گوتەی خۆی لە ماڵەوە خەریکی چێشت لێنان بووە، نەوت ڕژاوەتە سەر کراسەکەی و گڕی گرتووە.

*لە رێکەوتی ٢٠٠٩/٧/٢٧ کچێک بەناوی (ژ.ک.ا) دانیشتووی قوشتەپە، تەمەن ١٦ ساڵ کە قوتابی پۆلی ١٠ی بنەڕەتیە بەهۆی لێدانی تەزووی کارەبا گیانی لەدەستداوە، لە ژوورێ گەرماوەکەیان لە کاتی خۆشوشتنیدا تەنکی ئاوەکە کارەبای لەسەر بووەو دەموودەست مردووە. باوکی ئەو کچە فەرمانبەری کارەبای قوشتەپەیە و هیچ سکاڵایەکی لەدژی کەس نییە.

*لە بنکەی پۆلیسی عەنکاوە لە رێکەوتی ٢٠٠٩/٧/٢٧ ئافرەتێک بەناوی (ج.ا.ح) تەمەن ٢٧ ساڵ پیشە ئافرەتی ماڵەوە شووی کردوە بەهۆی لێدانی تەزووی کارەبا گیانی لەدەستداوە و دواتر بۆ پشکنین، تەرمەکەی ڕەوانەی نەخۆشخانەی ڕزگاری کراوە.

*ڕووداوێکی سووتان لە نەخۆشخانەی ئیمێرجنسی لە رێکەوتی ٢٠٠٩/٧/٢٨ کچێک بەناوی (ش.ا.ع) لە دایکبووی ساڵی ١٩٨٣ کچی ماڵەوە، دانیشتووی گەڕەکی ڕزگارییە. لەگوتەی خۆیدا، باسیکردوە سەردانی ماڵی براکەی کردوە و بەهۆی شۆرتی کارەباوە جلەکانی سووتاوە. ئەو کچە سکاڵای لەدژی کەس نەبووە و هەمان ڕۆژ گیانی لەدەستداوە.

www.netewe.com

ژنانی دهۆک هێشتا گیرۆدەی دابوونەریتن

دهۆک

"بەشداریکردنی ژنانی سلێمانی لە کارگەلی میری و حزبیدا و هەبوونی چەندین گۆڤار و رۆژنامە و دەزگای راگەیاندن، بوونەتە پاڵنەر، تا ئاستی رۆشنبیری خۆیان بەرز بکەنەوە، بەڵام بەپێچەوانەوە لە دهۆک وەک پێویست ئەو زەمینەیە نەڕەخساوە، تا ژنان خۆیان رۆشنبیر بکەن. لەبەر ئەوەی نە ژن هەوڵدەدات و نە ئەو کەسانەی خۆیان بە رۆشنبیر دەزان بوونەتە نموونەیەک، تا ژنانی دی چاویان لێ بکەن".

"دابونەریت لە بەرژەوەندی پیاوان دایە"

بەرپرسی یەکێتی ژنانی کوردستان، لقی دهۆک (بێریڤان خورشید) سەبارەت بە ناچالاکبوونی ژنانی دهۆک بە بەراوورد لەگەڵ ژنانی سلێمانی و شارەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان، بە وارقینی راگەیاند، کە دابوونەریت لە دهۆکدا بەجۆرێک لەجۆرەکان بووەتە یاسای ژیان و کۆمەڵگە بەڕێوە دەبەن، لەبەر ئەوەش ژنان گیرۆدەی داب و نەریت و ناتوانن وەک پێویست رۆڵی خۆیان بگێڕن.

(بێریڤان خورشید) گوتیشی:" دابوونەریت تەنیا لەبەرژەوەندی پیاواندایە، دابوونەریت، هەمیشە ژنانی لە زۆربەی مافەکانیان دوورخستووەتەوە و نەیهێشتووە بە ناوەندەکانی بڕیار بگەن". ئەو بەرپرسەی یەکێتی ژنان دەڵێت:"ژن، دەکەوێتە ژێر گوشاری دابوونەریتەوە، ئەو پیاوانەی کە چاویان بە پێشکەوتنی ژناندا هەڵنبێت و قبوڵی بکەن کە ژن خاوەن کەسایەتییەکی رۆشنبیر و پێشکەوتوو بێت زۆر کەمن ".

"لە دهۆکدا زەمینە بۆ رۆشنبیرکردنی ژن نەرەخساوە"

بەڕای نووسەر (مەهدی بامەرنی)، ئەو زەمینەیەی لە سلێمانی هەبووە ڕێگەی بۆ رۆشنبیرکردنی ژن خۆش کردووە و هەروەها ڕێگەی پێداوە کە سنووردەکانی خۆی تێبپەڕێنێت و خۆی لەگەڵ ژیانی سەردەمییانەدا بگونجێنێت. ئەو نووسەرە هەروەها گوتی:" بەشداریکردنی ژنانی سلێمانی، لە کارگەلی میری و حزبیدا و هەبوونی چەندین گۆڤار و رۆژنامە و دەزگای راگەیاندن، بوونەتە پاڵنەر، تا ژنان، ئاستی رۆشنبیری خۆیان بەرز بکەنەوە، بەڵام بەپێچەوانەوە لە دهۆک وەک پێویست ئەو زەمینەیە نەڕەخساوە، تا ژنان خۆیان رۆشنبیر بکەن. لەبەر ئەوەی نە ژن هەوڵدەدات و نە ئەو کەسانەی خۆیان بە رۆشنبیر دەزان بوونەتە نموونەیەک، تا ژنانی دی چاویان لێ بکەن".

"ئانی ژن و کارەکەی حەرامە"

ئیلهام رەمەزان سدیق، پارێزەر لە دادگای دهوک، لاوازبوونی رۆڵی ژنان، بۆ پرسی عەشیرەتی لەناو کۆمەڵگەدا دەگەڕێنیتەوە، ئیلهام گوتی:" لەدهۆک هەر کەسێک بە ناوی گوند یان عەشیرەتەکەیەوە دەناسرێت، بەڵام لەمێژە ئەو شتە لە سلێمانی نەماوە، ئەگەریش مابێت زۆر کەمە".

لە لایەکی دیکەوە تووێژەرێکی کۆمەڵایەتی ئەوە ڕەت دەکاتەوە، کە ئاستی رۆشنبیری ژنانی دهۆک لە ژنانی سلێمانی کەمتر بێت و ئاماژە بەوە دەکات، کە ئەو دەرفەتانەی لە پارێزگاکانی دیکەدا بە ژنان دەدرێت، لە پارێزگای دهۆکدا بە ژنان نەدراوە. تووێژەری کۆمەڵایەتی (حەمید گراڤی) گوتی:" دەبێ لەبیر نەکەین زۆربەی دانیشتوانی دهۆک لە گوندەکانی دەوروبەرەوە هاتوون و کۆمەڵێک بیرو بۆچوونی جیاوازی تێدایە و یەکێک لەو بۆچوونانەش ئەوەیە کە بڕوای بە رۆڵی ژن نییە". (گراڤی) هەروەها ئاماژەی بەوە کرد، کە لە دەڤەری دهۆک قسەیەک هەیە کە مێشکی زۆرینەی خەڵکی داگیرکردووە و ئەویش ئەوەیە (نانێ ژنێ و کارێ وێ حەرامە). ئەو تووێژەرە کۆمەڵایەتییە، پێیوایە کە راستە کۆمەڵگە بواری بۆ پێشکەوتنی ژنان نەڕەخساندووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خۆیان ئەو ئاڕەزوو و پاڵنەرەیان لەلا نییە، تا خۆیان رۆشنبیر بکەن.



(بێریڤان خورشید)



ئاواز داود

زمان بێتاوان نییە!



رۆکەن خاتوون

زمان لەسەر دابوونەریت، یاسا، ماف و.. کاریگەری دادەنێت.
کۆمەڵگەی کورد و هی جیهانیش بەپێی یاساکانی زمان دەژین

" دەمەوێ هۆنراوەی بەهێز بنووسم
نە قسەی سەر و ژێر،
لە زمانێکی نوێ دەگەڕێم بۆ ژیان،
ڕێزمانێک کە ناکۆکییەکان لە باوەش بگرێت".

بە هەندێک پرسیار نووسینەکەم دەست پێ دەکەم. بە بۆچوونی ئێوە زمان بێتاوانە؟ لەجیهاندا، کامە لایەن لە هەموو زمانێکدا هاوبەشن؟ هەندێک بە دوای وەڵامەکەدا بگەڕێن، پرسیار لە زانستی زمانەکان بکەن. هەندێک دەڵێن:" ئێمەی کورد هێشتا زمانێکی هاوبەشمان نییە، زمانی ژن بۆچی؟".

زمان کاریگەرییەکی زۆری لەسەر کۆمەڵگە داناوە. لە دامەزراندنی کۆمەڵگەدا، لەمێژووی مرۆڤایەتیدا، لەپەیوەندییە بەرهەمدارەکاندا کاریگەرییەکی زۆری هەیە. لەبەر ئەوەش مرۆڤ ناتوانێت بە سانایی باس لە زمان بکات. کاتێک مرۆڤ کاراکتەرەکانی زمان و تایبەتمەندییەکانی شرۆڤە بکات، نایەکسانی ناو کۆمەڵگەش شرۆڤە دەکات. لەئەنجامدا دەبینین، کە زمان لە ناو کێشەکاندا بێتاوان نییە. لەبەر ئەوەش ڕاڤەکردنی زمان بە سانایی نابێت. کاتێک لە ڕوانگەی ژنەوە دامەزراندنی زمان لێکبدەینەوە بۆمان دەردەکەوێت، لەو بوارەشدا مافەکانیان پێشێل کراون.

زمان کولتووری کۆمەڵگە بنیات دەنێت. پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ڕێکدەخات. زمان لەسەر دابوونەریت، یاسا، ماف و.. کاریگەری دادەنێت. کۆمەڵگەی کورد و هی جیهانیش بەپێی یاساکانی زمان دەژین. لەبەر ئەوەش من جارێکی دیکە لێتان دەپرسم، ئایا قەت لەو زمانەی، کە ئێمە هەموو ڕۆژێک قسەی پێ دەکەین کۆڵیوینەتەوە و کاراکتەر و تایبەتمەندییەکانی دەناسین؟ ئەو زمانە لە خزمەتی کێدایە؟ بۆچی ژنان ناتوانن خۆیان بێننە سەر زمان. پێویستە گوێ لەو شێعرەی "کریست شێری" بگرین:

" دەمەوێ شێعری بەهێز بنووسم
نە قسەی سەر و ژێر،
لە زمانێکی نوێ دەگەڕێم بۆ ژیان،
ڕێزمانێک کە ناکۆکییەکان لە باوەش بگرێت".

ئایا بیرتان لەوە کردووەتەوە، بۆچی ئەو زمانەی کە ئێمە دەمانەوێت ناتوانین لەناو ژیانی ڕۆژانەدا بەکاری بێنین؟ ئەگەر ڕەگەزێک نەتوانێت بە زمانی خۆی قسە بکات، چۆن دەتوانێت باسی وەکهەڤی بکات؟ ٦٠٪ی دانیشتوانی سەر گۆی زەوی ژنن. ژمارەیان لە پیاوان زیاترە، دیسان مافیان کەمە.

ژن بەپێی تایبەتمەندییەکانی خۆی زمانەکەی بەکار ناهێنێت. بۆ وەڵامەکەمان لە ناو شێعر و نووسراوەکاندا دەگەڕێین. هەمیشە ناوی وڵات بە هێمای ژن پێناسە کراوە. هەمیش وڵات بە جلوبەرگی بووکەکان دەخەملێندرێت. لەناو دەقە ئەدەبییەکاندا ژن وەک ڕووناکی وڵات پێناسە کراوە و بەو شێوەیەش لە مێشکدا جێگیر بووە. خاک و وڵات ماڵ و مولکن. ئایا ژنیش وەک ماڵ و مولک حیساب دەکرێت؟ چواندنی ژن بە ماڵ و مولک یەکسانی دروست دەبێت؟

قەت بیرتان لەوە کردووەتەوە، ئەگەر ژنێکی کورد لە زمانی ژنەوە "مەم و زینی" نووسیبایە چۆنی دەهێنایە سەر زمان؟ چیرۆکی مەم وزین بە زۆری باسی چی دەکرد؟ ئەگەر شەرەفنامەی شەرەفخانی بەدلیسی ژنێک بینووسیبایە، مێژووی کورد و ژنی کورد چۆن دەنووسرایەوە. لەدەرەوەی دەرەبەگ و میرەکان لەو سەردەمەدا ئەگەر ژنی کورد ڕێکخستنی هەبووایە زمان و کولتوورێکی چۆنی دادەمەزراند؟

من وەڵامتان دەدەمەوە، ڕەوشی ژنان و کۆمەڵگە بەم شێوەیە نەدەبوو. ڕوانگەی کۆمەڵگە لە بەرامبەر یەکتریدا ئەوەندە تووند وشک نەدەبوو. زەحمەتی، ئەشکەنجە، مردن و شەڕ ڕووینەدەدا. چاوە برسییەکان نەدەمان، گوتەی:" بەپێی بەرپرسیارێتی خۆت قسە بکە"، نەدەما. چەمکی ئەخلاق و ناموس پێناسەیەکی دیکەیان دەبوو. نایەکسانی لە پەروەردەدا نەدەبوو. لە کۆمەڵگە بە چاوێکی یەکسان سەیری ژن و پیاوی دەکرد.

بۆ ئەوەی ژیانی مرۆڤایەتی یەکسان بێت، پێویستە زمانێکی نوێ دابمەزرێت کە هاوکات لەگەڵ ئەوەیدا ڕێز لە جیاوازییەکان دەگرێت بۆ یەکسانی مافەکانیش هەوڵبدات و کریست گوتەنی:" ڕێزمانێک کە هەموو ناکۆکییەکان لە باوەش بگرێت"، پێویستە.

www.netewe.com

توندووتیژی دژ بـ

ئاری رەفیق: "بەشێکی زۆری ڕێکخراوەکـــانی تایبـ

عەمید عەبدولخالق : کەیسـی ژنـ

هەولێر

"زیاتر لەهەزار ڕێکخراومان لە هەرسێ پارێزگاکەی هەرێم هەیە، زۆربەیان بەسەر حکوومەتدا بوونەتە بارگرانی و بەشێکیان تەنیا بۆ خۆبەخێوکردن، ڕێکخراویان داناوە و بەشەکەی تریشیان نایەنەوێت ئەو پرسە چارەسەربکەن و ناشزانن کار لەسەر پرسی ژن بکەن". ئەمە گوتەی بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی توندووتیژی دژ بەژنان بوو، هاوکات لە وەڵامدا بەڕێوەبەری گشتیی پۆلیسی هەولێر، ئەوە دەخاتە ڕوو کە ڕێکخراوەکانی تایبەت بە پرسی ژنان، ناتوانن کێشەی ژنان چارەسەربکەن.

ئامارەکانی توندووتیژی دژ بە ژنان

بەپێی ئاماری سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو، لە چوار مانگی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٩ـدا لە پارێزگای هەولێر و دەوروبەریدا ٣٤٩ سکاڵا، ٦٦ حاڵەتی ئەشکەنجەدراو و ١٠حاڵەتی کوشتن تۆمارکراون.

لەپارێزگای سلێمانی و دەڤەرەی گەرمیان٣٩١حاڵەتی توندووتیژی بەهەموو جۆرەکانییەوە، ٤٧٧ سکاڵای لێ تۆمارکراوە. هەروەها لە سنووری پارێزگای دهۆک، ٤ حاڵەتی کوشتن و ١٢٢ سکاڵا تۆمارکراوە. ٢٠ حاڵەتی ڕووبەڕووبونەوەی توندووتیژی سێکسی کە ٨٠٪یان تەمەنیان لە نێوان ١٤تا ٤٠ساڵی و ٢٠٪یان لە تەمەنی ٣٠تا ٦٠ ساڵیدان، تۆمار کراوە.

بەپێی قسەی بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بەژنانی وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان، (ئاری رەفیق)، ڕێژەی توندووتیژی بە بەراورد لەگەڵ ساڵی ڕابردوو کەم بووەتەوە، بەڵام زۆر لە چالاکڤانانی بواری پرسی ژنان ئاماژە بەوە دەدەن کە هەموحاڵەتەکانی کوشتنی ژنان تۆمار نەکراون.

ئەو دەڵێت، کە ئەگەر پارێزگای دهۆک بەنموونە وەربگرین، لەساڵی٢٠٠٨ـدا دوانزە حاڵەتی کوشتن هەبووە و تەنیا لەچوار مانگی یەکەمی ساڵی٢٠٠٩ـدا چوار حاڵەتی کوشتن هەیە".

"کێشەکان لە دادگا ئاڵۆزتر دەبن"



هێمن

عەمید عەبدولخالق لە کاتی جێبەجێکردنی ئەرکەکەی

بەڕێوەبەری گشتی پۆلیسی هەولێر، عەمید عەبدولخالق، پێیوایە زۆرجار بە ناردنی کێشەکان بۆ دادگا لەبری چارەسەر بێت، ئاڵۆزترەدەبێت، چونکە ڕۆشنبیری تاکی کۆمەڵگەی ئێمە نەگەیشتۆتە ئەو ئاستە، کە لە ڕێگای یاساوە کێشەکانیان چارەسەر بکەن.

وەک بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر دەڵێت:" پیاو هەبووە بە ژنەکەی گووتووە، ئەگەر لە دادگا سکاڵا تۆمار بکەیت، نابێ جارێکیتر بۆ ماڵ بگەڕێیتەوە". بەڕێوەبەری گشتی پۆلیسی هەولێر، هەروەها ئاماژەی بەوەشدا کە ئەوان لەپێناو کەمکردنەوەی ڕێژەی ژن کوشتن، جار هەبووە بۆ چارەسەرکردنی کێشەیەک تا کاتژمێر سێ تا چواری شەو ماونەتەوە، بۆیە لەو باوەڕەدایە کە چارەسەرکردنی ئەم کێشانە پێوستی بە شەونخوونی تەواوی لایەنە پەیوەندیدارەکان هەیە. هاوکات ئەو بەڕێوەبەرە دەپرسێت: "ئایا کێ توانای ئەوەی هەیە تا درەنگانی شەو بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ژنێک بمێنێتەوە"!.

تیمی گەڕۆک

(عەبدولخاڵق) گوتیشی:" ئەو کێشانەی کە ناتوانرێت لە بەڕێوەبەرایەتی توندووتیژی دژ بە ژنان و دادگا چارەسەر بکرێت، ئێمە بە چەندین دانیشتن چارەسەری دەکەین" و هەروەها ئەوەشی نەشاردەوە کە لە ماوەی ساڵێکدا زیاتر لە (٢٥-٣٠) کێشەی ئافرەتیان چارەسەر کردووە. بە گوتەی ئەو زۆربەی ئەو کەیسانەی کە چارەسەری دەکات لە لایەن بنکەکان و لەڕێگای پەیوەندی کەسییەوە، بۆی دەنێردرێت.

هاوکات (ئاری رەفیق) دەڵێت:" سەرچاوەی بنەڕەتی لایەنی پراکتیکی بۆ پرسی ژن لە کوردستاندا بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بەژنانە". (ئاری) لەبارەی ئەو زانیارییەی کە باسی لێوە دەکرێت کە کاری بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژی، تەنیا بەدواداچوونی کێشەکانە، بۆ کەمئەزموونی ئەو ئەفسەرە پۆلیسانە دەگەڕێنێتەوە، کە لەو بوارەدا کار دەکەن، بە تایبەتیش ئەفسەرە ژنەکان کە پێشتر لەسلکی پۆلیسدا کاریان نەکردووە. (ئاری)، باسی لەدامەزراندنی تیمێکی گەڕۆک بۆ ئەو کەیسانەی کە گرفتی ئاڵۆزیان هەیە کرد و، گوتی" تیمێکی

www.netwe.com

ـه ژنان بەردەوامە

ـەت بە پرسی ژنان بە سەر حکوومەتدا بارگرانین"

ـان لە دادگاکاندا ئالۆزتر دەکرێن



ئاری رەفیق

خۆبەخشمان پێک هێناوە، کە خۆیان دەرۆنە مالّەکان و کار لەسەر دۆسیە سەختەکان، دەکەن. ئەو تیمەش، کارئاسانی بۆ ئەو ئافرەتانە دەکات، کە ناتوانن سەردانی بنکە و بەڕێوەبەرایەتییەکان بکەن".

هودا سابیر، کە یەکێکە لە ئەندامانی ئەم گروپە،بە وارڤینی راگەیاند"کە ئەم بۆردە لە ڕێکەوتی ٢٠٠٩/٥/٢٦، بەفەرمانی وەزاری لەلایەن وەزیری ناوخۆ بریاری دامەزراندنی دراوە،ژمارەی ئەندامەکانی بریتین لە ٣ کەس".

دواتر هودا، ئاماژەی بەوەکرد کە کاری ئەم گروپە ناچێتە قالّبی چارەسەرکردن بە شێوەی عەشایەری بەڵکو ئەمە شێوازێکی مۆدێرنەو هەندێ لە کۆمەڵگای ئەوروپی و ئەمریکی ئەم جۆرە سیستەمە بەکاردەهێنن .

> لەماوەی ساڵێکدا ٧ئافرەت کە هاوکات بنەمالّەکانیان بەڵێننامەکەیان واژۆ کردووە، لەو سەنتەرە بردراونەتە دەرەوە و کوژران"

ناتوانرێت پاسەوانی پۆلیس بۆ هیچ ئافرەتێک دابنرێت"

ئەو سەنتەرانەی کە پارێزگاری لە ژن دەکەن، بەو مەرجە ژنەکە بە کەسووکاری دەدەنەوە، کە بەپێی بەڵێننامەیەک کە واژۆی دەکەن، نابێت هیچ حالّەتێکی تووندووتیژی بەرامبەر بە ئەو ئافرەتە بکرێت، بەڵام دواتر هەندێ جار دەکوژرێن، وەک ئەو حالّەتانەی کە لە سەنتەری نەوا رووبداون. بەپێی قسەکانی بەڕێوەبەری سەنتەری نەوا، نیگار بەکر بۆ وارڤین گوتی: لەماوەی ساڵێکدا ٧ئافرەت کە هاوکات بنەماڵّەکانیان بەڵێننامەکەیان واژۆ کردووە، لەو سەنتەرە بردراونەتە دەرەوە و کوژران".

لەوبارەوە (عەبدولخالق) پێیوابوو، کە پێویستە ئافرەتەکە بەرگەی لێپرسینەوە بگرێت، چونکە خۆی داوای ڕۆیشتنە دەرەوە دەکات. بەگوتەی (عەبدولخالق): "ناتوانرێ پاسەوانی پۆلیس بۆ هیچ ئافرەتێک دابنرێت".

(ئاری رەفیق) ئەوە ڕەت دەکاتەوە کە ٧ ئافرەت لەو سەنتەرە بردرابنە دەرەوە و هاوکات ئەوەش پشتڕاست دەکاتەوە کە تەنیا ٢ ئافرەت لەو سەنتەرە بردراونەتە دەرەوە و کوژراون، کە دایک و باوکیان دەستگیر کراون و لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ دەکرێت".

سەرچاوەیەکی تایبەت بە وارڤینی ڕایگەیاند، کە لە هەولێر و دەوروبەریدا لە ماوەی (٦) مانگی ڕابردوودا (٨٥) ژن سووتاوە، کە (٦١)ـی مردووە و (٢٤)ـی ماون. هەروەها (١٢) ژنیش کوژراوە، و (٢٣٣) سکاڵای لێدانیش تۆمار کراوە.

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی تووندوتیژی، لە چوارمانگی یەکەمی ساڵی٢٠٠٩دا، ٣٤٩ سکاڵا و ٦٦ حالّەتی ئەشکەنجەدان تۆمارکراوە.

(ئاری رەفیق)، باس لە کەمبوونەوەی ڕێژەی کوشتنی ژنان دەکات و ئەوەش دەخاتە ڕوو:" ئێستا حکوومەت بکوژی ژنان دەگرێت، بە هەر بیانوو یان هۆکارێک بێت".

ئەو بۆچوونی وابوو، ئەم حالّەتە لەسەر



هودا سابیر

زیادبوونی ڕێژەی سکاڵا ڕەنگی داوەتەوە. بەو مانایەی تووندووتیژی بە جۆرێکی دیکە هەیە و ئەوەش ناشارێتەوە:"حالّەتەکانی کوشتن و سووتان بەردەوامە".

زیاد بوونی ڕێژەی جیابوونەوە (تەلاق) ئەڕێنییە لە وەڵامی ئەوەی بۆچی کێشەکان نانێردرێنە ڕێکخراو وسەنتەرەکانی ئافرەتان، عەمید (عەبدولخالق) پێیوایە کە ئەوان ناتوانن ئەو کێشانەچارەسەر بکەن.

ئاری رەفیقیش دەڵێت" زیاتر لەهەزار ڕێکخراومان لە هەرسێ پارێزگاکەی هەرێم هەیە، زۆریان بەسەر حکوومەتدا بوونەتە بارگرانی و بەشێکیان تەنیا بۆ خۆبەخێوکردن، ڕێکخراویان داناوە و بەشەکەی دیکەشیان نایەنەوێت ئەو پرسە چارەسەر بکەن و ناشزانن چۆن کار لەسەر پرسەکە بکەن".

ئاری زیادبوونی ڕێژەی تەلاق بە"ئەڕێنی" وەسف دەکات، و پێیوایە ئافرەتان داوای جیابوونەوە بکەن، لە خۆسووتاندن باشترە.

سەبارەت بەو ئامار و هەواڵانەی، کە لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنداو بڵاو دەکرێنەوە ئاری رەفیق، ئەوەشی خستە ڕوو کە زانیارییەکانی پۆلیس، پزیشکی داد، نەخۆشخانەکان، بۆ ئەوان سەرچاوەی بنەڕەتین و ئەوەی کە لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنداو بڵاو دەکرێتەوە، زانستی نییە، لەبەر ئەوەی ڕاگەیاندنەکان لەوە ناکۆڵنەوە تا بزانن کامەی دەچێتە قالّبی تووندوتیژییەوە یان ناچێت.

تاڤگە عەلی

www.netewe.com

چیرۆکی ئەوژنانەی لە چاوەڕێی مردندا بوون



"حەوت جار لە لایەن خۆشەویستەکەی خوازبێنی کراوە، بەڵام باوکی بەو هاوسەرگیریە رازی نەبووە، بۆیە لەگەڵ خۆشەویستەکەیدا رۆیشتووە". ئەمە بەسەرهاتی غەریبەیە، سەرەڕای مەترسی کوشتن و ئەو ژیانە دژوارەی هەڵیبژاردووە، باس لە نەهامەتی منداڵەکانیشی دەکات کە بەو هۆیەوە نەخراونەتە بەر خوێندن و منداڵکانیشی وەک خۆی نەخوێندەوار ماونەتەوە.

هێرۆ، ژنێکی ڕەنگ زەرد و لاوازە و تەمەنی چل ساڵە، هەرکەس بیبینێت، دەزانێ خەمێکی قوڵ لە ناخیدایە. خەڵکی یەکێک لە گوندەکانی دەوروبەری قەزای ڕانیەیە. تەمەنی بیست وپێنج ساڵ بووە، لەگەڵ ئەو کوڕەی خۆشیویستووە ڕۆیشتووە. دوای ئەوەی کوڕێکی دەبێت، مێردەکەی، لە لایەن براکانی هێرۆ دەکوژرێت. هێرۆ، لەگەڵ ئەوەی لە ژیانێکی سەختدا دەژیت، بەڵام ئەگەر مێردەکەی نەکوژرایە، هەرگیز لەو کارەی کردوویەتی پەشیمان نەبوو.

ئەو دەڵێ:"(من و ع)، یەکترمان زۆر خۆشدەویست، چەند جارێک هاتە خوازبێنیم، بەڵام براکانم ڕێگەیان نەدا شووی پێبکەم، بۆیە (ع) داوای لێکردم بڕۆین، شەوێک بەدزییەوە ڕۆیشتین، ماوەی سێ ساڵ خۆمان حەشاردا، دواتر بە مەرجێک نەڕۆمەوە ماڵی بابم، سوڵحمان بۆ کرا". هێرۆ، بەدەم گریانەوە گلەیی لە بەختی خۆی دەکرد، لەبەرئەوەی تەنیا گوناهی ئەو ئەوەیە،

> پسپۆڕی بواری دەروونی و ڕاوێژکاری گۆڤاری وارڤین، د.تـوانـا عـەبـدولـڕەحـمـان، ڕەدووکـەوتـنـی کـچـانـی بۆ نەبوونی ئازادی لە بنەماڵەدا و گرنگی پێنەدانیان لەلایەن بـنـەمـاڵـەوە گـێـڕایـەوە و پێیوابوو کـە ئـەو کـچـانەی لـەگـەڵ پـیـاوێـک هـەڵـدێـن، ئاستێکی ڕۆشنبیری لاوازیان هەیە، یان نەخوێندەوارن

ویستویەتی لەگەڵ ئەو کەسە بژیت کە خۆشیدەوێ. " کەس وەک من لە دنیا بەدبەخت نییە، براکانم هەموویان بەدڵی خۆیان ژنیان هێنا و، ئاواشیان بەسەر من هێنا". هێرۆ، بەمجۆرە چیرۆکی کوشتنی مێردەکەی لەلایەن براکانیەوە دەگێڕایەوە.

دواتر هێرۆ، ئەوەی خستە ڕوو، بە مەرجێک سوڵحمان بۆکرا، من و (ع) لە هیچ شوێنێک نەبینن، بەڵام ئێمە خۆمان نەدەشاردەوە وامانزانی لە کوشتن ڕزگارمان بووە.

لەبارەی کوشتنی (ع)، هێرۆ، باسی لەوە کرد کە "ئێوارەیەک، بە ڕێکەوت برایەکم (ع) دەبینێت و یەکسەر دەیداتە بەر دەستڕێژی گوللە، ئەوکات کوڕەکەم تەمەنی دووساڵ بوو. ئەو ئێوارەیە، تا دەرەنگ چاوەڕێی هاتنەوەمان دەکرد، بەڵام دیارنەبوو. تا خزمێکی مێردەکەم هات گوتی (ع) لەخەستەخانەیە و براکەت تەقەی لێ کردووە، گوللە بەر پشتی کەوتووە".

بەگوتەی هێرۆ، دوای ئەو دەستڕێژە (ع) حەوت ساڵ تووشی شەلەل بووە، تا بەو ئازارەوە تووشی شێرپەنجە بوو و بەو گوللەیە مرد".

ئەو ژنە، ئێستا لەگەڵ کوڕەکەی لە ژیانێکی سەختدایە وەکوو خۆی دەڵێت:" بە زەکات وخێری خەڵک دەژین، کەس خۆی ناکات بەخاوەنمان". ڕەدووکەوتن، چیرۆکی ئەو ژنانەیە کە لەماڵی باوکیان ڕادەکەن و بەبێ ڕەزامەندی ئەوان هاوسەرگیری لەگەڵ ئەو کوڕەی دەکەن کە خۆشیان دەوێت.

زۆر لەو ژنانەش بەدەستی کەسووکاریان دەکوژرێن. یاخود تا لە ژیاندا بن، لە دڵەڕاوکێ و شوێنی نادیار ژیان بەسەر دەبەن. لەگەڵ ئەوەی لە لایەن کۆمەڵگەوە بە چاوی نزم سەیر دەکرێن.

غەریبە، وەک خۆی دەڵێت: "حەوت جار لە لایەن خۆشەویستەکەی خوازبێنی کراوە، بەڵام باوکی بەو هاوسەرگیریە رازی نەبووە، بۆیە لەگەڵ خۆشەویستەکیدا ڕۆیشتووە". ئەو ژنە سەرەڕای ترسی کوشتن و ئەو ژیانە دژوارەی هەڵیبژاردووە، باس لە نەهامەتی منداڵەکانیشی دەکات کە بەو هۆیەوە نەخراونەتە بەر خوێندن و منداڵەکانیشی

> د.کـوردسـتـان مـوکـریـانـی، سەرۆکی یەکێتی ئافرەتانی کـوردسـتـان دەڵـێـت:" بۆ کێشەی لەمجۆرە، تا بۆمان بکرێت هەوڵدەدین کێشەکە لەڕێگای یاسا یان بە شێوازی کۆمەڵایەتی چارەسەر بکەین. ئـەگـەر چـارەسـەر نـەبـوو شوێنمان بۆ پاراستنیان هەیە تا ژنەکە خۆی ڕەزامەندی لەسەر نەبێت، نایدەینەوە کەسووکاری"

وەک خۆی نەخوێندەوار ماونەتەوە.

غەریبە، بەسەرهاتی خۆی دەگەڕێتەوە و بەوە دەست پێدەکات کاتێ لە گوندێک خۆیان حەشاردراوە. مێردەکەی بێکاربووە و نەیانتوانیووە منداڵەکانیان بنێرنە قوتابخانە.

ئەو وەک باسیدەکات ئێستا ترسی کوشتنی لەسەر نەماوە، خەریکی مەڕداریە و باسی لەوەش کرد، کە کاتێ براکەی مردوە، ڕێگەی پێدراوە کە بەشداری پرسەی بکات. بەسەرهاتی مینا، لە ژنەکانی تر جیاوازە، ئەو خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و لەگەڵ دەزگیرانەکەی هەڵاتووە. ئەو دوای ماربڕین، سکی لە دەزگیرانەکەی پڕ دەبێت. چەند جارێک داوا لە باوکی مینا دەکرێت، ڕێگە بدات زەماوەند بکەن، بەڵام ڕازی نابێت. ناچار بە دزییەوە سنوورە دەستکردەکانی دوژمن و کۆمەڵگە دەبەزێنن و دێنە باشووری کوردستان. وەک مینا دەڵێت:" تاوانبار نیم و خۆیشم بە هەڵە نازانم و پەشیمان نیم. باوکم هەڵە بووە. ئێستا ژیانمان زۆر خۆشە، تەنیا ناخۆشیم ئەوەیە کە بیری بنەماڵەم دەکەم و هەست بە غەریبی دەکەم".

لەبارەی بەدواداچوون و بەتەنگەوە هاتنی

www.netewe.com



photo مێمن

رێکخراوەکانی ژنان بۆ ئەو ژنانەی کێشەی لەم جۆرەیان هەیە، د.کوردستان موکریانی، سەرۆکی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان دەڵێت:" بۆ کێشەی لەمجۆرە، تا بۆمان بکرێت هەوڵدەدەین کێشەکە لەرێگای یاسا یان بە شێوازی کۆمەڵایەتی چارەسەر بکەین. ئەگەر چارەسەر نەبوو شوێنمان بۆ پاراستنیان هەیە تا ژنەکە خۆی رەزامەندی لەسەر نەبێت، نایدەینەوە کەسووکاری".

لەلایەکی دیکەوە توێژەری کۆمەڵایەتی ساکار عەبدولموتەلیب، هۆکاری رەدووکەوتن بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە کچ لە ماڵی باوکیدا سۆز و خۆشەویستیان پێنادرێ و بۆیە لەدەرەوە لەدووی ئەو سۆزو خۆشەویستیە دەگەڕێن.

وەک ساکار، ئاماژەیدا کە هەر مرۆڤێک لەماڵی خۆی گرنگی پێنەدرا، متمانەی بەخۆی نابێت و ناچار بۆ پرکردنەوەی ئەو بۆشاییە پەنا بۆ رێگەی هەڵە دەبات.

ساکار دەڵێت:" زۆرجار هەبووە کچ دوای پیاوێک کەوتوە لەباوک و براکەی باشتر نەبووە ".

بەقسەی ساکار ئەو ئافرەتانە لە چەند لایەکەوە زەرەرمەند دەبن، چونکە یەکەم کۆمەڵگە زیانیان پێدەگەیەنێت و زۆرجاریش ئەگەر نەکوژرێن گوشارە کۆمەڵایەتییەکان بەرەو خۆکوشتنیان دەبات.

هاوکات پسپۆڕی بواری دەروونی و راوێژکاری گۆڤاری وارڤین، د.توانا عەبدولرەحمان، رەدووکەوتنی کچانی بۆ نەبوونی ئازادی لەخێزاندا و گرنگی پێنەدانیان لەلایەن بنەماڵەوە گێڕایەوە و پێیوابوو کە ئەو کچانەی لەگەڵ پیاوێک هەڵدێن، ئاستێکی رۆشنبیری لاوازیان هەیە، یان نەخوێندەوارن.

ئەو پسپۆڕەی بواری دەروونی لەبارەی باری دەروونی ئەو ژنانەی هەڵدێن، گوتی:" چونکە چاوەڕوانی کوشتن دەکەن، بەردەوام لە ژێر گوشاری دەرونی دان". د. توانا، باس لەوە دەکات کە ژنە رەدووکەوتووەکان زۆربەیان تووشی خەمۆکی و دڵەڕاوکێ دەبن و بەهۆی لەقبوونی پێگەی کۆمەڵایەتییانەوە زۆرجار بەرەو خۆکوشتن هاندەدرێن".



بەهرە حەمەڕەش

www.netewe.com

لەبەر ئەوەی ژنەکەی بە دڵ نەبوو باوك و براو ژنەکەی کوشت

خەسووی داوای لە سێدارەدانی بۆ دەکات

هەولێر

کاتژمێر ٣٠ ,٣ شەوی ٢٤ /٢٥ مانگی رابردوو تاوانبار (ع.ج. ر)، دانیشتووی گوندی کەلەکین، بەچەکی کلاشینکۆف، خێزانەکەی بەناوی (چ. م. رەسول) دەکوژێت و دواتر بەرەو ماڵی باوکی بەرێدەکەوێت، بە گەیشتنە ماڵی باوکی، دەستڕێژ لە ئەندامانی ماڵەوەیان دەکات و لە ئەنجامدا باوکی بە ناوی جەمیل رەشید، گیان لەدەست دەدات. هەر بەدەستڕێژی (ع. ج)، براکەی بەناوی وشیار جەمیل رەشید، گیانی لەدەستداوەو دوو برای تاوانبار بە ناوەکانی محەممەد و هەڵمەت، بە سەختی بریندارببوونەو لەبەر خراپی باری تەندروستیان نەتوانراوە گوتەیان لێوەربگیردرێت. (ع.ج)ی تاوانبار ئێستا بەپێی مادەی ٤٠٦ دەستگیر کراوە.



بەرێوەبەری پۆلیسی قەزای دەشتی هەولێر عەمید خەیرەددین شەهاب

" ژنەکەم بەدڵ نەبوو"

(ع. ر.ج)، لەوبارەیەوە بە وارقین دەڵێت:" تەمەنم ٢٥ ساڵە و نزیکەی ٣ ساڵ دەبێت ژیانم لەگەڵی پێکهێناوە. هەر لە سەرەتاوە باوکم بەزۆر ئەو ژنەی بۆ هێنام و زۆر پارامەوەو پێمگوت، نامەوێت، دواتر باوکم خۆی چووە خوازبێنی وئەوکاتیش من بەبیانووی ئەوەی کە نەبینیوە رەتم کردەوە، بەڵام جاری دووەم منی برد. دوو جار لەگەڵ باوکم چوومە داوای، تا ماڵیان رازیبوون".

(ع.ر.ج)ی تاوانبار وەها درێژەی بەقسەکانی دا:" هەر کەسێکم لە خزم و کەسووکار دەبینی، پێیاندەگوتم بۆ ژن ناهێنیت، من هەر دەمگووت نامەوێت، بۆیە، بەزۆر بۆیان هێنام. ئێستایش کچێکم بە ناوی چیمەن هەیە و نازانم ژنەکەیشم سکی هەیە، یان نا". بکوژی (چ.م.) کە هاوکات هاوسەریەتی، باس لەوە دەکات کە ئەو و خێزانەکەی لەیەکتری نەدەگەیشتن و بەردەوام شەڕیان لەنێواندا هەبووە. بەگوتەی خۆی هەرکاتێک لەنێوانیاندا شەڕ هەبووە، خێزانەکەی هەڕەشەی بەجێهێشتنی لێ کردووە. ئەو دەڵێت:" کاتێک بەجێیهێشتم، باوکم هێنایەوە، باوکم گوشاری بۆهێنام کە بڵێم لەسەر داوای من چووە تا بیهێنێتەوە، بەڵام من رازینەبووم بگەڕێتەوە، چونکە هیچ خۆشیەکم لێ نەدیوە".

(ع. ر.ج) رووداوەکەی وەها گێڕایەوە کە کاتێ باوکی خێزانەکەی هێناوەتەوە ماڵ، خێزانەکەی پێیگووتووە ئەگەر پیاو بوایەت، خۆی بەدوایدا دەچوو، نەک کەسێکی دیکەی بەدوایدا ناردبایەت. ع.ر.ج هەر بەو خەیاڵەوە خەوی لێ دەکەوێت و کاتێ لەخەو هەڵدەستێت، دەبینێ ژن و کچەکەی لەدەرەوە هاتوونەتە ژوورەوە، بەبێ ئەوەی بزانێت چی دەکات، دەمانچەکەی لەناو کانتۆرەکەدا دەرهێناوەو ژنەکەی داوەتە بەر گوللە.



بکوژ (ع.ج. ر)

"نازانم کێم کوشتووە"

ع.ر.ج دەڵێت:" لەخەو هەستام، ئاگام لە خۆم نەبوو، دوایی چوومە ماڵی باوکم، دەستڕێژم لەوانیش کرد. نازانم لە کێم داوەو کێم کوشتووە. کاتێ چوومە ئەوێ دەرگاوە باوکم هاتە درەوە، یەکسەر لێمدا".

ع.ر.ج هۆکاری دەستڕێژی لە باوکی بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە پێشتر باوکی بەگوشار ژنی بۆ هێناوە. (ع.ر.ج)، دەڵێت:" دوای ئەنجامدانی ئەو رووداوە، شەوێک خۆم حەشاردا و دواتر خۆم رادەستی پۆلیس کرد". ئەوەی جێگەی تێڕامانە ع.ر.ج، دەڵێت تا ئێستا نازانێت کێی کوشتووە. دوای کەمێک لە گێڕانەوەی رووداوەکە، ع.ر.ج. بەگریانەوە گوتی:" کەس لە من نەدەگەیشت. گوێیان پێنەدەدام تووشی دڵتوندی بووم .بەردەوام ئەو کێشانەم لە مێشکی خۆمدا شیدەکردەوەو پێمواببو وەک خەڵکی ئاساییی ناژیم.

"خوشکەکەم سکی هەبوو"

برای چنار، لەبارەی ئەو رووداوە دەڵێت:" دوو

www.netewe.com

پۆلیس دەڵێت: ع.ر.ج تا ٣ی شەو لە گەڵ خێزانەکەی دەبێتە شەڕیان و بە هیچ ئەنجامێک ناگەن. دواتر تاوانبار، دەمانچە دەردەهێنێت و ٢ گوللە لە خێزانەکەی دەدات. دوای ئەوە دەمانچەکەی رادەوەستێت، بە کلاشینکۆف خێزانەکەی دەکوژێت



مێمن photo

بکوژ لەگەڵ هاوسەرەکەی

مانگ بوو خوشکەکەم لەماڵی باوکی بوو، تەلەفۆنم بۆ باوکی کرد ئەگەر زاوەکەم خوشکمی ناوێت، با بێت کچەکەی ببات‌ەوە، بەڵام باوکی ٣ جار هاتە ماڵمان و بەناوی ئەوەوە داوای لێکردین کە ژنەکەی بدەینەوە. خوشکم سکی هەبوو و ئەوکات نەمدەویست بینێرمەوە، بەڵام باوکی زاواکەم دەیگوت بە نوێنەرایەتی کوڕەکەم هاتووم، بۆیە دواجار خوشکەکەم رازیبوو کە بچێتەوە.

چ.م و هاوسەری ع. ر.ج، بەهۆی لێکتێنەگەیشتن لەگەڵیدا ٣ جار بۆماڵی باوکی ڕۆیشتووەتەوە. بەگوتەی برای چ.م.، هاوسەرەکەی لێیدەدا و ئەویش لەبەر ئەوە دەهاتەوە.

"داواکارم لەسێدارەبدرێت"

دایکی چنار داواکاری لە دادوەر ئەوەیە کە دەبێ بکوژی کچەکەی لە" سێدارەبدرێت". ئەو گوتی:"ڕۆژی هەینی بوو، باوکی ع.ر.ج، وازی نەدەهێنا، تا کچەکەمی بردەوەو ئیتر کوژرا".

تاوانبار ع.ر.ج، لە دایکبووی ١٩٨٦.ی دانیشتووی گوندی کەلەکینی سەر بە شاوێسە. ناوبراو خێزانداروەو منداڵێکیشی هەیە، ماوەی ٣ مانگ دەبێت خیزانەکەی تۆراوەو ڕۆژی ٢٤ی مانگ بەبێ ئەوەی ئەو ڕەزامەندی هەبێت باوکی ژنەکەی بۆ گەڕاندووەتەوە.

لەوبارەیەوە بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزای دەشتی هەولێر عەمید خەیرەددین شەهاب، بە وارقینی گوت:"ع.ر.ج تا ٣ی شەو لەگەڵ خێزانەکەی دەبێتە شەڕیان و بە هیچ ئەنجامێک ناگەن. دواتر تاوانبار، دەمانچە دەردەهێنێت و ٢ گوللە لە خێزانەکەی دەدات. دوای ئەوە دەمانچەکەی ڕادەوەستێت، بە کلاشینکۆف خێزانەکەی دەکوژێت".

بەپێی زانیارییەکانی عەمید خەیرەددین، تاوانبار ع.ر.ج، پاش کوشتنی خێزانەکەی، منداڵەکەی جێهێشتووەو چووەتە سەر ماڵی باوکی و دەستڕێژی لێکردوون باوک و برایەکی خۆیشی کوشتووە و برایەکی دیکەشی بریندار کردووە".

ع.ر.ج، پاش چەند ڕۆژ خۆشاردنەوە، لەڕێگەی کەسێکەوە خۆی ڕادەستی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر دەکات. ع.ر.ج بەپێی بەماددەی ٤٠٦، لە یاسای سزادانی عێراقی دەستگیرکراوەو تا ئێستاش لێکۆڵینەوە لەگەڵی بەردەوامە.

عەمید خەیرەددین، هۆکاری ئەو ڕووداوەکە بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە باوکی ع.ر.ج، بەزۆر ژنی بۆ کوڕەکەی هێناوەو بە یەکەوە نەگونجاون.

عەمید خەیرەددین، باس لەوە دەکات کە ئەو ئافرەتە کچێکی هەبووەو وەک ماڵەوەشیان باسیان کردووە دووگیان بووە و سکەکەشی ٥ مانگە بووە، بەڵام ع.ر.ج بێئاگایی خۆی لەوە ڕادەگەیەنێت و دەڵێت:" ٣ مانگ بوو لە من تۆرا بوو".

لەبارەی لێکۆڵینەوە عەمید خەیرەددین، دەڵێت:" هەر ئەو شەوە ئاگادارکرایەوە، تەرمەکانمان ڕەوانەی دادپزیشکی کرد. بۆ تاوانبارەکەشمان، ڕەوانەی ئیمێرجێنسی کردووە، هەر چەندە بەسەختی بریندارە، بەڵام ئەمڕۆ نەشتەرگەرییەکیان بۆ کردووە. هەروەها ع.ر.ج، دانی بە تاوانەکەیدا ناوەو ئیفادەکەشی لای دادوەری لێکۆڵینەوە تۆمارکراوە".

www.netewe.com



Photo AP

٦ی ئاب قۆناغی کۆتایی باسکەی کچانی یانەکانی کوردستان ئەنجام دەدرێت

دوای ئەوەی لە گردبوونەوەی یەکەمدا ٤ یانە سەرکەوتن، بڕیارە ٦ی ئەم مانگە یاریپەکانی گردبوونەوەی دووەمی (قۆناغی کۆتایی) خولی باسکەی یانەکانی کوردستان بۆ تیپەکانی کچان ئەنجام بدرێت.

لەم بارەیەوە ئەندامی یەکێتی باسکەی کوردستان عەبدولعەزیز جەوهەر بە وارڤینی راگەیاند: رۆژی ٦ی ئەم مانگە، یاریپەکانی قۆناغی کۆتایی خولی باسکەی کچانی یانەکانی کوردستان ئەنجام دەدرێت، کە یانەکانی ئەکاد و سلێمانی، لەگەڵ سەنحاریب و گارە بەشداری تێدا دەکەن".

لە گردبوونەوەی یەکەمدا، کە لە هەولێر بەڕێوەچوو، یانەکانی (ئەکاد، سلێمانی، سەنحاریب، گارە، سیروانی نوێ، نەورۆز و پێشمەرگەی سلێمانی) بەشداریپان تێدا کرد و ٤ یانە بۆ قۆناغی کۆتایی سەرکەوتن.

جێگەی باسە پاڵەوانی وەرزی رابردووی خولی باسکەی کچانی یانەکانی کوردستان، یانەی سەنحاریبە.

پاڵەوانیەتیی فوتساڵی کچان بۆ هەڵبژاردەی شارەکانی کوردستان ساز دەکرێت



photo ئەرسەلان

بڕیارە پاڵەوانیەتی یاریی فوتساڵ، بۆ هەڵبژاردەی شارەکانی کوردستان لە ئاستی تیپەکانی کچاندا لە شاری دهۆک ئەنجام دەدرێت.

لەم بارەیەوە سەلام حوسێن سکرتێری یەکێتی تۆپی پێی کوردستان بە وارڤینی راگەیاند: "بە بەشداریی هەڵبژاردەی کچانی شارەکانی هەولێر، دهۆک، سلێمانی و کەرکوک، لە سەرەتای ئەم مانگەوە، پاڵەوانیەتیی یاریی فوتساڵ (تۆپی پێی نێو هۆڵە داخراوەکان) لە شاری دهۆک ئەنجام دەدرێت، کە ماوەی ٤ تا پێنج رۆژ دەخایەنێت".

ئاماژەی بەوەشدا کە ئەو پاڵەوانیەتییەکە یەکێکە لە چالاکییەکانی یەکێتی ناوەندیی تۆپی پێی کوردستان و هەوڵ دەدرێت ساڵانە ئەنجام بدرێت.

ئەو پاڵەوانیەتییە دەبوو لە مانگی تەمموزدا ئەنجام بدرایە، بەڵام بە هۆی هاتنەپێشی هەڵبژاردنی یانەکانی کوردستان و دواتریش هەڵبژاردنی پەرلەمان و سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، بۆ ئەم مانگە دواخرا. یەکەمین پاڵەوانیەتیی یاریی فوتساڵی کچانی بۆ هەڵبژاردەی شارەکانی کوردستان ساڵی ڕابردوو بە بەشداریی هەڵبژاردەی هەر چوار شارەکەی کوردستان ئەنجام درا و هەڵبژاردەی هەولێر نازناوی پاڵەوانیەتییەکەی بەدەستهێنا.

پاڵەوانیەتیی تۆپی دەستی ئافرەتانی کوردستان دەستی پێکرد

بە بەشداریی ٦ یانە، پاڵەوانیەتیی تۆپی دەستی یانەکانی کوردستان بۆ تیپەکانی ئافرەتان لە هەولێر دەستی پێکرد.

سکرتێری یەکیەتیی ناوەندیی تۆپی دەستی کوردستان سەرکەوت موحسین بە وارڤینی راگەیاند: بە بەشداریی ٦ یانە، خولی تۆپی دەستی یانەکانی کوردستان بۆ تیپەکانی ئافرەتان لە هەولێر رۆژی ٣٠ی تەممووز دەستی پێکرد، کە ماوەی ٦ رۆژ دەخایەنێت".

گوتیشی: "یانەکانی (ئافرەتانی هەولێر، ئافرەتانی کەرکووک، ئافرەتانی سلێمانی، قەڵا، کۆیە، سیروانی نوێ،) بەشداریی پاڵەوانیەتییەکەیان کردووە.

ئاشکراشی کرد کە چەند یانەیەکی وەکو (سۆران، سۆلاڤی نوێ و ئاکرێ و کەیوان) بە هۆی نەبوونی توانای دارایی نەیانتوانی بەشداریی پاڵەوانیەتییەکە بکەن.

یاریپەکانی پاڵەوانیەتییەکە لە هۆڵی شەهید فەرەنسۆ لە هەولێر بەڕێوە دەچێت و هەر تیپێک بە دوو دۆڕاندن لە پاڵەوانیەتییەکە مالئاوایی دەکات.

www.netewe.com

(فرمێسك وریا) خاتوونه گەورەكەی شەترەنجی عێراق و عەرەب:

حەز دەكەم بگەڕێمەوە یاریكردن و بەشداریكـــردن لە پاڵـ

هەولێر

نەوەی ئەمڕۆی وەرزشدۆست ڕەنگە زۆربەیان فرمێسك وریا نەناسن، بەڵام نەوەی هەشتاكان و نەوەدەكان دەزانن ئەو خاتوونە چ پاڵەوانێك بوو، ئەو ببووە جێگەی شانازی هەموو كوردێك.

فرمێسك وریا، ئەو خاتوونە كورده بوو، كە پاڵەوانی وڵاتانی عەرەب بوو لە یاریی شەترەنجدا. ئێستاش ئەو هەر لەگەڵ شەترەنج بەردەوامە، بەڵام لە ڕێگەیەكی دیكەوە.

فرمێسك وریا، لە نەوەی قانیعی شاعیری گەورەی كورده، خاوەن پێنج ملوانكەی زێڕە لە پاڵەوانیەتییەكانی شەترەنجی عەرەبی و جیهانیدا. ڕۆژگارێك فرمێسك و خوشكەكانی هەڵبژاردەی عێراقیان پێكهێنابوو. ئەو بەشداریی چەندین پاڵەوانیەتیی عەرەبی و جیهانی كردووە.

فرمێسك دەڵێت: ئێستا یاریی شەترەنج كزە، هەرچەندە چالاكی هەیە و تا ڕادەیەك گرنگی بۆ یارییەكە هەیە و یانەی تایبەتی بۆ دامەزراوە، بەڵام بە هۆی گرنگی زیاتر بۆ تۆپی پێ، ئەو یارییە زۆر بە كەمی بایەخی پێ دەدرێت

لە بارەی ئەوە كزییە پرسیارمان لێكرد، ئەو گوتی: "باری سیاسیی عێراق ڕۆڵی گەورەی لەو دابەزینەی ئاستی یاریی شەترەنج لە عێراق و كوردستاندا هەیە، دووركەوتنەوەی كوردیش لە بەغدا لە ماوەیەكدا، كاریگەریی هەبوو. جگە لەمەیش لە دوای ڕاپەڕینەوە بە هۆی دابەشبوونی یانەكان بەسەر حیزبەكاندا، بە هەمان شێوە كاریگەریی نێگەتیڤی بەسەر یارییەكەوە هەبوو، یاریزانان هەندێكیان دووركەوتنەوە، هەندێكیش كێ یەك دینار زیاتریان پێ بدات، بۆ ئەو یاری دەكەن. پێشتر هەموو یاریزانانی هەڵبژاردەی عێراق لە ئاستی كچاندا هەموویان كورد بوون، ئێستا تەنیا ١ كچمان لەوێدا هەیە، كە چنار وریایە" . فرمێسك هەروەها دەڵێت: ئێمە كە یارییمان دەكرد، بۆ حەزی خۆمان یارییمان دەكرد، بەڵام ئێستا یاریزان بۆند و مووچەی دەوێت.

ئەو خاتوونە لە ساڵی ٢٠٠٠ەوە بە فەرمی یاری نەكردووە، ئێستاش بە پلەی شارەزا لە وەزارەتی وەرزش و لاوانی كوردستان كار دەكات و سەرپەرشتیی زۆر چالاكی و پاڵەوانیەتیی شەترەنجی لە كوردستاندا كردووە. ئاماژە بەوەش دەكات "حەز دەكەم بگەڕێمەوە یاری كردن و بەشداریكردن لە پاڵەوانیەتییەكان، بەڵام بە هۆی مال و منداڵ و كارەكەمەوە، كاتم نییە، ئەگەر بۆم بڕەخسێت و منداڵەكانم تۆزێك گەورەترین، ڕەنگە بگەڕێمەوە بۆ یاریكردن و زۆر حەز دەكەم".

ئەوەش دەڵێت: "ئێستاش ئەگەر مەشق بكەم و خۆم ئامادەبكەم، دەتوانم ئەنجامی باش تۆماربكەم و لە زۆربەی یاریزانانی ئێستا ببەمەوە".

فرمێسك وریا لە ساڵی ١٩٧٨ بە ڕێكەوت یارییەكی شەترەنجی كردووە و توانیویەتی لە دووەمی ئەو كاتی ئاستی عێراق (ژیان جەمال) بباتەوە، بۆیە ئەو یارییە دەبێتە هاندەری و باوك و نزیكەكانیشی پشتگیریی دەكەن، ئەو ئەوەمان دەخاتەوە یاد كە "لە ساڵی ١٩٧٩ لە پاڵەوانیەتی عێراق لە كەركوك یەكەمم هێنا، هەر ئەو ساڵە لە هەڵبژاردەی عێراق بوومە چوارەم یاریزانی پێكهاتەكە".

> "باری سیاسیی عێراق ڕۆڵـــی گـــەورەی لـەو دابـەزینـەی ئاستی یـاریـی شـەتـرەنـج لە عـێـراق و كـوردستـانـدا هەیە، دووركەوتنەوەی كـوردیـش لـە بـەغـدا لە مـاوەیـەكـدا، كاریگەریی هەبوو.



فرمێسك دوای ئەو كاتە دەبێتە پاڵەوانێكی ناسراو لەسەر ئاستی عێراق، لە ساڵی ١٩٨١ تا ١٩٩٤ هەموو ساڵێك پلەی یەكەمی لە ئاستی عێراقدا بەدەستهێناوە، پاش ئەوە وەك خۆی باسی دەكات "بەهۆی پرۆسەی هاوسەرگیرییەوە لە ١٩٩٤ەوە لە پاڵەوانیەتییەكان دووركەوتمەوە".

لە ئاستی پاڵەوانیەتییەكانی دەرەوەشدا، فرمێسك خان لە ساڵی ١٩٨٤ لە یەكەم بەشداریی دەرەوەیدا لە پاڵەوانیەتی عەرەبی لە ئیمارات پلەی یەكەم و ملوانكەی زێڕی بەدەستهێنا، ساڵی دواتر لە مەغریب لە هەمان پاڵەوانیەتییدا پلەی یەكەم و ملوانكەی زێڕی بردەوە، لە ١٩٨٧ دیسان ملوانكەی زێڕی بردەوە، لە ساڵی ١٩٨٥ بەشداریی ئۆڵمپیادی شەترەنجی جیهانی لە یۆنان كردووە و لە ٥٠٪ی یارییەكانی بردۆتەوە، لەو بارەیەوە دەڵێت: "بە هۆی ئەو سەركەوتنەوە، ناوم چووە پۆلێنی جیهانی، دوای ئەوەی لە ١٣ خاڵ، ٧ خاڵ و نیوم تۆمار كرد، ئێستاش لە سایتی یەكێتی شەترەنجی نێودەوڵەتی ناوم لە پۆلینی جیهانی ماوە، بەڵام بەهۆی ئەوەی لە یاریی نێودەوڵەتیی دابڕام، لە پۆلێنەكە پێشنەكەوتم.

هەروەها گوتی: لە ساڵی ١٩٨٧ بەشداریی (زۆن ئاسیا)م لە وڵاتی قەتەڕدا كرد، كە پاڵەوانیەتی ئاسیا بوو، پلەی سێیەمم بەدەستهێنا، هەرچەندە لەو یاریزانەم بردەوە، كە بە پلەی یەكەم هات، دوای ئەوە لە ١٩٩٩ بەشداریی خولی عەرەبیم كرد و ٢ ملوانكەی زێڕم بردەوە، دوو لە خوشكەكانیشم بەشداریان كرد و هەریەكەیان ملوانكەیەكی زێڕ و یەكی برۆنزیان بردەوە.

فرمێسك وریا لە ساڵی ١٩٨٧ەوە نازناوی (ئوستازی نێودەوڵەتی) لە شەترەنجدا هەیە، بەڵام ئەمساڵ زانیویەتی ئەو نازناوەی هەیە، لەمبارەیەوە گوتی: " لە ٨٧ لە قەتەڕ پلەی یەكەمی وڵاتانی عەرەبم بردەوە، كە دەبوو نازناوی ئوستازی نێودەوڵەتی وەربگرم، بەڵام گوتیان ئەو یاریزانانەی یارییان بەرامبەر كردووی، پۆلێنكراو نەبوون، بۆیە مەرجەكانت تەواو نییە، بەڵام لەو خولە

www.netewe.com

ـەوانیەتییەکان



فرمێسک وریا

نێودەوڵەتییەی کە لە سلێمانی ماوەیەک لەمەوبەر بۆ بەهێزکردنی ناوبژیوانان و راهێنەرانی شەترەنج کرایەوە و منیش بەشداریم تێدا کرد، یەکێک لە وانەبێژەکان، کە ئێرانی بوو، بەرپرسی ئەو بابەتە بوو لە یەکێتی شەترەنجی جیهانی و پیرۆزبایی لێکردم و پێی گوتم کە تۆ بە هۆی ئەوەی هەڵگری نازناوی پاڵەوانیەتیی عەرەبی، راستەوخۆ بووی بە هەڵگری نازناوی ئوستازی نێودەوڵەتی، منیش پێم گوت ئاخر من بڕوانامەکەم بەردەست نییە، ئیدی بەڵێنی داوە ئەو بڕوانامەیەم بۆ جێبەجێ بکات و بۆم بنێرێت.

فرمێسک وریا لە ساڵی ٢٠٠٠ لە بەغدا لە یارییەکی نمایشسازیدا بەرامبەر پاڵەوانی ئەو کاتی جیهان، یاریزانی روسی (کاربۆف) یاری کردووە و لەگەڵیدا بەرامبەر بووە، بۆ ئەمەش گوتی: "کاربۆف بۆ کردنەوەی قوتابخانەی شەترەنج هاتبووە بەغدا، لەوێشدا لە یارییەکی نمایشسازیدا لە یەککاتدا بەرامبەر ٢٠ یاریزان یاری کرد، من و دوو یاریزانی دیکە لەگەڵیدا بەرامبەربووین".

فرمێسک خان دەڵێت: یاریی شەترەنج مێشکی مرۆڤ دەکاتەوە و بیرکردنەوەی باشتر دەکات و زاکیرەی بەهێز دەکات، هەروەها بۆ منداڵانیش بە هەمان شێوە زیرەکیان دەکات". ئاماژە بەوەش دەکات کە هەوڵی داوە لەگەڵ لایەنە پێوەندییدارەکاندا کار بکات، بۆ ئەوەی شەترەنج بخرێتە پرۆگرامی خوێندنەوە، بە تایبەتی لە کۆلێژی پەروەردەی وەرزشدا، بەڵام بە گوتەی خۆی، کارەکە سەرکەوتوو نەبووە، چونکە زەحمەتە.

فرمێسک وریا دەرچووی کۆلێژی زانستی زانکۆی موسڵە، سێ منداڵی هەیە. ٢ کوڕ و کچێک. دەشڵێت" هاوسەرەکەم وەرزشوان نییە، بەڵام شەترەنج دەزانێت، لە ژیانیشدا یەک یاری لەمن بردووەتەوە، بۆیە بڕیاری داوە چی دیکە یارییم لەگەڵدا نەکات". فرمێسک لە کۆتاییدا دەڵێت: باوکم فێری شەترەنجی کردم، ئێمە ١٠ خوشک و براین، هەموومان لە ئاستی عێراقدا بەشداریی خولەکانمان کردووە و ئەنجاممان هەبووە، بەڵام ئێستا هەندێکمان دابڕاوین و هەندێکیشمان بەردەوامین، تەنها دایکم حەزی لە شەترەنج نییە، لەگەڵ ئەوەشدا لە ماڵی باوکم لە هەر گۆشەیەکدا، تەختەیەکی شەترەنج هەیە و بووەتە بەشێک لە ژیانی هەموومان، داواش لە کچان دەکەم ڕوو لەو یارییە بکەن، چونکە کەسایەتییان بەرز دەکاتەوە، من لە ژیانمدا بە هۆی ئەو یارییەوە، یەک کەس تانەیەکی لێ نەداوم".

ئەرسەلان عەبدوڵڵا

www.netewre.com



Photo

ئەو ژنانەی کە هەم لەماڵ و هەم لە دەرەوە کار دەکەن



دوو ئافرەتی کورد، ١٣ کاتژمێر بۆ نان پەیداکردن لە خواردنگەیەک

دەرسیم:

دوو ژنی کورد بۆ ئەوەی بژێوی خێزانەکەیان دابین بکەن رۆژانە ١٣ کاتژمێر کار دەکەن و لەلایەکی دیکەیشەوە منداڵەکانیشیان بەخێو دەکەن. ئەو ژنانە لەگەڵ ئەوەیدا کە لەو کارەیان خۆشحاڵن، گلەیی لەو بارە قورسەی ژیان دەکەن کە کەوتووەتە ئەستۆیان.

ژنان کە لە زۆربەی لایەنەکانی ژیاندا بەشدارن، لەپێناو دابینکردنی بژێوی خێزانەکەیاندا ڕوو لە ئابووری دەکەن. لە شەقامی "مونزۆک"ی دەرسیم دوو ژن بۆ ئەوەی بتوانن لە بەڕێوەبردنی ماڵدا یارمەتی بنەماڵەکەیان بدەن رۆژانە لە کافتریایەکدا ١٣ کاتژمێر کار دەکەن.

یەکێک لەو ژنانە بەناوی (بەسەر چیچەک) کە تەمەنی ٤٥ ساڵە دەستنیشانی کرد کە ماوەی ساڵێکە کار دەکات:" سبەی کاتژمێر٧ دەست بە کار دەکەیش و تا ١٠ شەو دەمێنینەوە. من حەزم لە کارە، بەڵام زۆر ماندوو دەبم، لەبەر ئەوەی بە تەندوور کار دەکەین و گەرمە کارەکەمان لە وەرزی هاویندا تۆزێک زەحمەت دەبێت. ئێمە چەندین کاتژمێر لەبەر ئاگرەکە ڕادەوەستین و کار دەکەین".

کاری ماڵ و دەرەوە دژوارە

چیچەک هەروەها باس لەوە دەکات کە لە دەرسیم ژن وەک هەرێمەکانی دیکە ناچەوسێنەوە، بۆیە ئەوان ئاسانتر دەتوانن ڕوو لە گۆڕەپانی کار بکەن. بەقسەی چیچەک ئەوەی کە زۆر گوشاریان بۆ دێنێت ئەوەیە کە ئەوان هەم لە ماڵەوە کار دەکەن و هەم لەدەرەوە:" تەواوی ڕۆژ ئێمە بە کارەوە سەرقاڵین. لەگەڵ ئەوەشدا کە گەڕاینەوە، ماڵ خاوێن دەکەینەوە و خواردنیش دروست دەکەین، بۆیە ئێمە زیاتر ماندوو دەبین. ئێمە کاتمان بۆ ئوە نامێنێت کە لەگەڵ منداڵەکانمان دابنیشین، لەبەر ئەوە من کورە ١١ ساڵانەکەم لەگەڵ خۆمدا دەبەم بۆ کار. من هاوکاری بنەماڵەکەم دەکەم و منداڵەکانیش دەنێرمە قوتابخانە. لەبەر ئەوەی زستان کارمان دەستناکەوێت ناچارین تەواوی هاوین کار بکەین".

قەیرانی ئابووری و کاری ژن

(ئەمینە بولوت)ی تەمەن ٤٧ ساڵ کە دایکی ٤ منداڵە دەڵێت کە ٨ ساڵە لە دەرەوە کاری خاوێنکردنەوە دەکات. ئەو ژنە کوردە وەها باس لە کێشەکانی خۆی دەکات:" ساڵانێکی درێژە کە کار دەکەم، هەلومەرجی ژیان قورستر بووە ئەگەر کار نەکەم چی بکەم. هەندێک کەس لە ماڵی خۆیان بە ئارامی دادەنیشن و ئێمەیش کار دەکەین. ئێمە سبەینان زوو دەچینە کار و درەنگانی ئێوارە دەگەڕێینەوە. لە ناو ئەو قەیرانەی کە ئێستا کۆمەڵگای بەخۆیەوە خەریک کردووە ئەو پارەیەی کە پێماندەدرێت بەشمان دەکات. ئەگەرچی کاری بەردەوامی ڕۆژانە چیچەک ماندوو دەکات، بەڵام وەک خۆی دەڵێت کاتێک کە دەگەڕێتەوە:" مێردەکەم بەڕوویەکی خۆشەوە پێشوازیم لێ دەکات و ئەوەش ماندوویەتیم دەسڕێتەوە". وەک چیچەک دەڵێت:" پێویستە هەموو ژنان کار بکەن تا کو بتوانن لەسەر پێی خۆیان ڕاوەستن".

www.netewe.com



ئەندازیار فاتن حاجی رەشید

" ئافرەت لە بواری ئابووریدا یان لە سالۆنەکان کاردەکەن، یان کاری دروومان دەکات، هەشیانە دەبێتە کارەکەر یان نانکەری مالان، ئەم بوارانەش دەرفەت نادەن کە ئافرەت بێتە دەرەوە و تێکەڵ بە کۆمەڵگە بێت"

"سەرمایەی ژنان لە لایەن پیاوەوە بەک

"ئەگەر ئافرەت نیوەی کۆمەڵ بێت، کوا نیوەی توانا مرۆییەکانی ئەم وڵاتە؟ نیوەی سەرمایەی کۆمەڵ لەکوێیە؟، ئەمە غیابی ئافرەتە وایکردووە کە سەرمایەی ئەم وڵاتە بخەوێت و هیچ جووڵەیەکی ئابووری تێنەکەوێت".

ئەمە سەرەتای قسەکانی فاتن حاجی رەشید، تەمەن ٦٠ساڵە، کە ١٢ ساڵە وەک تاکە ئافرەتێکی بەڵێندەر و بازرگان لە شاری سلێمانی، لە بواری ئابووریدا زۆر بوێرانە شانبەشانی هاوڕەگەزەکانی کاردەکات. فاتن، دانیشتووی شاری سلێمانییە و دەرچووی کۆلیژی ئەندازیاری بەشی بیناسازییە، لە بنەماڵەیەکی دەوڵەمەنددا چاوی هەڵێناوە و باوکی بازرگان بووە.

ئەو نهێنی سەرکەوتنی لەم کارەدا بۆ باوکی و بنەماڵەکەی دەگەڕێنێتەوە کە وا کاریگەرییان لە سەر کەسایەتی ئەو هەبووە، تا بتوانێت زۆر بوێرانە لەم بوارەدا کار بکات .

وەک باسی دەکات، لە سەرەتادا لە چوارچێوەی کاری رێکخراوێکدا دەستی پێ کردووە، فاتن، دەڵێت:" سەرەتای ساڵی١٩٩٧ بەهۆی خراپی رەوشی ئابووری خەڵکی کوردستان و ئەو بەرپرسیارێتییە زۆرەی بۆ دابینکردنی بژێوی خێزانەکانیان کەوتبووە ئەستۆی ژنان، رێکخراوێکی ناحکومیم بەناوی (نوا) دامەزراند کە بە تایبەت لە دەرەوەی سلێمانی و ناوچەکانی گەرمیان و گوندەکان کاری خزمەتگوزاریمان ئەنجام داوە".

ئەم ژنە بازرگانە، ئێستا خاوەنی هەردوو کۆمپانیای (فاتن)، بۆ بەڵێندەرایەتی گشتیی و کاری ئەندازیاری و کۆمپانیای (مەروە) بۆ گەشتوگوزارە. ئەو نیگەران بوو لەوەی کۆمەڵگەی کوردی گرفت بۆ ئەو ژنانە دروست ئەکات، کە ئازان و هاوشانی پیاوان کاردەکەن.

هاوکات ئەو ژنە بازرگانە، گلەیی لە کۆمەڵگە دەکات،کە یارمەتیدەر نییە، تا ژنان بتوانن بێنە بواری ئابووریيەوە و کار بکەن.

لە کاتێکدا کارکردنی ژنان لە کۆمەڵگەی کوردیدا لە چوارچێوەی چەند کارێکی دیاریکراودا خۆی دەبینێتەوە، بەڵام فاتن، زۆر بە تووندی ئەو چوارچێوانە رەت دەکاتەوە کە بۆ ئافرەت دەستنیشانکراوە و لەو بارەیەوە دەڵێت:" ئافرەت لە بواری ئابووریدا یان لە سالۆنەکان کاردەکەن، یان کاری دروومان دەکات، هەشیانە دەبێتە کارەکەر یان نانکەری مالان، ئەم بوارانەش دەرفەت نادەن کە ئافرەت بێتە دەرەوە و تێکەڵ بە کۆمەڵگە بێت".

هەر ئەمەش وا لە فاتن، دەکات لە ڕێکەوتی ٢٠٠٥/٥/٢٤ بە هاوکاری چەند ئافرەتێکی شاری سلێمانی، کۆمەڵەیەک دامەزرێنن بەناوی (کۆمەڵەی ژنانی خاوەنکار)، کە بە گوتەی خۆی تا بتوانێ لەو ڕێگەیەوە تواناکانی ژنان وەگەڕ بخات بۆ ئەوەی ڕاو بۆچوونی هەموو ئەو ژن و کچانە یەک بخرێت کە سەرمایەدارن و خاوەنکار و پڕۆژەن، یان ئارەزوو دەکەن لە داهاتوودا ببنە سەرمایەدار.

ئەم ژنە بازرگانە، یەکێک لە ئامانجەکانی دامەزراندنی ئەو کۆمەڵەیەی بۆ نەهێشتنی وەگەڕخستنی سەرمایەی ژنان لە لایەن پیاوانەوە گەڕاندەوە و لەو بارەیەوە گوتی:" زۆر جار دەبینین ئافرەتمان هەیە خاوەنی سەرمایەن، بەڵام سەرمایەکەیان لەلایەن پیاوانەوە بەکاردێت، ڕەنگە زۆرجار ئەو پیاوە کەسێکی غەریب بێت و داهاتەکە وەک خۆی نەدات بە ژنەکە".

لە درێژەی قسەکانیدا ئاماژەیدا، زۆر ژنمان هەیە کاری دەستی هەیە و گوڵ دروست دەکات، یان کاری چنین دەکات، بەڵام خۆی ناتوانێت بیفرۆشێت، بۆیە دەیدات بە پیاوێک، تا بیفرۆشێت".

یەکێک لەو کارانەی کە کۆمەڵەی ژنانی خاوەنکار ئەنجامی داوە، دابینکردنی چەند دوکانێکە لە بازاری مەم و زین، کە دەکەوێتە ناو جەرگەی شاری سلێمانی، بۆ ئەو ئافرەتانەی خاوەنی

www.hetewe.com



کاردەهێنرێت"

ۆژەی بچووکن، یان کاری دەستیان هەیە، بتوانن بەرهەمەکانیان بفرۆشن، بەڵام وەک تن، باسیدەکات تاکو ئێستا بەهۆی چەند ربەستێکەوە نەتوانراوە ئەم ئافرەتانە وەک ویست بەشداری بکەن.

و بارەیەوە فاتن، گووتی:" زۆربەی ئەو ئافرەتانە تایبەتی کچەکان، لە لایەن خێزانەکانیانەوە گریان لێدەکرێت و پێیان عەیبە کچەکانیان تە دەرەوە و کار بکات".

تن، هۆکاری دووەمی بۆ نەبوونی سەرمایە ڕاندەوە، چونکە ئەو ئافرەتانە دەبێت ەرمایەیەکی بچوکیان هەبێت، تا بتوانن ۆژەیان هەبێت".

کاتێکدا ژمارەیەکی زۆر لە بانکی ئەهلی و کوومی لە کوردستاندا بۆ وەگەڕخستنی ەرمایەکانیان و پشتگیریکردنی بواری کەرتی یبەت، بەشێوەی قستی مانگانە پارە دەدەنە و کەسانەی کە پرۆژەی بچوکیان هەیە، ڵام وەک فاتن، باسیدەکات مەرجەکانیی و ناوەندانە، بەهیچ شێوەیەک ئەو ئافرەتانە گرێتەوە". بانکە ئەهلییەکان داوای ڕەهنی انوو دەکەن و ئەو ژنانەش زۆربەیان هەژارن، کی حکومییش تەنیا پارە بە پیاوان دەدات گەر کەفیلێکیان هەبێت، بەڵام کەس نابێتە فیلی ئەو ژنانە".

Photo

www.peteweb.com

" کرێیاران سەرۆک عەشـ
ژنانی بێرسقێ بـــە



زاخۆ

کۆمەڵێک ئافرەت، لە کۆمەڵگەی بێرسڤێ خەریکی پیشەیەکی کۆنی خۆمالێن، رۆژانە شانبەشانی پیاوەکانیان کاری رستن و چنینی شاڵ وشەپک (رانکوچۆخە) دەکەن. ماریا گورگیس تەمەن ٥٠ ساڵ، تەشییەکی بەدەستەوەیە و خەریکی رستنی شاڵ و شەپکە، خۆی بەخۆشحاڵ دەزانێت کە لەوتەمەنە دەتوانێ کاربکات و دەڵێت: "من رۆژانە دەتوانم زیاتر لە٧ کاژمێر کار بکەم".

ماریا بە وارڤینی ڕاگەیاند، کە لە باوک و باپیرانیەوە ئەو کارەی بۆماوەتەوەو فێری بووە، بۆیە ئەویش دەیەوێت نەوەکانی خۆی فێر بکات، هیواداره پیشەی رستن وچنین لە ناو بنەماڵەکەیاندا درێژەی هەبێت.

بوشرا یوسف، کچێکی تەمەن٢٣ ساڵە، جیاوازتر لە ماریا، بە ئامێرێکی کارەبایی کە تازە دروست کراوە کاری رستنی شاڵ و شەپک دەکات، ئەو دەڵێت:"چۆن پیرەکان زەحمەتە بۆیان بەم ئامێرە تەشی بڕێسن، منیش وەک ئەوان ناتوانم بە دەست تەشی بڕێسم".

بوشرا یوسف، دانیشتووی کۆمەڵگەی بێرسڤێیە و چەندین ساڵە لەگەڵ بنەماڵەکەی کاری رستن و چنین دەکات، ئەو تەنیا وەک کار سەیری پیشەکەی ناکات، بەڵکو ئەو بە هونەری دەزانێت و دەڵێت:" ئەمە کارێکی هونەرییە و منیش زۆر دڵخۆشم بەوەی کە ئەو کارە دەکەم و لەناو ئێمەدا وەک پیشەیەکی کلتووری سەیر دەکرێت".

سەرچاوەی بژێوی ژیانیانە

کۆمەڵگەی بێرسڤێ سەر بە دەڤەری زاخۆیە، وەک بنکەیەکی سەرەکی پیشەی بەرهەمهێنانی شاڵ و شەپکان دەناسرێت، لەو کۆمەڵگەیەدا زیاتر لە ٦٠ ماڵ بەو کارەوە سەرقاڵن و بژێوی ژیانیان لەو ڕێگایەوە دابین دەکەن. هەر لەو بارەیەوە گورگیس یوخنا بە وارڤینی ڕاگەیاند، ئەو ئافرەتانەی کە لە کۆمەڵگەی بێرسڤدا کاری شاڵ و شەپکان دەکەن هەموویان کوردی بە ئایین مەسیحین و شارەزاییەکی باشیان لەکاری رستن و چنیندا هەیە.

ئەو ئافرەتانەی کاری رستن و چنینی شاڵ و شەپکان دەکەن، بە وارڤینیان گوت کە کارەکەیان لەباری ئابووریەوە پاڵپشتێکی باشە بۆیان و کاریگەری ئەرێنی لەسەر ژیانیان دادەنێت.

بوشرا دەڵێت" ئەگەر ئەز کار نەکەم دەبێت بە ماڵەوە بڵێم کە فلان شتم بۆ بکڕن، بەڵام کاتێک کە کار دەکەم، بەشی خۆم لە داهاتی ئەو شاڵ و شەپکانەی هەڵدەگرم کە دروستی دەکەین و پاشان دەیانفرۆشین، پێداویستییەکانی خۆمی پێ دابین دەکەم".

ماریا دەڵێت:" لەجیاتی ئەوەی لە ماڵی خەڵکی کار بکەم، لە ماڵی خۆم کار دەکەم و هەر کاتێکیش ماندوبووم، دەتوانم پشوبدەم یان بچمە لای دراوسێکانمان.

بەپێی زانیارییەکانی وارڤین زیاتر لە ٦٠ خێزان لە کۆمەڵگەی بێرسڤێ، کە نیوەیان ئافرەتن کاری رستن وچنینی شاڵ و شەپکان دەکەن.

ڕۆڵی ژنان لە بەرهەمهێناندا

کاری دروستکردن و بەرهەمهێنانی شاڵ و شەپکان





www.hetawe.com



ـیرەت و دەوڵەمەندانن"
شاڵ و شەپک دەژین

بە چەند قۆناغدا تێدەپەڕێت، کە سەرەکیترین قۆناغەکان بە دەستی ژنان بەڕێوەدەچن، گورگیس دنخا عۆدیشو، تەمەن٤٨ ساڵ، دەڵێت" ئەوە کارێکی ئاسان نییە و دروستکردنی دەستەیەک بە١٢ قۆناغدا تێدەپەڕێت و زیاتر لە مانگێک دەخایەنێت".

گورگیس کە ماوەی ٢٠ ساڵە، لەم بوارەدا کاردەکات سەبارەت بە چۆنیەتی دروستکردنی شاڵ و شەپک گوتی " ڕێسی شاڵ و شەپکان لە مەڕەز (چێر) دروست دەکرێت، پاش ئەوەی تووکی چێرەکان دەبڕنەوە شەوێک لەناو ئاودا دایدەنێن و دواتر بە شینک دەکوترێت و دەشۆردرێتەوە، تا ئاوەکەی ڕوون دەبێتەوە، پاشان لەبەر هەتاو ڕایدەخەن، تا وشک ببێتەوە، دواتر دەگەینە قۆناغی لێکردنەوە شیکردنەوە . کە لەم قۆناغەدا جگە لە دوو جۆری شاڵ و شەپک (سپی و پشت پەز) کە پێویستیان بە کوتان نییە، دەبێت مەڕەز بە ڕەنگی جیاجیا بەپێی داواکاری کڕیارەکان ڕەنگ بکرێن".

دواتر وەک گۆرگیش باس دەکات دەکرێنە گڵۆڵە (فەتالک)، بە دەستی ژنانی شارەزا و بە تەشی دەڕێسرێت" بۆ دەستەیەک شاڵ و شەپک، هەزار و سێسەد گرام ریسمان پێویستە، کە هەمووی لەسەر بستی دەئاڵێندرێت، تا قەبارەی خۆی بگرێت و لەکاتی تەون کردن ئاڵۆز نەبێت".

گۆرگیس ئاماژەی بەوەکرد کە ڕۆڵی ژنان لەهی پیاوان کەمترنیەوگوتی "ژنیش وەکو ئێمە ماندووەبن".

بازارەکە لاواز بووە

عەبدوڵڵا بوسەلی، خاوەنی یەکەم دووکانی تایبەت بە فرۆشتنی شاڵ و شەپکان لە زاخۆ،سەبارەت بە بازاری فرۆشتنی ئەم بەرهەمە بە وارقینی ڕاگەیاند، ئێستا وەک جاران شاڵ و شەپک نافرۆشرێت هۆکارەکەشی بۆ گرانی نرخەکان گێڕایەوەکە، لە نێوان ١٥٠ تا١٠٠٠ دۆلارە .

عەبدوڵڵا، کە ماوەی١٦ ساڵە کاری کرپن و فرۆشتنی شاڵ و شەپکان دەکات، گوتی ئەو کەسانەی شاڵ و شەپک دەکڕن، زۆربەیان سەرۆک عەشیرەت، کەسانی دەوڵەمەند و پیرن .

بوسەلی، بەم شێوەیە ناوی جۆرەکانی شاڵ و شەپک دەستنیشان دەکات:" خەزالی، پشت پەز، عوسمانی، شینێ خوری، شینێ تاری، ئاغارەشی، بنەفشی، بادایی".

لەناو کلتووری کوردستاندا بەستنی شاڵ و شەپک، یان ڕانک و چۆخە، وەک نەریتێکە و ئێستا دەڵێن: هێدی هێدی بەرەو لەناوچوون دەچێت.چونکە گەنجانی کورد ڕوویان لە جلوبەرگی ڕۆژئاوایی کردووە .



بەرەڤان ئەحمەد





www.netewe.com



www.peteve.com

Photo

ئۆرگازمی ئافرەت Female Orgasm

دکتۆر کیسرا

بەشی یەکەم

پێویستی بە سێکس لە پێویستبوونی خۆراک هیچی کەمتر نییە. مرۆڤ تاکە بوونەوەرە کە توانیویەتی سێکس بۆ وەرگرتنی چێژ بەکاربهێنێت، جگە لە زاوزێ. هەروەها، بۆ وەرگرتنی چێژی تەواو، هەموو هەستەکانی لە یەککاتدا دەخاتە گڕ، بینین، بەرکەوتن (لەمس)،بیستن، بۆنکردن، چێژ. مرۆڤ توانیویەتی سوود لە هەموو بەشەکانی لەش و هەر سانتیمەتر دووجایەکی پێست وەربگرێت بۆ گەیشتن بە بەرزترین ئاستی چێژی سێکسی. کرداری سێکسکردن هەر لە سەرەتای ورووژاندا (کە چەند خولەکێک تا چەند کاتژمێرێک دەخایەنێت) چێژبەخشە تا دەگاتە دوا قۆناغی پاش گەیشتنیش بە لووتکەی چێژ (ئۆرگازم، کە تەنها ١٥چرکە دەخایەنێت).

ئۆرگازم Orgasm واتە لوتکەی چێژی سێکسی، موماڕەسەیەکی دەروونی و جەستەییە کە لە کاتی سووڕی کاردانەوەی سێکسیدا رووەدات . پێش ئۆرگازم لەشت زیاتر دەوروژێ، هەناسە خێرا دەبێ، لێدانی دڵ زیاد دەبێ، پەستانی خوێن بەرزدەبێتەوە. بیلبیلەی چاوەکان فراوان دەبنەوە، ڕەنگی لێوەکان سوورتر و تاریک دەبن،. لەگەڵ زیاتر ورووژاندا، پێست پڕتر دەبێت لە خوێن، کەمێک سوورەدەبێتەوە و ئارەقەدەکات. لە شووکردووەکانی کە منداڵێک یان پتریان بووە، زێ و ئەندامەکانی ناو حەوز لەکاتی ورووژاندا بە شێوەیەکی بەرچاو گەورەدەبن، هەر وەکوو چوکی پیاو. هەندێکجار بەر گەیشتن بە ئۆرگازم، پشووی ورووژان چەند خولەکێک درێژە دەکێشێت.

ئۆرگازم، ئەو خاڵەیە کە هەموو گرژی کتوپڕ ڕەها دەبێ بە شێوەی زنجیرەیەک گرژبوونەوەی خۆنەویستانە و چێژبەخشی ماسوولکەکان کە لەوانەیە لە زێ یان منداڵدانا هەستیان پێ بکرێت (هەندێک ئافرەت مومارەسەری ئۆرگازم دەکەن بەبێ گرژبوونەوەی ماسوولکە).

کە ورووژان دەگاتە ئەوپەڕی ئۆرگازم رووەدات، لەوانەیە چەند چرکەیەک یان کەمێک پتر بخایەنێ. لەکاتی ئۆرگازمدا لەش گرژ و ماسوولکەکان گرژدەبنەوە . لەوانەیە کە گرژبوونەوەی ناگەهانە (خۆنەویستانە) لە شوێنی جیا جیای لەشدا رووبدەن تا دەگاتە قاچەکان، سک، قۆڵەکان، پشت. ماسولکەکانی زێ بە خێرایی گرژ و خاو دەبنەوە، هەروەها ماسولکەکانی منداڵدانیش. گلاندەکانی زێ)گلاندەکانی بارتۆلین Bartholin's glands (دەردراوێکی ئاوی دەردەدەن، کە زێ تەڕ یان چەور دەکات. ئەو گۆڕانە سەرەکییانەی کە لە کاتی موماڕەسەی سێکسدا لە ئەنجامی پەنگانەوەی خوێندا رووەدەن، واتە کۆبوونەوەی خوێن لە شوێنی جیا جیای لەشدا. هەروەها گرژبوونەوەی ماسوولکەکان زیاد دەکات و گۆڕان بەسەر هەموو لەشدا دێت.

پێژووی ئۆرگازمی ئافرەت

ئێستاشی لەگەڵدا بێ لە هەندێک شوێنی جیهاندا لایەنی سێکسی مێ، بە درێژایی مێژوو بووە بە تابوو. هەروەها ئۆرگازمی مێ وەکوو هەموو شتێکی تر چیرۆکی خۆی هەیە . با بزانین پەرەسەندنی ئۆرگازمی مێ، چۆن بوو:

●لە سەدەی چوارەمی پێش زایینداا، هیپۆکراتی گەورە (باوکی زانستی پزیشکی) باوەڕی وابوو کە کۆرپە لە ئەنجامی چێژ وەرگرتنی ئافرەتەوە پەیدا دەبێ . پاشان بۆ زاوزێ، دەبێ ئافرەت بە بەردەوامی قەناعەتی سێکسی بۆ دابین بکرێت. هەروەها گوتراوە کە سێکسی باش، منداڵ پەیدادەکات.

●لە هەمان سەدەدا، ئەرستۆ، لەگەڵ رای هیپۆکراتدا نەبوو، وتی تەنیا تۆواوی پیاوە کە پیتێنەرە، ئافرەتیش بەشێکە نەک هەموو شتێک، بەمجۆرە لە بایەخی چێژی سێکسی ئافرەت کەم کرایەوە .

● ئەم عەقڵیەتە بەردەوام بوو بە تایبەتی بۆ ئەو ئافرەتانەی لە ناوەراستی تەمەندا بوون. بە درێژایی ئەم سەدانە کەنیسەکان لایەنی سێکسی ئافرەتیان داسەپاندبوو بە فەریبی پاکیی، خۆ بەدوورخستنەوە لە سێکس، جیاکردنەوەی مێیەکان .



●لە سەدەی هەژدەهەمدا، حاڵی مێیەکان باشتر نەبوو، بەڵام باوەڕ وابوو کە ئۆرگازمی مێ زەروورە بۆ زاوزێ، ئینجا هێشتا ئافرەت هاندەدرا بۆ داسەپاندنی ئارەزووە سێکسیەکەی، بە سادەیی ئافرەت دەبوو بە هەموو شێوەیەک و لەژێر هەر بارو دۆخێکدا خۆی تەنیا بۆ دابینکردنی هەموو پێویستیەکانی مێردەکەی تەرخان بکات.

ڕۆژێکی ترسناک لە سەدەی نۆزدەهەمدا، چێژ وەرگرتن بۆ ئافرەت قەدەغە کرا، مێردەکانیش ئاگادار کرابوونەوە کە نابێ هەوەسی سێکسی ژنەکانیان بوروژێنن و چێژی سێکسییان پێ ببەخشن .

پاشان، ڕۆژێکیان لە ساڵەکانی پاش جەنگی جیهانی دووەم (١٩٤٥)، شتێک رووبدا، لایەنی سێکسی مێ لەسەرەخۆ ڕێگای خۆی دۆزیەوە بۆ ناو کۆمەڵ .

شۆرشی سێکسیی ساڵی)١٩٦٠) دەستی پێکرد، ئازادیی سێکسی مێ دانی پێنرا لەگەڵ دۆزینەوەی حەبی مەنع، ڕێگاکانی دیکەی ڕێگرتن لە سکپڕی، هەروەها لەبارچوون و لەباربردن .

ئەمڕۆ، ئافرەتان لە ڕۆژئاوادا فێری ئەوە بووینە کە چۆن خۆشەویستی و سێکس بکەن، شانازی بە لایەنی سێکسییان دەکەن، پیاوانیش خۆیان فێردەکەن کە چۆن چێژی پتر بە هاوبەشە سێکسیەکان و هاوسەرەکانیان ببەخشن.

www.netewe.com

ژنانی سکپڕ لەبەردەم تووشبوون بە نەخۆشییە دەروونییەکاندان

هەولێر

"نەخۆشیە دەروونیەکان، وەک هەر نەخۆشیەکی جەستەیی، ئەگەری ئەوەی هەیە کە هەموو مرۆڤێک گیرۆدەی بێت. بەپای پزیشکەکان، گۆڕانکارییە خێراکان و پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و کەمبونەوەی پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکان، هۆکارێکی تووشبووی ئەو نەخۆشییەن و داواکارییەکانی ژیان و باری ئابووریی، هۆکارێکی دیکەی زیادبوونی ڕێژەی نەخۆشییە دەرونیەکانن".

ئافرەتان زیاتر تووشی نەخۆشیە دەروونیەکان دەبن

نەخۆشییە دەرونییەکان جۆراوجۆرن، نەخۆشی هەیە چارەسەری لە نەخۆشییەکی دیکە ئاسانترە و بەگشتیی نەخۆشییەکانی ڕاپایی و دڵەڕاوکێ و خەمۆکی و شیزۆفرینیا و مێنیا، چەند جۆرێکی سەرەکی نەخۆشیە دەرونیەکانن. (بەنازعەدنان) پسپۆڕی نەخۆشییە دەروونیەکان لەوبارەیەوە دەڵێت:" ئافرەتان، بەهۆی کێشە کۆمەڵایەتییەکان و ماندووبوون و سەرقاڵی بەردەوام و ناکۆکی نێوان هاوسەرەکانیانەوەیە زیاتر تووشی نەخۆشیە دەروونییەکان دەبن".

ئافرەتی سکپڕ و نەخۆشییە دەروونییەکان

لێکۆڵینەوە پزیشکییەکان، دەریانخستووە کە بەهۆی ئەو گۆڕانکارییانەی لە جەستەی ئافرەتی سکپڕدا ڕووەدات و دەستنیشانکردنی ڕەگەزی منداڵ لەکاتی سکپڕیدا، ئافرەت زیاتر تووشی نەخۆشییە دەروونییەکان دەبێت.

> " ژنان پێیان شەرمە سەردانی پزیشکی دەروونی بکەن. چونکە نەخۆشی دەروونی بەشێتی و عەیبە دەزانن"

هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئافرەت لەکاتی سکپڕیدا کێشە دەرونییەکانی دەبنە هۆی زیادبوونی هۆرمۆن، کە پەیوەستە بە حاڵەتی دڵەڕاوکێ و خەمۆکی، ئەمەش بەهۆی دابوونەریتی کۆمەڵگەوەیە کە حەز دەکەن منداڵەکانیان کورپن. وەک لێکۆڵەرەکان باسی لێوەدەکەن، ئەگەر ڕەگەزی منداڵ کچ بوو، دایکەکە تووشی بێزاری و دڵ تۆندی دەبێت. دکتۆر بەناز، کە توێژینەوەیەکی لەبارەی تووشبووانی ژن، بە نەخۆشییە دەروونیەکان ئەنجامداوە، ئەو دەرەنجامەی بەدەستهێناوە کە ڕێژەی تووشبوون بە نەخۆشییە دەروونییەکان، لای ژنانی سکپڕ دوو ئەوەندەی ئافرەتی ئاساییە. لەو توێژینەوەیەدا دەرکەوتووە، ئەگەر ڕێژەی تووشبوون بە نەخۆشییەدەروونییەکان لای ژنانی ئاسایی ١٥٪بێت، لای ژنانی سکپڕ ٣٠٪یە. ئەم پزیشکە ماوەی سکپڕی بۆ سێ قۆناغ دابەشدەکات. سێ مانگی یەکەم و سێ مانگی دووەم و سێ مانگی سێیەم. وەک خۆی باسی لێوە دەکات کە لە قۆناغی یەکەمدا ئافرەت تووشی هێلنجدان و ڕشانەوە و تێکچوونی گەدە دەبێت، بە تایبەت ئەگەر یەکەم سکی بێت.

ئەم دکتۆرە ئەوە دەخاتەڕوو کە حاڵەتی قۆناغی یەکەم لە ناکاوە و بێ خۆئامادەکردنە. دکتۆر بەناز، ئاماژە بەوەدەکات، کە لە قۆناغی دووەمدا سک گەورە بوون و بەرزبوونەوەی پاڵە پەستۆی خوێن، ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشی شەکرەی هەیە". جەختیش لەسەر بەئاگایی ژنە سکپڕەکان دەکاتەوە کە لە قۆناغی یەکەم و سێیەمدا و دەڵێت:" لە قۆناغی سێیەمی سکپڕیدا، زیادبوونی کێش و خۆئامادەکردن بۆ منداڵبوون و ترسی نەشتەرگەری، لای ژنی سکپڕ هەیە، کە ئەمەش لەسەر تەندروستی ژنی سکپڕ کاریگەرە".

کوردستان و نەخۆشییە دەروونییەکان

ئەم پزیشکە، باس لە زۆربوونی حاڵەتی نەخۆشییە دەروونییەکان لەکوردستان دەکات و هۆکارەکەشی بۆ ناهۆشیاری تاکەکانی کۆمەڵ دەگەڕێنێتەوە و دەڵێ:" ژنان پێیان شەرمە سەردانی پزیشکی دەروونی بکەن. چونکە نەخۆشی دەروونی بەشێتی و عەیبە دەزانن". بەناز هەروەها ڕۆڵی ڕاگەیاندنی کوردی لەمەڕ هۆشیارکردنەوەی خەڵکدا بە لاواز وەسف دەکات



پرۆفایل

د .بەناز عەدنان سەعید، پسپۆڕی نەخۆشییە دەروونییەکانە.

هەلگری بڕوانامەی بۆرد لە چارەسەری نەخۆشییە دەرونییەکانە.

لە کۆلیژی پزیشکی زانکۆی پزیشکی هەولێر مامۆستایە و هاوکات لە بەشی دەروونی نەخۆشخانەی کۆماری کاردەکات.

دەستەی دامەزرێنەری بنکەی چارەسەری دەروونی ئافرەتانە.

لە ٢٠٠١ـدا بڕوانامەی بەکالۆریۆسی بە دەستهێناوە و لە٢٠٠٧ـیشدا بڕوانامەی دکتۆرای پێ بەخشراوە.

www.metewe.com

و دەڵێت:" تائێستا راگەیاندن نەیتوانیوە رۆڵی پێویست ببینێت و نەخۆشییە دەروونییەکانیش وەک نەخۆشییەکانی تر بەخەڵک بناسێنێت".
بەقسەی بەناز متمانە بەخۆبوون و بەهێزی کەسایەتی و زاڵبوون بەسەر گیروگرفتدا ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشی دەروونی کەم دەکەنەوە".

نیشانەکانی نەخۆشییە دەروونییەکان

د. بەناز پێیوایە زۆرجار بەهۆی نەزانینی نیشانەکانی نەخۆشییە دەروونیەکان، نەخۆشەکان هەوڵی چارەسەرکردن نادەن و گوتی:" دڵەڕاوکێ، ترس لە داهاتوو، تێکچوونی خەو و خۆراک و بەرزبوونەوەی لێدانی دڵ، ئارەقەکردنی زۆر، ئازاری گەدە، میز رانەگرتن و دەست لەرزین، لە نیشانەکانی نەخۆشییە دەروونییەکانن". نیشانەکانیش لە ئافرەتی دووگیاندا، هەستکردن بەقەڵەوی و کەمخوێنی و شت لەبیرچوونەوە و بیرکردنەوە لەمردن و خۆکوشتنن. پێویستە لە کاتی سەردانی مانگانەی ئافرەتی دووگیان، بۆ لای پزیشک ئەم پرسیارە دەروونیانەی لێ بکرێت و وەڵام بدرێتەوە، بەڵام بەداخەوە لێرە ئەو پرسیارە دەروونییانە لە ئافرەتی سکپڕ ناکرێت.

د.بەناز، رایگەیاند کە نابێت نەخۆشەکان رەشبین بن، چونکە نەخۆشییە دەوورنییەکانیش چارەسەری هەیە و بە سەردانی پزیشک و وەرگرتنی دەرمانی پێویست چارەسەر دەکرێن.

نەخۆشی دەروونی و پرۆسەی لە دایکبوون

ئەم پسپۆڕەی نەخۆشییە دەروونییەکان، جەخت لەوە دەکاتەوە کە نەخۆشی دەروونی لە سەر منداڵبوون و دوای منداڵبوونیش کاریگەرە، چونکە دوای لە دایکبوون ئەم نەخۆشییە هەر بەردەوام دەبێت و سێ گروپی سەرەکی هەیە:

١. (Maternity Blue)، کە حاڵەتێکی سادەیە.

٢. دڵ تۆندی.

٣. تێکچوونی سایکۆسی (Postpartum Psychosis).

ئەو ئافرەتانەی کە پێشتر دووچاری نەخۆشی دەروونی بوونە، لە کاتی دووگیانی ئەگەری تووشبونیان زیاترە، لە دوای منداڵبوونیش ئەم نەخۆشییە بەردەوام دەبێت. وەک دکتۆر بەناز، ئاماژەیدا دایک لە سێ هەفتەی یەکەمدا تووشی خەمۆکییەک دەبێت، کە لەوانەیە مامناوەند یان زۆر تووند بێت. پاش منداڵبوون هەندێکجار ژن تووشی خەمۆکی، دڵ تۆندی، بێزاری، بێتاقەتی و تێکچوونی خەو، بیرکردنەوە لە مردن دەبێت و ئەوەش دەبێ بە زووترین کات چارەسەری بۆ بکرێت.

لە حاڵەتێکی دیکەدا بیرکردنەوەی ژن، لە حاڵەتی ئاساییەوە زیاتر دەبێت و دەبێتە هۆی ئەوەی خۆی بکوژێت. ئەگەر نەخۆشی خەمۆکی و سایکۆسی، ڕێژەی زۆر بەرز بوو، بۆ چارەسەرکردنی کەڵک لە دەرمان یان کارەبا وەردەگیرێت.





شیلان یاسین

www.netewe.com

دۆڵمە بە پەراسووی بەرخ







ئامادەکردنی: محەمەد ئەحمەد

کەرەستەکان

١- ١کیلۆو نیو پەراسووی بەرخۆڵە.
٢- ¼ چارەکێک برنج
٣- ¼ چارەکێک مەعدەنووس
٤- ١ کەوچکی چێشت ڕێحانەی ووشک
٥- ١ کەوچکی چا بیبەری ڕەش
٦- ٨ دانە بادەم
٧- کەمێک خوێ

www.netewar.com

چۆنیەتی ئامادەکردنی

سەرەتا گۆشتی پەراسووەکە بە پارچە هەویرێک پاک دەکرێتەوە، بێ ئەوەی پێستەکەی لێ بکرێتەوە، پاشان رووی دەرەوەی پەراسووەکە بە دەست چاڵ دەکرێت، تا پێستی پەراسووەکە لە گۆشتەکە جیا بکرێتەوە. ئینجا برنجەکە بۆ ماوەی (٥) خولەک لە ئاودا زەرد دەکرێت، پاشان دەپاڵێورێت و دواتر کەرستە پێویستەکان تێکەڵ دەکرێن و برنجەکە دەخرێتە ناو پەراسووەکە، دواتر ئەو شوێنەی چاڵ کراوە بە دەزوو دەدورێتەوە.

چۆنیەتی کوڵاندنی

قاپێک بەسەرەو ژێری (نخوون) لەناو مەنجەڵێک دادەنرێت، ئینجا گۆشتەکەی لەسەر دادەنرێ، نیو لیتر ئاوی تێدەکرێت، پاشان ٣ کەوچک رۆن و کەمێک خوێ و بیبەری سوور بۆ جوانکردنی ڕەنگەکەی بەسەر گۆشتەکەدا دەکرێت. دوای ئەم هەنگاوە بۆ ماوەی ٢،٥ (دووکاتژمێرو نیو) لەسەر ئاگرێکی نزم دادەنرێ، تا بەتەواوی دەکوڵێت و پاشان دەرازێتەوەو بەگەرمی پشکەش دەکرێت .



www.metawe.com

دەشنی شۆ ٧

ناوی بەرنامەی ئێستات و پێناسەیەکی کورتی بەرنامەکەت

" دەشنێ شۆ"، هەموو سێشەممەیەک لە کۆڕەک تیڤی کاتژمێر ٢٢:٠٠ بە کاتی هەولێر. بەرنامەیەکی دانیشتن و قسەکردنە لەگەڵ کوردانی دانیشتووی ئەوروپا. ئامانجی بەرنامەکەم ئەوەیە کە گەنجان بە راستگۆیی بتوانن باسی ژیانی خۆیان بکەن. چونکە ئێمەی کورد کە هاتینە سەر شاشە یەکسەر دەبینە مرۆڤێکی زۆر بەڕێز و رێکوپێک و پرۆفیشنالّ و هیچ کێشەیەکمان نییە. دەڵێین لەخوا بەزیاد بێت هەموو شتێک باشە. دەبێ هەوڵ بدەین باسی گیروگرفتەکانمان بکەین. عەیب نییە!!!!

چۆن بوو کاری بێژەریت هەڵبژارد:

حەزم لێی بوو و تیڤی کوردی ئەوکات هیچ جوولّە و کاری جیاوازی تێدا نەبوو. حەزم کرد گۆڕانکاری بکەم، ئێستاش سەیری پێشکەشکاران بکە یان خود بەرنامەکان ئەوەت بۆ دەردەکەوێت.



پرۆفایل

ناو: دەشنێ مراد
ڕەگەزنامە: لە سلێمانی لەدایکبوومە و دایکم خەڵکی بیارەیە و باوکم کەرکووکییە.
باری خێزانی: مێردم نەکردووە و بنەماڵەیەکی٧ کەسین. دایک و باوکم، من، خوشکم، برای گەورەم، دوو برای بچووک کە یەکێکیان تەمەنی ٩ مانگە .
پلەی خوێندەواری: ئێستا بە بۆنەی کاری گۆرانی و تیڤی لە ئاکادیمی HAVO بڕوانامەی ناوەندیی باڵا تیڤی پرۆدیوسەر دەخوێنم.
شوێنی نیشتەجێ بوون: هۆڵەندا.

خۆشترین ١٠ گۆرانی بە ڕای تۆ:

١. بڵند ئیبراهیم: وەرە پەری
٢. زەکەریا: گەنجی پیر
٣. هەڤاڵ ئیبراهیم: وەرە قوربان
٤. هێمن حوسێن: ئەمشەو تەنیام
٥. باخان: ڤالّانتاین
٦. لەیلا فەریقی: لێو
٧. لۆکە: ژینگە
٨. هانی: لیستی کوردستانی
٩: هۆمەر دزەیی: چەندی گەڕام
١٠. حەسەن غەفور: سەما (ئێوی ئێوی)

نزیکترین یان خۆشەویستترین کەست!

دیانا تاملیانی، کە پێکەوە بەرنامەی "دەشنێ"، دروست دەکەین. ١٠ ساڵە هاوڕێین و قەت لە یەکتر تورە نەبووین. ئێستا زۆر بیری ئەکەم و زۆر زۆرم خۆش دەوێت. خەڵکی جورجیایە و هاوتەمەنمە، کچێکی ئازا و جوانە!!

www.nefewe.com



ئەستێرەکان دەدوێن

کاوڕ



٣/٢١_٣/٣٠

خۆشەویستیت بۆ ئازادی وات لێدەکات هەندێک جار ڕەق بیت بەرامبەر بە خەڵک،لە ڕاستیدا تۆ کەسێکی نەرم و نیانیت تەنها پێویستت بە ئازادی هەیە بۆ ئەوەی بتوانی بژیت، دەورو بەرت لەوە تێناگەن.

گا



٤/٢١____٥/٢٠

تۆ ناتوانی ئازادی تەواو بدەی بە هاوسەرەکەت بۆ ئەوەی هەناسەیەک بدات خاوەنی کەسایەتیەکی خۆشەویست نیت، گەر فێربیت چۆن پاریزگاری لە کەسایەتیت بکەیت، سەرکەوتوو دەبیت.

دوانە



٥/٢١____٦/٢١

عاشقی ژیانێکی سەربەستانەی توانای زیاتر لە پەیوەندیەکت هەیە لەیەک کاتدا، بە دوایی کێشەدا دەگەڕێیت بۆ ئەوەی لە ڕۆتینی ژیانی ڕۆژانە بە دوور بیت.

قرژاڵ



٦/٢٢____٧/٢٢

هاوسەرەکەت زۆر بەکەمی ئاگاداری هەڵسوکەوتی تۆیە، لە هەمانکاتدا داوای متمانەی لێدەکەیت بەبێ ئەوەی دان بە پەیوەندیە نەهێنیەکانت دابنێ

شێر



٧/٢٣__٨/٢٢

حەز بە خۆشەویستی و عەشقێکی نائاسایی دەکەیت، حەز بە ڕۆمانسیەت دەکەیت پەیوەندیەکانیشت بە وشەی ڕۆمانسی کۆتایی پێدێنیت .خۆشەویستی ئاسایی لەگەڵ کەسایەتیت ناگونجێ

گوڵەگەنم



٨/٢٣____٩/٢٢

وا لە بەرامبەرەکەت دەکەیت کە سنووری خۆی نەبەزێنێ بە ساردییەوە هەڵس و کەوت لەگەڵ ئەو کەسانە دەکەیت کە نایان ناسی، پێویستت بەوە نییە باسی ژیانی خۆت بۆ خەڵک بکەیت.

تەرازوو



٩/٢٣____١٠/٢٢

ڕاستەقینەی ژیانی کۆمەڵایەتیت خۆشە هەست بە تەنهایی ناکەیت، سەرکەوتویی لە کارەکانت، بەڵام بڕوات بەخۆت نییە پێویستت بە یارمەتی ئەوانی تر هەیە

دووپشک



١٠/٢٣_____١١/٢١

پێش ئەوەی کەسێکت خۆش بوێ دڵایەتی دەکەیت، لە ڕۆژ شوێندا حیسابی بۆ ناکەیت، ژیان لەگەڵ تۆ نامۆیە بەڵام سەرنج ڕاکێشە

کەوان



١١/٢٢__١٢/٢١

بانگەشەی خۆشەویستی مەکە ئەگەر هەستی پێناکەی، وە باس لە تێگەیشتن مەکە ئەگەر لێی تێناگەی هەستەکانت وەک خۆی دەربڕە، درۆ مەکە خەڵک ناتوانێ نامۆزگاریت پێشکەش بکات.

گیسک



١٢/٢٢____١/١٩

هەڵس و کەوتت لەگەڵ هەندێک کەس ساردە، سنوور دادەنێی نایەڵی کەس بە نەهێنیەکانت بزانێ، تەنها هاوڕێکانت دەزانن کە تۆ کەسێکی خۆشەویستی قوربانی دەدەی لە پێناو ئەوانی تردا پێویستت بە خۆشەویستیە.

سەتڵ



١/٢٠____٢/١٨

زۆر حەز بە قسە دەکەیت هەمیشە هەوڵ دەدەیت هاوڕێت زۆر بێت، ناتوانی بە تەنها بژیت، پێویستت بە خۆ ماندوو کردنە

نەهنگ



٢/١٩___٣/٢٠

ناتوانی مەبەستەکەت بە هێمنی دەربڕی، بۆیە زۆر جار کۆنترۆڵی خۆت لە دەست دەدەیت، دڵایەتیەک دەکەی کە مەبەستت نیە، تۆ کەسێکی زۆر هەستیاری

www.netawe.com



www.netewe.com

Photo

"داواکاری گشتی ئەرکەکانی جێبەجێ ناکات"

توندوتیژی دژ بە ژنان لەکوردستان بەردەوامە و رۆژانە جۆرەها تاوانی پەیوەندیدار بە ژنان، لە ژێر پەردەی ناموسپارێزی و بەبیانووی جۆراوجۆر بەرامبەریان ئەنجام دەدەرێن و زۆرترین رێژەی کێشە کۆمەڵایەتییەکان لە دادگاکانی حکومەتی هەرێمدا کێشەکانی تایبەت بە ژنانن.

رۆژانە ئەنجامدانی تاوانەکانی دژ بە ژنان، لە رووپەڕی رۆژنامە و گۆڤارەکان دەخوێنینەوە، بەڵام دەگوترێت، یاسا وەکو پێویست بە تەنگ کێشەکانی ژنانەوە ناچێت و داواکاری گشتییش ئەرکی خۆی بە باشی جێبەجێ ناکات.

لەو بارەوەیەوە کەمال رەشید، دادوەری پێشووی یاسای باری کەسی لە سلێمانی دەڵێت:" یاسا تەواوی ئەو ئەرکەی بە داواکاری گشتی سپاردووە".

پێویستە لەسەر داواکاری گشتی هەموو کەناڵ و سەرچاوە میللییەکان بەسەر بکاتەوە کە هەر کردە و دۆسیەیەک بە رادەی ئەنجامدانی تاوان بوو، دەستبەجێ بەسەری بکاتەوە و دوای یەکلابوونەوەی، داوای لەسەر تۆماربکات".

ئەم دادوەرە پێیوابوو، بۆ بە سزا گەیاندنی تاوانباران دەبێ داواکاری گشتیی، لە رێگای دادگاوە لێکۆڵینەوەی پێویست ئەنجام بدات.

کەمال لەبارەی کەمتەرخەمی داواکاری گشتییەوە، دەڵێت:" ئەو داوایانەی مافی گشتی کۆمەڵگەیان تێدایە و نابێت بواری فەرامۆشکردنیان پێبدرێت، پێویستە بەدواداچوون و لێپێچینەوەی پێویستی بۆ ئەنجام بدرێت".

کامەران ئەحمەد، لێکۆڵەری دادی لەسلێمانی، ئاماژەی بە ئامادەنەبوونی دادوەری داواکاری گشتی لە لێکۆڵینەوەکان کرد و باسی لەوە کرد:"بە گەیشتنی هەواڵی دۆزینەوەی تەرمێک، دوای پشکنینی پۆلیس دادگای لێ ئاگاردەکرێتەوە و لاشەکە دەبردرێتە پزیشکی دادی. پێش دەستکردن بە لێکۆڵینەوە دادوەری داواکاری گشتی لێ ئاگادار دەکرێتەوە، بەڵام ئەوان زۆرینەی جار بە ئەرکی خۆیان هەڵناستن و لە شوێنی تەرمەکە ئامادەنابن، تا لێکۆڵینەوە بکەن، تەنیا سەیری ئەوراقەکان دەکەن و دەرئەنجامی زۆربەی داواکان لە دژی تاوانباری نادیار، تۆمار دەکرێت".



نووسینگەیەکی داواکاری گشتی

زۆرجار دەبیستین کە ئەنجامدەری تاوانی دژ بەژنان، کەسانێکن لە دەسەڵاتەوە نزیکن، بۆیە یاسا جێی خۆی ناگرێت. لێکۆڵەری دادی (حەیدەر عەباس)، لە ناوچەی گەرمیان پێیوابوو کە بە هۆی دوو ئیدارەیی هەردوو وەزارەتی ناوخۆ و پێشمەرگە، کاتێک کەسانی تاوانبار، ئاساییش یان پێشمەرگە و پۆلیسن، ناتوانرێ رێوشوێنی پێویست لە دژیان بگیرێتەبەر. حەیدەر، هۆکارێکی دیکەی بۆ رۆتینیاتی یاسا و رێنماییەکانی حکوومەتی هەرێم گەڕاندەوە و گوتی:" بەپێی رێنماییەکانی هەرێم، دەبێ بۆ سەرچاوەی دەسەڵاتی تاوانبار بگەڕێینەوە و بە نووسراو داوای رادەستکردنیان لەوەزارەتەکانیان بکەین. ئەو کردارەش زۆر هێدییە و جاری وا هەیە، وەڵامدانەوە لە سێ مانگ زیاتری پێدەچێت، لەو ماوەیەشدا لێکۆڵینەوەی وا هەیە لەناو دەچێت و هۆکاری سەلماندنی تاوانەکەش لاواز دەبێت".

"ئافرەتان قوربانی پاراستنی ناوبانگی خێزانن"

زۆرترین ئەو ئافرەتانەی رووبەڕووی توندوتیژی دەبنەوە کە بەو هۆیەوە دەسووتێن، یان خۆیان دەسووتێنن، لە کاتی لێکۆڵینەوە بەبیانوی پاراستنی ناوبانگی خێزان، یان لە ترسی کەسووکاریان، زانیاری هەڵە بە دادوەری لێکۆڵینەوە دەدەن. ئەمەش دەبێتە هۆی پاراستنی تاوانباران. لێکۆڵەرەوەی دادی (حەیدەر عەباس) لە بارەی حوکمی دادگا بۆ سوتاندنی ژنان و تاوانەکانی دژ بەژنان، گوتی:" دادگا بە قسەی ئافرەتەکە رێوشوێن دەگرێتە بەر و زانیارییەکانی ئەو لەدادگادا دەبێتە بنەمای لیکۆڵینەوە، زۆرجاریش ئەوان زانیاری هەڵە و پێچەوانە دەدەن".

لەبارەی بەرزنەکردنەوەی داوای یاسایی لەسەر ئەوجۆرە تاوانانە، (نیهایەت قادر) لێکۆڵەری دادی لە دادگای چوارتا، گوتی:" بەرزکردنەوەی داوای یاسایی لەسەر ئەوجۆرە تاوانانە، لە لایەن داواکاری گشتییەوە دەگمەنە و پێویستە هەواڵگر، بە فەرمی هەواڵمان پێڕابگەیەنێت و زانیاری تەواومان دەست بکەوێت".

www.netewe.com

بـــازرگـــانـــی کـــۆیـــلـــەی سپـــ



ژۆربەی منداڵ و ژنان لە ئەورووپا و ئەمەریکا، خۆیان رادەستی بازرگانانی ناسراو و بە کۆیلەی سپی دەکەن، تا بەو هۆیەوە بژێوێکی باشتریان دەستکەوێت، لەوەی کە هەیانە.

بازرگانی کۆیلەی سپی

بازرگانیکردن بەجەستەی ئافرەت و منداڵان، لە ئاستی نێودەوڵەتیدا بە بازرگانی کۆیلەی سپی (تجارة الرقیق الابیض) ناسراوە. ئەو جۆرە بازرگانیی کردنە لە جیهاندا بە مەترسیترین جۆری بازرگانی نایاسایی دادەنرێت، کە کاریگەری خراپ لەسەر رەوشی مافی مرۆڤ و جیهان و هەروەها لەسەر رەوشی کۆمەڵایەتی، زۆرێک لە کۆمەڵگەکانی جیهان دادەنێت. ئەمجۆرەیش لەریزی بازرگانی چەک و مادە سڕکەرەکان هەژمار دەکرێت.

رێکخراوە مرۆییە نێودەوڵەتییەکانی سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکان، لە رێگەی رێککەوتن و پەیماننامە و بڕیارە نێودەوڵەتییەکانەوە، لەهەوڵی بنبڕکردنی ئەو جۆرە بازرگانیەن، چونکە بە هۆیەوە سالانە بەهەزاران ئافرەت و منداڵانی جیهان، لە وڵاتانی تازەپێگەیشتوو دەکەونە بۆسەی بەکارهێنانییەوە.

هەرچەندە لە رووی ئاسایشەوە ئەورووپا، هەوڵی رێگرتنیان لەو جۆرە بازرگانییە داوە، بەڵام بایەخدان بۆ ئەو مەبەستە لای ئەورووپییەکان لە ئاستێکی پێویستدا نییە، بۆیە بەردەوام بازرگانی کۆیلەی سپی و مافیاکانی، تاوانی رێکخراو (الجریمه المنقمه) توانای خۆ دەرباز کردنیان هەیە.

ئەوانەی ئەو کارە ساختەیە دەکەن، پاساوی نوێ دەدۆزنەوە، تا خۆیان لە مەترسی پۆلیس رزگار بکەن.

> لێکۆڵینەوەیەک کە لە مەکدۆنیا بڵاوکراوەتەوە، دەریخستووە کە ڕێژەی ٦٨٪ی ژنی مەکدۆنیا، کاتێ لەماڵەوە دەچنە دەرەوە دەمانچە هەڵدەگرن

" ٢٤٦ منداڵ سالانە دەبنە کۆیلەی سپی"

بەپێی ئامارەکان ٤٠٠ — ٥٠٠ هەزار ئافرەت و کچانی تەمەن خوار ١٨ ساڵ، لە بازارەکانی لەشفرۆشی ئەورووپا کاردەکەن. بەپێی ئاماری نەتەوەیەکگرتووەکان، نزیکەی ٢٤٦ ملیۆن منداڵ سالانە مامەڵەی کۆیلەی سپیان لەگەڵ دەکرێت و بازرگانی بە جەستەیانەوە دەکرێت.

لە رووسیا، زیاتر لە یەک ملیۆن منداڵی بێ دایک و باوک هەیە. ئەو ژمارەیە سالانە لە زیاد بوونداید. بۆ نموونە لە روسیادا سالانە زیاتر لە ١٠٠ هەزار منداڵی تەمەن (١٦-١٧) ساڵ دەخرێنە سەر شەقامەکانەوە. لە پراگ، ٢٠ هەزار منداڵ هاوشێوەی ئەوانن، کە زۆرینەیان لە لایەن تۆڕەکانی مافیای تاوانی رێکخراو، کۆدەکرێنەوە و بۆ ئەورووپا دەگوازرێنەوە.

لە ئەمەریکادا بەمەبەستی بازرگانی کردن بە جەستەیانەوە، رۆژنامە و کەناڵەکانی راگەیاندن، کراونەتە هۆکارێکی وروژێنەری میردمنداڵان، ئەوان خۆیان رادەستی ئەو بازرگانانە دەکەن، تا بژێوێکی باشتر لەوەی کە هەیانە دەستیان بکەوێت. بەو هۆیەوە پۆلیسی ئەورووپا (یورو پۆل) لە راپۆرتی ئەمساڵیاندا بازرگانەکانی لەو جۆرە، بە درۆ و هۆکاری خەڵەتاندنی کچان ناودێر دەکەن.

ئەورووپا گەورەترین ناوەندی کۆیلەی سپی

لە راپۆرتێکدا کە ئەنجوومەنی ئەورووپا، ئامادەی کردوە. ئاماژە بە قازانجی ئەو تۆڕانە دەکات و ئەوە دەخاتە ڕوو کە ئەمساڵ بە ڕێژەی ٤٠٠٪ ڕێژەیان زیادی کردووە و سالانە زیاتر لە ١٣ ملیار یۆرۆ قازانج دەکەن.

لە لێکۆڵینەوەیەکدا کە رێکخراوی هاوکاری منداڵانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان (یونسیف) ئەنجامیداوە، دەرکەوتووە بازرگانیی نایاسایی بە منداڵ و ئافرەتان، لە جیهاندا بەردەوام لە زیادبوونداید و زۆرترین ڕێژەیەش لە ئەورووپادایە. بەپێی ئەنجامەکانی ئەو لێکۆڵینەوەیە کە لە شاری (کۆڵن)ـی ئەڵمانیا ئاشکرا کراوە، (سالانە زیاتر لە ١٢٠ هەزار کەس لە ئافرەتان و منداڵان دەفرۆشرێن). لە وڵاتانی یەکێتی ئەورووپادا، ڕێژەی ٨٠٪ تەمەنیان لە ژێر ١٨ ساڵەوەیە و ڕێژەی ٩٠٪ی ئەوانە ناچاری لەشفرۆشی کراون.

ئیسرائیل و ڕێژەی کۆیلەی سپی

دەوڵەتی ئیسرائیل، ناوەندێکی بەهێزە بۆ

www.netewe.com

ـــی ئـــەوروپـــا و جیهانی هەژاند



چەند ئافرەتێکی لە کاتی کارکردنیان لە کارگەیەک

بازرگانی کۆیلەی سپی، ساڵانە هەزاران ئافرەت بە ڕێگەی نایاسایی دزەیان بۆ ئەو وڵاتە پێ دەکرێت.

بەگوتەی (مەیجور یوسی سیدبوونی) فەرماندەی لیوای تەلئەبیب، ژمارەی ئەو ماڵانەی کە ئافرەتانی بیانی تێدا بۆ کاری لەشفرۆشی ناچارکراون، لەساڵی ٢٠٠١ دا زیاتر لە ٢٠٠٠ دوو هەزار ماڵە، بەڵام ئەو ژمارەیە لە ساڵی ٢٠٠٥ دا بۆ ٣٢٠٠ ماڵ زیادی کردووە.

هارا رادو فانوفیتشی، کادری ڕێکخراوی (البیت الامن) لە لێدوانێکیدا بۆ (شەرقولئەوسەت) دەڵێت:" ئەو حاڵەتانەی کە ئافرەتێک لە ماڵ دەچێتە دەرەوە و ناگەڕێتەوە، دەکەوێتە داوی بازرگانانی کۆیلەی سپییەوە.

تاکوئێستا زۆرێک لەوانە پۆلیس توانیویەتی پێش گواستنەوەیان بۆ وڵاتێکی تر بیاندۆزێتەوە

> بەپێی ئاماری نەتەوەیەکگرتووەکان، نزیکەی ٢٤٦ ملیۆن منداڵ سالانە مامەڵەی کۆیلەی سپیان لەگەڵ دەکرێت و بازرگانی بە جەستەیانەوە دەکرێت

و ڕادەستی کەسووکاریان بکاتەوە.

بۆسنە و دنیایەکی مەترسیدار

بۆ نموونە تەنیا لە بۆسنە، لە کۆی ١٢ هەزار حاڵەت تەنیا ١٢٠٠ کەسیان، لە ئوتێل و شەمەندەفەر و فڕۆکەخانە و خاڵە سنووریەکاندا، دەست بەسەر کردووە).

سالح ئەرنا، ئەندامی تیمی قەڵاچۆکردنی تاوانی ڕێکخراوەیی سەر بە وەزارەتی ئاسایشی بۆسنە، لە ڕاپۆرتێکدا بۆ وەزارەتەکەی دەڵێت:" بۆسنە، بووەتە ئامانجێکی سەرەکی مافیای نێودەوڵەتی و یاساکانیش نەیانتوانیووە بەتەواوی لە دەستیاندا بمانپارێزن". وەک لەو ڕاپۆرتەدا هاتووە، بازرگانێکی کۆیلەی سپی درایە دادگا و تاوانبار کرا، تەنیا بۆ ماوەی ٢٤ مانگ حوکمی زیندانی کردنی بەسەردا سەپێنرا، کە لەچاو تاوانەکەیدا زۆر کەمە و دوای تەواو بوونی ماوەی زیندانیەتی، بەر دەبێت و بە خێرایی دەگەڕێتەوە سەر کارە نایاساییەکەی.

ژنان دەمانچە هەڵدەگرن

لێکۆڵینەوەیەک کە لە مەکدۆنیا بڵاوکراوەتەوە، دەریخستووە کە ڕێژەی ٦٨٪ـی ژنانی مەکدۆنیا، کاتێ لەماڵەوە دەچنە دەرەوە دەمانچە هەڵدەگرن. ئەو کچانە بە مەبەستی بەرگری لەخۆکردن لە ئەگەری هەر پەلامارێکی گرووپەکانی مافیا، نەوەک بیانڕفێنن، دەمانچە هەڵدەگرن. بەو هۆیەشەوە ڕێژەی تاوان لە دادگاکاندا لە بەرز بوونەوەدایە و زۆر لە ئافرەتان بە بەکارهێنانی چەک ئەنجامی دەدەن.



www.netewe.com

Photo



کچە دەرهێنەری کورد سولین یوسف سەبری

سۆلین، تەمەنی٢٢ ساڵە و خەڵکی دهۆکە.
ساڵی ١٩٩٦،لەگەڵ بنەماڵەکەی چووەتە دەرەوەی کوردستان و لە ئەڵمانیا ژیان بەسەر دەبات.
سەرەتا بە وێنە کێشان، دەستی پێ کردووە. دواتر مۆسیقای خوێندووە.
ئێستا لە گەورەترین ئەکادیمی سینەمایی ئەڵمانیا بە ناوی" ئەکادیمی فیلمی بادن ڤۆرتنبرگ"دا بەشی دەرهێنەری دەخوێنێت.

پێگەی ژن لە سینەمای کوردیدا زۆر لاوازە!



سۆلین، لە دیمانەیەکی تایبەت لەگەڵ وارڤیندا دەربارەی رۆڵی ژن لەسینەمای کوریدا گوتی" ژنی کورد، پێگەیەکی بەهێزی لە سینەمای کوردیدا نییە، من گەلەک جار دەڕوانم و بە خۆم دەڵێم ئەرێ کۆمەڵگەی کوردی ژنێکی بە تواناو بوێری تێدا نییە؟. بۆچی لە فیلمەکاندا ژنان، تەنیا کچ، ژن، دایک یان خوشکن؟."

سۆلین یوسف، کچە هونەرمەندێکی کوردە. هونەر بەجیهانێکی گەورە وەسف دەکات. داوا لەژنانی کورد دەکات لە بواری هونەریدا کاربکەن.
سۆلین، هونەر بە ژیان دەزانێت وپێیوایە بەبێ هونەر ناتوانێ بژێت. هەربۆیەش کاری نواندنی هەڵبژاردووە، چونکە هەموو هونەرەکان لەخۆیدا کۆ دەکاتەوە. بەرلەوەی دەست بەکاری سینەمایی بکات ٢ ساڵ لە ئاکادیمی تیئاتۆر دا ئەکتەری خوێندووە، پاشان لە کۆمپانیای " میتسۆفیلم"دا ساڵ و نیوێک بەڕێوەبەری کاری پرۆدەکشن و بلاوکردنەوەی فیلم بووە.

سۆلین دەڵێت:" لەو کاتەوە ئامادەکاریم بۆ یەکەمین کورتە فیلمی خۆم کرد و لەو ڕێگایەشەوە لە ئەکادیمیا، وەرگیرام. ئێستا ساڵێک خوێندنم تێپەڕاندووە و لە مانگی ڕابردوودا سێ کورتە فیلمم بەرهەم هێناوە". هەرچەندە سۆلین، کارەکەی بە سەخت دەناسێنێ، بەڵام پێیوایە تەنیا هونەر دڵی خۆش دەکات. بۆیە لەکارکردن بەردەوامە.

هونەر وەک کلیلێکە دەرگا داخراوەکانی ژیانت بۆ دەکاتەوە

بەڕای ئەو کچە هونەرمەندە، ژن و هونەر زۆر لە یەک نزیکن بەتایبەتیش ژنی کورد زۆر لە هونەر نزیکترە. بەقسەی سولین:" ژنی کورد لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە دەچەوسێنرێنەوە و هەمیشە خەمگینن". بۆیە پێیوایە ئەگەر ژنی کورد لە بواری نواندنا کاربکەن، کاری گەورە پێشکەش دەکەن.قسەیەکی ئەڵمانی هەیە دەڵێت:" هونەر بەرهەمی دەرد و کوڵی مرۆڤەکانە". سۆلین، هونەر بە کلیل دەچوێنێت "هونەر وەک کلیلێکە و دەرگا داخراوەکانی ژیان دەکاتەوە".

ئەو ژنە، دەربارەی رۆڵی ژن لەسینەمادا گوتی" ژنی کورد، پێگەیەکی بەهێزی لە سینەمای کوردیدا نییە، من گەلەک جار دەڕوانم و بە خۆم دەڵێم ئەرێ کۆمەڵگەی کوردی ژنێکی بە توانای تێدا نییە. بۆچی لە فیلمەکاندا ژنان، تەنیا کچ، ژن، دایک یان خوشکن؟". ئەو ژنە هونەرمەندە رۆڵی ژنی کورد لە کاری سیاسی و پێشمەرگایەتی و بەڕێوەبردنی خێزانەکاندا بەرز دەنرخێنێت، بەڵام دەپرسێت "ئەرێ باشە ئەو ژنانە لە کوێن؟ بۆچی لە فیلمەکاندا دەرناکەون؟" سۆلین دەڵێت "لە هەموو چیرۆکە کوردیەکاندا هەموو ژنەکان قوربەسەرن"، بەڵام پێیوایە خاکی کوردستان بە ژنانی کوردەوە پشت ئەستوورە. بەهیوایە نەوەی نوێ رۆڵی ژنی کورد بگۆڕدرێت.

سۆلین، ژنە دەرهێنەرە کوردەکان بە" لاواز" وەسف دەکات، خوێندنی ژنان لە ئەکادیمیە سینەماییەکاندا بە پێویست دەزانێت، بەڵام پێیوایە سیستەمی وڵات پشتگیری لەم کارە ناکات.گوتیشی:" فیلم پێویستی بە رۆڵگێڕی زۆرە و هەروەها پارەیەکی زۆری دەوێت، لەبەر ئەوەش دەبێت بەڕێوەبەرانی سینەمای کوردی هەوڵبدەن زیاتر مرۆڤی گەنج وەربگرن، تا بۆ دواڕۆژ ببێتە سەرمایە". ئەو پێیوابوو زۆر بواری هونەری هەیە کە تا ئێستا کاری تێدا نەکراوە.

> ژنانی کوردیش لەبەر دەوروبەری خۆیان زۆرخەمگینن، ژیانی کۆمەڵایەتیمان ئازاد نییە و لەگەڵ دەروونی خۆماندا ئاشت نین

www.netawe.com

جلوبەرگی بووکێنی لە کولتووری جیاوازەکاندا
بۆچی جلی بووکێنی بە لامانەوە گرنگە؟

هەوێر:

جلی بووکێنی، جلێکی جوان و تایبەتە. رۆژی بووکێنی یەکێکە لە گرنگترین رووداوەکانی ژیانی هەر تاکێک. ئەم رۆژە بۆ کوڕ و کچ زۆر گرنگە. لە میژوودا کچان بەردەوام هەوڵیانداوە جوانترین و تایبەترین جل، بۆ رۆژی بووکێنیان هەڵبژێرن، تا رۆژی بووکێنی زۆر جوان ببینرێن و ئەگەر جوانیش نەبێت، شکۆمەند دەرکەوێت. بنەماڵە پاشاییەکان، باشترین جۆری پارچەیان بۆ دووریینی جلی بووک هەڵدەبژارد، وەک: مەخملەڵ، ئاوریشم، حەریری گوڵدار و ئەو قوماشانەی کە بە دەزووی زێڕ جوانکاریان لەسەر کرابوو. لەو سەردەمەش قوماشیان بە دەست دروست دەکرد.

لە سەردەمی کۆندا رەنگی جلی بووک سپی نەبووە. چوونکە رەنگی سپی تایبەت بە رێوڕەسمی پرسەی بنەماڵە پاشاییەکان بوو. جلی سپی بووک بۆ سەردەمی شارێنە ڤیکتۆریا دەگەڕێتەوە. ئەو یەکەم کەس بوو لە رۆژی زەماوەندەکەیدا جلی سپی لەبەر کرد. لەو سەردەمەدا رەنگی شین هێمای پاکی بوو. بۆیە زۆربەی ژنانی ئەو سەردەمە رەنگی شینیان بۆ جلی بووکێنیان هەڵدەبژارد. لەگەڵ ئەوەدا کارەکەی ڤیکتۆریا، بە لای زۆربەی خەڵکی ئەو سەردەمەوە باش نەبوو، بەڵام لەو کاتەوە جلی سپی بۆ بووک بوو بە باو و تا ئێستاش بەردەوامە.



Photo

بیروڕای تازە لە بارەی جلی بووکەوە

شیعرێکی کۆن هەیە باس لە کاریگەری رەنگی جل لە داهاتووی مرۆڤ دەکات و دەڵێت: "جلی سپی مانای ئەوەیە کە کەسێکی باشت هەڵبژاردووە. رەنگی خۆڵەمێشی واتە رۆیشتن بۆ شوێنێکی دوور. رەنگی رەش، واتە هیواخوازن زوو بگەڕێنەوە. رەنگی سوور، ئاواتەخوازن زوو بمرن. شین، واتە ئێوە بەردەوام لە ژیاندا راستگۆ دەبن. زەرد، واتە شەرم لە پیاوەکەت دەکەیت. قاوەیی واتە لە دەرەوەی ژیان دەژیت و پەمەییش واتە رۆحی تۆ نغرۆ دەبێت".

لە ئایینی ئیسلامدا رەنگی سوور رەنگی خوێن ء شەهید بوونە ء بە رەنگێکی باش دەزانرێت. لە وڵاتی چین، هێمای شانسی باشە. رەنگی سوور لە هیندستان، هێمای بەرهەم ء سامان ء پاکییە. بۆیە جلی بووکیان سوورە. لە ئێرلەندا رەنگی شین هێمای شانسیی باشە ء لە جلی بووکێنیاندا باوە.

لە ژیانی ئەمڕۆدا جگە لە رەنگی سوور، هەموو رەنگەکانی تر لە ناوچەکاندا بە جلی نەریتی ناسراون. لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا رەنگی سپی، بۆ جلی بووک گشتگیر بووە. پێشتر لە کوردستاندا ئەگەر ژنێک بیویستایە بۆ جاری دووەم مێرد بکات، تارای سپییان بە سەردا دەدا. لە رێوڕەسمی ژن بەژندا، تارای سوور بەسەر بووکدا دەدرا. تارای سووری بووکێنی،

www.netevin.com


Photo



لە ئایینی ئیسلامدا ڕەنگی سوور ڕەنگی خوێنو شەهید بوونەو ڕەنگێکی باشە. لە وڵاتی چین هێمای خۆش شانسی و ڕەنگی سووری جلی بووکی هێندووستانیش هێمای بەرهەمو سامانو پاکییە. لە ئیرلەندیش ڕەنگی شین هێمای خۆش شانسییەو ئەم ڕەنگە لە جلی بووکێنیدا باوە

بۆ کچ هێمای کچێنی بوو، بەوەش لە بێوەژن جیا دەکرایەوە، وەک هێمای ڕووسووری بنەماڵە بوو. بەڵام لە ئەمڕۆدا ئەم سنوورانە نەماون. هەموو بووکێک جلی سپی لەبەر دەکات. لە ناوچە کوردنشینەکاندا دەتوانین ئەم جیاوازیە لە ڕۆژی زەماوەند دا ببینین. لە لایەن ماڵە باوانی بووکەوە گرنگیەکی ئەوتۆ بە ڕێوڕەسمەکە نادرێت.

جلی ناوچەیی لەبەر بووک دەکرێت. هەندێ کەس پێیانوایە دەبێت بە پێی ڕێنماییەکانی ئایین جل لەبەر بووک بکرێت، بەڵام ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ٥٠ ساڵ لەمەو بەر دەبینین کە ڕۆژی زەماوەند بووک کڵاوێکی لەسەر دەکرد کە بە فلس داپۆشرابوو. لە هەندێ شوێن ئەم کڵاوە بە زێڕ داپۆشراوە و تۆزێکیش قورس بووە. ئەم کڵاوەش بە شێک بووە لە جلی بووکێنی.

ئا: نارین

www.netewe.com



تیک تاک، تیک تاک، تیک تاک...
هەستە! ئێستا کاتیەتی

ئەمە ناوی کۆنسێرتی نوێی مادۆنایە، خانمە گۆرانیبێژی پۆپی ئەمریکی.

مادۆنا لە کلیپی ئەم گۆرانیەیدا دوا لە هەمووان دەکات کە هەستن ئێستا کاتیەتی، جیهان هی ئێمەیەو دەبێت هەوڵی بۆ بدەین. ناوبراو لەم کلیپەدا کۆمەڵێک دیمەنی لە هەموو دیکاتۆرەکانی جیهان وەرگرتووە،هەروەها رووداوەکانی ئەم دواییانەی کە لە جیهاندا دژ بە دیموکراسیخوازەکان ئەنجامدراوە، لە تەنیشت یەک داناوە؛ وەک رووداوەکانی پاش هەڵبژاردنەکانی ئێران و کۆژرانی "نەدا" ئەو کچە ئێرانیەیەی کە لە رێپێوانەکاندا کوژراو هەروەها رووداوەکانی چین دیمەنی ئەو کوپە خوێندکارەی کە لە بەرانبەر تانکێک وەستایەوە.

لەم ماوەی ئەم دوو مانگەدا زۆربەی هونەرمەندان و گۆرانیبێژە بیانیەکان زۆرترین گۆرانیان سەبارەت بە رووداوەکانی ئەم دواییەی ناوخۆی ئێران بەرهەم هێناوە.

www.netevine.com

یەکەم بەهار

ماڕێکی چەشنی کەمەربەند هەڵگردبوو
لەسەر کلاوێش سێوەکانی بەهەشتی دانابوو
تاسەی کێوێی من، بەردەوام بوو
لە ئاوێتە بوون بە خوێنی ئەو ژنە

ترسی هەمیشەیی خۆر و
ڕەشبینییەک هەستبزوێن و
سپی هەڵگەڕانی گۆناکانم
زۆر باش بەو ژنە دەکەوتن

ئەوە گەمەی چارەنووس بوو
یەکێک بوو لە تەلیسمگەلی ئەو ژنە
لە ناو ئەفسانەی بازنەکانمان دا
بە لەرزەوە نیگامان تێکەڵاو دەکرد

"هەوا"ی خوێنی خۆمم لە بیر کرد
لە هەموو لاوە بەربەستەکانی هەستم لە بیرم کرد،
وەکو ئەوەی من لێوی مندالانەم هەبێت،
هەڵدەقرچا سورایی لێوی ئەو ژنە

سورایی خۆرنشین دەگەشایەوە
بەسەر کەنارەکانی ئاسماندا دەنوشتایەوە
لە داری ژیانەوە
خونچە بە گاڵتەجارییەوە بزەی دەکەوتە سەر لێو

ئێلزە لاسکە شویلەر لە تافی لاوی دا



خانمی شاعیر ئێلزە لاسکە شویلەر، لە ١١. ٢. ١٨٦٩ لە شاری ڤوپەرتال (ئەڵمانیا) لە دایک بووە. یەکێک لە شاعیرە ناسراوەکانی ئەدەبیاتی ئەڵمانییە. ئێلزە لاسکە شویلەر، جولەکەی ئەڵمانیا بوو. ئەم شاعیرە پاش خۆی بەرهەمی زۆری بە جێهێشتووە، کە بریتین لە شیعر، دراما، پەخشان و چیرۆک. هەروەها نامەگەل، بەڵگە و کۆمەڵێ هێڵکاری زۆری لە پاش بەجێ ماوە.

یەکەم بەرهەمی ئێلزە لاسکە شویلەر، کۆمەڵێک پەخشانە کە لە کتێبێک دا، ساڵی ١٩٠٦ بڵاوکراوەتەوە. ساڵی ١٩٠٧ سەرجەمی پەخشانەکانی کە تا ئەو کاتە نووسیبوونی بڵاودەکرێتەوە، بە ناوی " شەوانی تینۆ لە بەغدا". پاشان شانۆنامەیەک بڵاودەکاتەوە. ساڵی ١٩١١ لەگەڵ بڵاوکردنەوەی کۆمەڵە شیعری "پەرجوی من" ئێلزە لاسکە شویلەر بوو بە سەرکێشی ئەدەبی "تەعبیری"ی ئەڵمانیا.

ساڵی ١٩٣٣ بۆ ئەوەی نەکەوێتە دەستی نازییەکان بەرەو زوریخ "سویسرا" ڕادەکات، بەڵام لەوێ کاری لێ قەدەغە دەکرێت. لە لایەن نازییەکانەوە ساڵی ١٩٣٨ مافی هاوڵاتی بوونی ئەڵمانی لێ دەسێندرێتەوە. ساڵی ١٩٣٩ لە سویسراوە بەرەو فەلەستین دەچێت. پاش ئەوەی ناتوانێ بگەڕێتەوە سویسرا، ساڵی ١٩٤٤ بە سەختی تووشی نەخۆشی دەبێت و لە ٢٢, ١, ١٩٤٥ لە شاری ئۆرشەلیم (ئیسرائیل) دەمرێت. ئەدەبیاتی ئێلزە لاسکە شویلەر شوێنی تایبەتی خۆی هەس لە ناو سەرجەم ئەدەبیاتی ئەڵمانی دا.

وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە: سیروان ڕەحیم

www.retewe.com



لۆست

لۆست، ئەو درامایەی جیهان لەگەڵی ژیا

کاتێک رووداوەکەینە جیهانی نەست، رەنگە هەندێ جار ژیان لەوێبێت. درامای (لۆست)یش یەکێکە لەو زنجیرە درامایانەی کە لە نەستەوە پێمان دەڵێت: جیهانی ئەفسانەی تاکەکەسی هەرتاکێک لە کوێوە هاتووە و بەرەو کوێ دەچێت.

لۆست، جگەلەوەی پێمان دەڵێت مرۆڤ ناتوانێت لە یادگاریەکانی رابکات، بەهەمان شێوەش ئەوەمان پیشاندەدات کە داهاتووی هەر مرۆڤێک و کەسێک لەو جیهانە رۆحیەوە یەکانگیرە کە لێوەی خولقاوە، تەنانەت هەندێ جار تۆیش وا دەڵێیت کە من یەکێکم بینیوە، بەڵام نازانم لەکوێ.

زنجیرەی تەلەفزیۆنی لۆست یان ونبوو، چیرۆکی پاشماوەکانی فڕینی فڕۆکەی ئوشنیکی (٨١٥)ـە، کە ئەو فڕۆکەیە لە سیدنی پایتەختی ئۆستراڵیاوە بۆ لۆس ئەنجلۆسی ئەمەریکی بەئاسمانەوە بوو، بەڵام لەکاتی فڕین لەسەر ئوقیانووسی ئارامدا تووشی گرفتی تەکنیکی دەبێت و لە دوورگەیەکی نەناسراودا دەکەوێتە خوارەوە.

ئەو سەرنشینانەی کە بە زیندوویی دەمێننەوە چاوەڕوانی یارمەتین، بەڵام پاش تێپەڕبوونی چەند رۆژ و نەگەیشتنی یارمەتی، ناچار دەبن لەم دوورگە دوورەدا، درێژە بە ژیانیان بدەن.

بە ڕواڵەت دوورگەکە چۆڵەوانی نییە و خەڵکانێکی دیکەشی تێدایە. شەوانە دەنگی مەترسیدار دەبیسترێت و رۆژانە رووداوی سەیر و سەمەرە رووددەدەن.

ئەو زنجیرە درامایە، تائێستا نزیکەی ٤٠ ملیۆن کەس بینەری بووە و تا دێت بینەری پتر دەبێت.ئەم زنجیرەیە کۆمەڵێک خەڵاتی جیهانی بەدەست هێناوە: خەڵاتی باشترین ئەکتەری پیاوی 2006 (ALMA).

خەڵاتی باشترین زنجیرەی تەلەفزیۆنی 2005 (ASCAP).

خەڵاتی باشترین زنجیرەی تەلەفزیۆنی 2006 (ASCAP).

پاڵێوراوی خەڵاتی باشترین زنجیرەی تەلەفزیۆنی بۆ رۆڵی ئەکتەری تەواوکەری ژن و پیاو.

خەڵاتی باشترین ئەکتەری پیاو لە ساڵی 2007.

"ماتئو فاکتۆس" بەدەستهێنانی خەڵاتی باشترین ئەکتەری پیاو لە ساڵانی 2005-2006 لە ئاکادیمیای ASF ئەمەریکا.

پاڵێوراوی باشترین ئەکتەری پیاو لە ساڵی 2007 لە ئاکادیمیای ASF ئەمەریکا.

بەدەستهێنانی خەڵاتی تایبەتی زنجیرەی تەلەفزیۆنی لە "ئەمەریکەن سینەما ئیدیتور" لە ACE 2006.



Lost

ژمارەی بینەرانی لە ٥٥ ملیۆن تێپەڕیوە





له شەڕی پیاواندا هەمیشە ژنان بوونەتە قوربانی



تامان شاکر

من دەمەوێ لەو سیاسەمەدارانە بپرسم ئێوە سیاسەت دەکەن، یان شەڕی ژنی ئەم کوردستانە دەکەن؟

خەڵکی ئێمە بە هەڵە لە مەسەلەی نیشتمان پەروەری گەیشتووە. نیشتمان پەروەر، دەبێت پێش هەموو کەس، ئەندامانی خێزانەکەی و خۆی خۆش بوێت، تا بتوانێ کەسانی تری خۆش بوێت

لەگەڵ ئەوەی هەڵبژاردنی ئەمجارەی کوردستان، لەگەڵ جارەکانی پێشوودا جیاواز بوو، بەڵام ژنان لە پڕوپاگەندەی هەڵبژاردندا هیچ ڕۆڵێکیان نەبوو. تەنیا پیاوانی حیزب و دەسەڵات و قەوارە سیاسیەکان بوون، بانگەشەی هەڵبژاردنیان دەکرد و بەڵێنیان بە ژن و پیاو و گەنج و منداڵانی ئەم وڵاتە دەدا کە سیستەمی ئەو وڵاتە بگۆڕن.

ئەو پیاوانەی ١٨ ساڵە، وەک تەماشاکەرێک سەیری پانۆرامای جەستەی سووتاو کوشتنی ژنانیان کردووە و بەبێ شەرەف، ناویان دەهێنان و کێشەی کوشتنی ژنیان بە کێشەی خۆیان نەدەزانی و پێیان وابوو ئەمە کێشەیەکی خێزانییەو پەیوەندی بە ئەوانەوە نییە، ئەمڕۆ بۆ سواڵکردنی دەنگی ژن، بونەتە خەمخۆری عەیار ٢٤ و باس لە خۆشەویستی و گەورەیی ژن دەکەن.

کاتێک پیاو، دەیەوێ شەڕی نەیارەکانی بکات، بەدوای قسەی پووچ و وێنەی پووچ دادەگەڕێت و ڕەخنە لە نەیارەکانی دەگرێت، لەم نێوەندەشدا ژنان، دەکەنە ئامرازی بەردەستیان و شەڕی یەکتری پێدەکەن، ئایا بەراستی ئەمە شەڕی هەڵبژاردنو سیاسەتە؟ یان شەڕێکی دۆڕاوە و پێش هەموو کەسێک پووچەکان، پوچتر دەکات.

لەو سیاسەتمەدارانە دەپرسم کە ئێوە سیاسەت دەکەن، یان شەڕی ژن ؟ ئەگەر شەڕی سیاسەت دەکەن، ئەوەندە ئازایەتیتان تێدابێت، ڕوو بەڕووی یەکتر قسەبکەن و ژنان، بۆ ئەو مەبەستە بەکار مەهێنن. هەڵەکانی خۆتان لە پەنای سوککردنی ژنانی وڵاتەکەتان مەشارنەوە، چونکە ئەو پەردە زۆر تەنکە و هەموو شتەکانی تێدا دەبینرێت.

ئێمەی ژنانی کوردستان، ڕێز لە خۆمان دەگرین، لە وەڵامی پڕوپاگەندەی بە ناو سیاسەتمەدارو ڕۆشنبیرەکاندا هەمیشە بێدەنگیمان هەڵبژاردووە، چونکە خوێندنەوەی ژنانی کوردستان بۆ ئەو کەسە پوچانە، تەنیا ئەوەیە، کەسی بچوک و خۆفرۆش خائینن، نابن بە نیشتمان پەروەر. خەڵکی ئێمە بە هەڵە لە مەسەلەی نیشتمان پەروەری گەیشتووە. نیشتمان پەروەر، دەبێت پێش هەموو کەس، ئەندامانی خێزانەکەی و خۆی خۆش بوێت، تا بتوانێ کەسانی تری خۆش بوێت.

سیاسەتی کوردی، بە دەگمەن ڕێگەی بە ژن داوە بەشداری ژیانی سیاسی بێت، ئەگەر ژنێکیش لە سیاسەت و کەش و هەوای سیاسی نزیک بووبێتەوە، سەدان کاری ناڕەوا و دەستدرێژی سێکسی و دەروونی لەگەڵدا کراوە و لە کۆتاییدا کردوویانە بە مرۆڤێکی خراپ و نامۆ، لە کۆمەڵگەدا.کەم نین، ئەو بەرپرس و سیاسەتمەدار و کاسەلێسانەی سوکایەتی بە ژن دەکەن و لە بەردەم خەڵکدا خۆیان وا پیشان دەدەن کە فریشتەن، بەڵام لە ناخدا پووچن. بۆیە من دڵنیام ئەوانەی ئەم کارانە دەکەن، لە کەسێکی خائین و بێویژدان، هیچی تر نین و ڕووڕەشی میژووی خۆیان و وڵاتەکەیان دەبن.

www.netewe.com

هەرزان بۆتۆ

بۆ فرۆشتنی پۆشاك و جوانكاری ئافرەتان

ناونیشان:
هەولێر ١٠٠ مەتری نزیک بەنزینخانەی ئاکار

ژمارەری مۆبایل: ٤٤٤٤٤٦٧



ئیستا نامەکەت دەدوێت



نرخی دەنگە نامە تەنها 4 سەنتە

بەردەوام بە لە پەیوەندی کردن لەگەڵ هەمووانداً لە رێی خزمەتگوزاری دەنگە نامەوە. پەیامەکەت بە دەنگی خۆت بۆ دۆستان و هاوڕێیانت تۆمارببکە و خێرایی وگەیشتنی نامەکەت مسۆگەر بکە

نرخی دەنگە نامە 4 سەنتە و نرخترین ماوە 30 خرکەیە

بۆ ناردنی دەنگە نامە:

ok ژمارەی مۆبایل 0770 # 700* و رێنماییەکان بەپرەوکە داخل بکە

ئەم خزمەتگوزارییە لە تۆرەکەدا هەیە و تەنها بۆ بەشداربووانی ئاسیاسێلە

ئاسیاسێل

www.asiacell.com خزمەتگوزاریی بەشداربووان ۱۱۱

www.netewe.com